(بەسەرهات)

# مچەی کەچەی



نووسینی:

قادر وریا

# بەسەرهات

# مچەی کەچەی

نووسینی: قادر وریا

**ناسنامەی کتێب:**
ناوی کتێب: مچەی کەچەی
نووسەر: قادر وریا
نۆرەی چاپ: یەکەم
دیزاینی ناوەوە: جەعفەر شەریعەتی
دیزاینی بەرگ: مراد بەهرامیان
چاپ: ڕۆشنگەری
ئاگۆستی ٢٠٢٠

## پێرست:


- چیرۆکێکی تۆزلێنیشتوو! ........ ٤
- "مچەی کەچەی" (بە سەرهات) ........ ٥
- فەرهەنگۆکی "مچەی کەچەی" ........ ٥٩
- بەسەرهاتێکی تاڵ بە قەڵەمێکی شیرین، سلەیمان دڵسۆز ........ ٦٩
- وردە سەرنجێک لەسەر چیرۆکی "مچەی وسێنە کەچەی"، سەنگەر شنۆیی ........ ٧٣
- چەند وتەیەکی من لەسەر چیرۆکی "مچەی کەچەی"، سوهەیلا قەوی پەنجە (بێوار) ........ ٨٤
- خوێندنەوەی ناتەواوی چیرۆکێکی تەواوی ناتەواو، مستەفا شێخە ........ ٨٨
- کوێخای قەرە، سەلیم حەقیقی ........ ٩٣
- من دەڵێم ژانێکە لە دڵدا دەچەقێ، سالار عەبدولڕەحمان ........ ٩٥
- هەڵبژاردەی کۆمێنتەکان لە سەر بەسەرهاتی "مچەی کەچەی" ........ ١٠٤

## چیرۆکێکی تۆزلێنیشتوو

قادر وریا ٢٠٢٠/٣/٢٢

کۆتاییەکانی ڕەشەمەی ١٣٦٤ (نێوەڕاستەکانی مارسی ١٩٨٦) بەسەرهاتێکم نووسییەوە. ئەو کات بۆم گرنگ نەبوو ئەوەی دەینووسم کورتە چیرۆکە، یا نۆڤلێتە یا بیرەوەری. ئەوەی بە لامەوە گرنگ بوو، نووسینەوەی بەسەرهاتی هاوڕێیەکی منداڵی و مێرمنداڵیم بوو. لە ماوەی ٣ شەو و ڕۆژدا نووسیم و بەسەرهاتنامەکەم بە ناوی خاوەنەکەی "مچەی وسێنە کەچەی" (مچەی کەچەی) کرد.

ڕەشەمەی ئەم ساڵ ٣٤ ساڵ بە سەر نووسینی ئەم بەسەرهاتەدا تێپەڕی. لەو ٣٤ ساڵەدا، تەنیا ژمارەیەکی کەم لە دۆستانی نزیکم ئەو نووسینەمیان خوێندووەتەوە. هەمووشیان پێیان گوتووم حەیفە بڵاوی ناکەیەوە. لە ڕاستیدا من هەم زوڵمم لە نووسینەکە و قارەمانی بەسەرهاتەکە کردوە، هەم لە خۆم کە هەتا ئێستا لە خوێنەرانم شاردووەتەوە. ئەمڕۆ (دەسپێکی بەهاری ١٣٩٩) بڕیارم دا لەمەودوا هەر شەوەی، ئەڵقەیەکی لە فەیسبووک بڵاو بکەمەوە. ئەوە دنیایە، کێ دەڵێ خۆم یان ئەو دەفتەرەی بەسەرهاتەکەم تێدا نووسیوەتەوە، لە ڕووداوێکدا تێدا ناچین و ئەم نووسینە و ئەم بەسەرهاتە، وەک زۆر نووسینی بێبەخت، بە چاپنەکراوی و نەبیستراوی و نەخوێندراوەیی، نافەوتێ؟

# مچەی
# کەچەی

## ئەڵقەی١ : چەشمەگۆل و خەڵکەکەی

«چەشـــمەگۆل» کەوتووەتە خوارەوەی ڕێگای شـــنۆ - نەغەدە. زنجیرە کێوێک کە لە «کانی مێو» و «دەرە سـوّر»ی پشـتی «گوندەوێڵە» دەسـت پێدەکا و دەگاتە «هەڵبێ»ی سـندووس، بەرامبەر بە دێیەکەمان هەڵکەوتوە. لە ڕۆژئاوای دێ بە مەودای دە کیلۆمیتر دوور، شاری «شنۆ» دیارە. «پیرناسر»یش کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی زێدەکەمان، کێوێکە بەرز بەڵام دوورودرێژ نیە. «گوندەوێڵە» دێیەکی شـێسـت حەفتا ماڵییە کە لە باکووری دێیەکەمان هەڵکەوتوە. دێیەکانی دراوسێی دەستی ڕۆژاواش «سەیداوێ» و «پرداوێ» یان ناوە. لە باشـووریش «حەسـەن نووران» دەبینرێ کە هەر نیوسـەعاتێک بە پێیان لێمان دوورە.

«چەشمەگۆل» ئێستا نیزیکەی چل ماڵێکە. ئەوکاتەی منداڵ بووم سیوچوار ماڵ بوو. لەو سیوچوارە، دە-دوانزە ماڵێک ڕەشـایی (قەرە) بوون. ماڵەکانی دیکە خاوەن زەویوزار و ئاژەڵ و پاتاڵ بوون و، جووتبەندەیان پێ دەگوترا. باری ژیانی جووتبەندەکان لە قەرەکان (ڕەشاییەکان) زۆر باشتر بوو.

«وسـێنە کەچە» لە ڕیزی قەرەکاندا بوو، نازانم بۆچی «کەچە»یان پێ دەگوت. دەڵێن وەختی خۆی "کەڵ"ێکیان هەبووە، شـاخەکانی خوار (کەچ) بوون. بەڵام ناوێکی دێکەشی هەبوو. لەبەر ئەوەی چەند سـاڵ کوێخایەتیی کردبوو، بە «کوێخا»ش ناویان دەهێنا.

دوایەش کە کوێخایەتی باوی نەما «میراوی»ی دەکرد. لە کوێخایەتیی وسێنە کەچە هەر ئەوەندەم لە بیرە کە بە نوێنەرایەتیی خەڵکی دێ هاتوچۆی ئیدارە دەوڵەتییەکانی دەکرد. "ئەمنیە" ئەگەر هاتبانە دێ، بەڕێی دەکردن. لەو دوایانەشدا کە سپای دانیش (سپاه دانش) ناردرابووە لادێ، کوێخا هاوکاریی لەگەڵ دەکرد. بە خەڵکی ڕادەگەیاند کوڕەکانیان لەبەر خوێندن بنێن، هەر ماڵەی پیاوێک بنێرن بۆ خاوێن کردنەوەی کۆنەماڵی ئاغا یان مزگەوت تا بیکەن بە قوتابخانە. ئەو کاتەش کە «میراو» بوو، بە سەر «نۆرە ئاو» و زەوی‌و زاری خەڵک ڕادەگەیشت.

بەشێک لە زەوییەکانی چەشمەگۆل بە ئاوی گوندەوێڵە پاراو دەبوون. لە بەر ئەوەی دەبوو هەر دوو دێ لەو ئاوە کەلک وەرگرن و قڕەشیان لێ پەیدا نەبێ، ئاوەکە بە نۆرە بوو. دوو شەو و ڕۆژ هی چەشمەگۆل و چوار شەو و چوار ڕۆژ بۆ گوندەوێڵە بوو. ئەو دوو شەو و ڕۆژ ئاوە بە سەر جووتبەندەکانی دێدا دابەش کرابوو. دیارە لە فیتی سەنەدی ئیسلاحاتی ئەرزی، ئاو بە جووتبەندەکان دەدرا. بۆیە نۆرە بە سەعات و دەقیقە بوو. لە بیرمە ماڵی ئێمە ٤ سەعات و ١٠ دەقیقە نۆرە ئاومان هەبوو. ئەو جووتبەندانەی ئەمجار بە شەوێ، نۆرەئاویان درابایە، لە نۆرەی دوایەدا نۆرەئاویان دەکەوتە ڕۆژێ. کوێخا وسێن لە بەرامبەر پووڵێکی کە لە جووتبەندەکانی وەردەگرت دەبوو ئەم نۆرانە ڕێکوپێک بکا و هەر ماڵەی لە کاتی خۆیدا ئاگاداری بکاتەوە. بۆ ئەوەی بێ نۆرەکان ئاوەکە نەشکێنن، کوێخا پەیتاپەیتا بە سەر جۆگە ئاوی گوندەوێڵە و چەشمەگۆلدا لە هاتوچۆدا بوو. ئەرکەکەی دیکەشی ئەوە بوو سەر لە زەوی‌وزار و مووچە و مەزرای خەڵک بدا نەوەک شوان و کەڵەوانی دێیەکانی دیکە زیانێ بکەن‌و زەڕ بدەن.

کوێخا وسێن وەک زۆربەی خەڵکی دێیەکەمان هەڵسوکەوتی تایبەت بە خۆی هەبوو. هەم ناوەکەی سەیر بوو و هەم ئەخلاق و هەڵسوکەوتی. وەک خەڵکی دیکە نەدەکۆخی، ڕێگاڕۆیشتنی وەک خەڵکی دیکە نەدەچوو. کەم وا هەبوو کەوا بکاتە بەری، هەرکەس کۆت‌و پاتۆڵێکی لەبەردا بوایە ئەوە کوێخا وسێن بوو یان کاک جەلیل. جێگای هەڵترووشکانی ئێوارانەشی دوور لە هی پیاوەکانی دیکە بوو.

پیاوەکانی دێی ئێمە هەموویان هەر سەیر بوون. هەر دەتگوت پیاوە ئاکار سەیر و سەمەرەکانی دێهاتی دیکەت گوڵبژێر کردوون و لە چەشمەگۆل کۆت کردوونەتەوە. هەر

یەکەی بە قسەیەک یان بە ئیشارەیەکی تایبەت یان بە جۆرە هەڵسوکەوتێك قەڵس دەبوو. کەم وا هەبوو چوار پیاوی چەشمەگۆل لە سەر یەک کار و یەک مەسەلە ڕایەکیان هەبێ و یان لە دوو سێ شت وەک بەشداری لە خێرو شەڕی دێ، حاملاندنی منداڵ و میوانداری، شێوەی یەک بدەن. لەوانەیە هەر من پێم سەیر بن، بەڵام ئەگەر ئێوەش شەوانی زستان لە گۆشەیەکەوە تەماشای ئەو خەڵکەتان کردبا کە لە دەوری کوورەی مزگەوتی دێ کۆ بوونەتەوە، یان ئەگەر ئێوارانی بەهاران لە بن سێبەری دارەکانی ڕەسووی مامحەمەدی لە تەنیشت وان وێستابان و گوێتان لە قسەکانیان ڕاگرتبا، بۆتان دەردەکەوت کە چۆن ئەو خەڵکە هەر یەکەی لە ئاشێکی لێ دەکا.

«وسێنە کەچە» ژنێک و چوار منداڵی هەبوون. ژنەکەی ناوی خەجیج بوو، منداڵەکانی سێیان کچ و یەکیان کوڕ بوو. مچە لە کچەکان گەورەتر بوو، «زوبێد» ناوی کچە گەورەکەی و «نازدار» ئەوەی نێوەڕاستیان بوو. هەرە بچووکەکەش کە ساڵانی دواتر لە دایک بوو، ناوی روقیا بوو. ئەگەر بە کوێخا بووایە ئەو سێ کچەش کوڕ دەبوون، بەڵام لەگەڵ کاری خوا چیی پێ نەدەکرا.

★★★

## ئەڵقەی٢ : قازەوانی تامەزرۆی گۆشت

کوێخا وسێن کە ساڵی بە میراوی دەبردە سەر، ژیانی وەک ژیانی هەموو قەرەکانی دێ سەگمەرگی بوو. بۆیە هەر کە مچە دەستی داری گرت، کردی بە قازەوانی ئاوەدانی. لە قازەوانی، سێ چوار پووت گەنمیان دەست دەکەوت، بەزیاد بێ خۆ لە خولانەوە بە بێکاری باشتر بوو. کچەکانیشی- زۆر منداڵ بوون دەنا نەیدەهێشت ئەوانیش بێکار بن. مچە وەک منداڵەکانی دیکەی دێ قۆشمە و بەدفەڕ نەبوو. مێشی- لەبەر دەمی هەڵنەدەفڕی و لەگەڵ شەڕ و شتی وا دانووی نەدەکوڵی. جا نازانم لە بابی دەترسا یان هەر وەک من بە لاشەڕی لە دایکی ببوو. هاواڵەتیی مچەم پێ خۆش بوو. دیارە ئەمن قازەوانی دێ نەبووم بەڵام باب‌و مامی منیش نەیاندەهێشت بێکار بخولێمەوە. ڕەگەڵ ئامۆزایەکی لە خۆم گەورەتریان خستبووم و دوو سێ گامێش و سێ چوار کەڵیچە و هێوەرەیان پێ سپاردبووین کە دوای نانی بەیانی لە تەویلەیان دەرکەین و تا ئیوارێ بیانلەوەڕێنین. لە کوێ لەوەڕ وەدەست کەوتبا ئێمە لە وێ بووین. بەهاران لە بەر پاڵی«گردی مێلاقان»و «قەڵاتگە »و... ، هاوینان شۆڕ دەبووینەوە بۆ لای مەندەجۆ، قۆپی سەیداوێ، قۆرغ (گیادروو) و پەرێزەکان.

بە هۆی هاواڵەتیی من و مچە، قاز و گامیشەکانیشمان نامۆییان لێک نەدەکرد. بە «هەلووکێن» و «هەددار» و «تۆپی داری» و «هەمزەڵ» و «گۆیێن» وەڕەزیی خۆمان دەشکاند. لە بەر دەستکورتیی خەڵک، هیچ منداڵێک قەند و چا و کتریی پێ نەبوو. چا هەر

بەیانی و نیوەڕۆ و شەوانە دەخورایەوە، ئیدی وەک ئێستا نەبوو هەر منداڵە و توورەکەیەکی بە شـانیەوە بێ و هەرکات پێی خۆش بوو کترییە ڕەشی بۆ وەسـەر بنێ. هەرکەس کە بەیانی یان نێوەڕۆ لە ماڵێ وەدەر دەکەوت، نانی لەگەڵ خۆی دەبرد.

دایکم هەموو ڕۆژێ لە دەسرۆکەیەکدا شـــتێکی بۆ دەپێچامەوە. جا نانوڕۆن بایە، کولێرەچـەورە بـا، یـان شـــیرێژوڕۆن، هـەڵوا، خورمـا و... یـان هـەر خواردنێکی دیکـە. کـە وڵاغەکانم بەر دەدا بیانبەمە مەزرا، دڵم بەو دەسرۆکەیە خۆش بوو. ئەو دەم گۆشـت وەک ئێستا نەببووە خواردنێکی ئاسایی. زۆر ماڵ هەبوون کە لە مانگێدا یەک جار گۆشت نەخۆن. زۆرتر ئـەوانـەی مـەڕومـاڵاتیـان هـەبوو لـە خێرو بـەرەکـەتی نـەخۆشـــیی مـاڵات تووشی گۆشتخواردن دەبوون، بەڵام کەم وا هەبوو بەشی دەروجیرانی لێ بدەن.

جەنگەی چێشـــتانی ڕۆژێکی هاوین بوو. مســـتەفا لە بەشی خوارەوەی گیادرووی ئێمە قازەکانی دەلەوەڕاند. دووکەڵی ئاگرەکەی سرنجی ڕاکێشـام. نەکا مستەفا قەندوچای هینابێ؟ وردە وردە بۆ لای چووم، هێشـتا بیسـت- سی هەنگاوم مابوو کە بیگەمێ چەند پەڕە قازم بە دەســـتیەوە دیت. کە لێی وردبوومەوە دیتم ئەوە پەڕە قازەکان لە ئاورەکە نزیک دەکاتەوە و دوایەش بۆ زاریان دەبا. مچە کە منی چاو پێکەوت پەشۆکا، باڵەکانی فڕێدان و لە کن ئاورەکە هەڵترووشکا.

ماندوونەبوونیم لێ کرد و دەستم کرد بە قسان:

- ئەو ئاورەت بۆ کردۆتەوە؟
- هەر وا بە خۆشی.
- وا نیە چۆن هەروا بە خۆشی؟
- سەرمام بوو.
- درۆیە دەکەی، بەو هاوینەی کوا سەرما؟
- چوزانم.

مچە ڕەنگوڕووی گۆڕابوو، لێوەکانی شـتێکی ڕەشـیان پێوە دیار بوو، ئەو شـتە ڕەشـە خەڵووزی پەڕەقازە هەڵپڕووزاوەکان بوو. گوتم:

- مچە گیان! ڕاستییەکەم پێ بڵێ خۆ دنیا خراب نابێ.
- وەڵڵاهی... ئەخە چت پێ بڵێم؟

- پێم بڵێ چت لەو باڵانە دەکرد؟

- ئەرێ ڕاستیت ناوێ؟

- بەرێ وەڵڵا.

- زۆر لە مێژە گۆشتم نەخواردوە، لە تاوی گۆشتی وەختە شێت بم، ئەو باڵانەشم بۆیە بە ئاورێوە دەنا تا هەڵپرووزێن و بیانخۆم... ماڵتە تامیان هەر وەک تامی گۆشتی وایە، ئەتۆ تاقی کەوە.

- چ تاقی کەمەوە، خۆ ئەوە ناخورێ ماڵتە، ئەتۆ چۆنت خواردوە؟

- ئەخر چ بکەم زۆرم ئیشتیا لە گۆشتی بوو!

هەموو گیانی مچە ببوو بە ئارەقە، لەوە کە من بەسەریدا چووبووم و پێم زانیبوو، زۆر بە خۆدا شکابۆوە.

بە خۆم نەبوو، بە دیتنی ئەو ڕووداوە هەر دوو چاوم پڕ بوون لە ئاو. گوتم:

- مچە گیان! نارەحەت مەبە، با ئەو جار گۆشتمان هەبێ بە دایکم دەڵێم زۆرمان بۆ دانێ، جا لێرە پێکەوە دەیخۆین.

- باشە بە قوربانت بم بەڵام تخوا لە کن کەس دەنگێ مەکە.

- خاترجەم بە.

دوو سێ ڕۆژ بەسەر چوو، ئێوارەیەک شوانەکەمان لە چادرانڕا گەڕایەوە، کەلاکی مەڕێکی لە سەر پشتی کەرەکەی هێنا خوارێ و بە دایکمی گوت:

- ئەو مەڕە بە حاڵ چەقۆی گەیشتێ، مام مارف کوشتیەوە و پێیدا ناردمەوە کوتی با لە ماڵێ بیخۆن.

مام مارف لە بابم گەورەتر بوو، بۆیە گەورەیی ماڵێش بە دەستی ئەو بوو. هەر ئەو شەوە مەڕەکە کەوڵ کرا، گۆشتەکەی لەتوپەت کرا و شۆردرایەوە. من کە لەمێژ بوو چاوەڕێی ئەو دەرفەتە بووم، بە دزی دایکمم لە ئارەزووەکەی مچە ئاگادار کرد. دایکم وەک هەمیشە بە دەنگمەوە هات و دڵی نەشکاندم. بەیانی بڕێک لە گۆشتەکەی بۆ برژاندم و بڕێکیشی سوور کردەوە، بۆی پێچامەوە و گوتی: ها لەگەڵ خۆتی بەرە و پێکەوە لەگەڵ مچەی بیخۆن. دڵنیاشی کردم کە بەشێک لەو گۆشتەی بۆ ماڵی کوێخا وسێنی دەنێرێ. دایکم دڵێکی زۆر باشی هەبوو، هەمیشە ئاگای لە دەروجیرانەکانمان بوو و لەو شتانەی کە زۆرمان هەبوون

بـەشی دەدان. مـارفی مـامم برێـک لـە بـەر لـەچـەرپی خۆی و برێکیش لـەبـەر زۆربوونی منداڵەورتکەی ماڵە خۆمان، کەیفی بەو هەموو خێرخوازییەی دایکم نەدەهات. بەو حاڵەش دایکم دەستی لەو جۆرە خێر و خێراتەی نەدەگێڕایەوە.

بەیانی، هەر کە گەیشتمە مەزرایە، خۆم گەیاندە مچە و تێروپڕ گوشتمان خوارد.

★★★

## ئەڵقەی٣: سوپای دانیش و خوێندنمان

دوای کارەساتی پەڕەقازبرژاندن و گۆشتخواردن، لەگەڵ مچە خۆمانەتر بووین. مچە هەموو شتێکی بۆ دەگێڕامەوە. لە توورە و تۆسنیی بابی، لە فەقیری و بێ دەسەڵاتیی دایکی، لە هەناسەساردی، کزی و لارەملیی خوشکەکانی، هیچ شتێک نەمابۆوە نەیزانم. منیش خۆم لە گێڕانەوەی دەردی دڵەکانم لە کن ئەو نەدەبوارد. هەرچی لە زەممی ماڵە خۆماندا شکم دەبرد، بۆم دەگێڕایەوە. لە زۆر شتدا وەک یەک بووین. ئەو لە بابی بێزار بوو، من لە مامم کە گەورەی ماڵێمان بوو. بابم کەسێکی لە سەرەخۆ و لە گەڵمان باش بوو، تەنیا عەیبی ئەوە بوو هەموو شتێکی بە قسەی کاکی (مامم) دەکرد. مچە پەرۆشی بێدەسەڵاتیی دایکی بوو، منیش هەروا. دایکی من ئەو بەدبەختییەشی هەبوو کە هەمیشەی خوای نەخۆش بوو. تەنیا جیاوازیی من و مچە ئەوە بوو گوایە من کوڕە دەوڵەمەند بووم و ئەویش کوڕە قەرە. دەنا مچە زۆر شتی نەبوو، ئەمنیش نەمبوون.

هاوین بەسەر چوو. سەرەتای پاییز بوو کە زانیمان «سوپا» هاتووەتە دێیەکەمان. هەر منداڵەی لەبەر خۆیەوە خەریک بوو بزانێ «سوپا» لەچی دەگەڕێ. دوای دوو سێ ڕۆژ بۆمان دەرکەوت کە «سوپا» سوپای دانیش(زانست)ە و، بەوەی نیە شەبکەی لە سەرە و جلوبەرگی وەک ئەمنیەی لە بەردایە، دەیهەوێ منداڵانی دێ خوێندەوار بکا.

کوێخا وســێن، وەتاغە کۆنەکەی ئاغای دێ (کا عەلیی ئیفتیخاری)ی بە خەڵکی دێ خاوێن کردەوە و کردیان بە مەدرەســە. ماڵە ئاغای ئەوێ ســاڵێ چووبۆوە «دربکە»ی. هەر کوێخا وسێنیش داوای لە خەڵک کرد منداڵەکانیان لەبەر خوێندن بنێن.

لەگەڵ مچەی چووینە مەدرەسەی. چونکە مەدرەسەکەمان مێز و کورسیی نەبوون، لە گەڵ منداڵانی دیکە لەســـەر حەســـیری دانیشـــتین. ئیدی بۆ هەشـــت- نۆ مانگان گامێش لەوەڕاندن و «قازەوانی» مان لە کۆڵ بۆوە.

ســوپا مچەی لە ئێمە خۆشــتر دەویســت، چونکە دایک و بابی مچە خزمەتیان دەکرد. هەمیشـــە هاتوچۆی ماڵی ئەوانی دەکرد. جارێکیان ســـوپا لە ماڵە کوێخا تەدارەکی جێژنەی گرتبوو. ئێمە پێمـان ســـەیر بوو. چونکە هەر نـاوی جێژنی «قوربـان» و «مەولوود» و «ڕەمەزان»مان بیســـتبوو، بەڵام ئەو ڕۆژەی جێژنەی ســـوپا بوو، ڕۆژی هیچکام لەو جێژنانە نەبوو. هەمزەی ئامۆزام هەواڵی ئەم جێژنەی زانیبوو، بۆیە بەپەلە پێی ڕاگەیاندم:

- لە ماڵە کوێخای جێژنەی ســـوپایە. ســـوپا پیاوەکانی دێ بانگ دەکا و لەوێ غوراڤییان لەگەڵ دەخوا.

- جا جێژنەی کەنگێ، خۆ ئێستا زۆری ماوە بۆ جێژنەی ؟

- نازانم چ جێژنەیەکە، هەر ئەوەنـدەم ئاگا لێیە هەرکەس بیهەوێ دەتوانێ بچێتە ماڵە کوێخای و غوراڤی بێنێ.

- ئەدی بۆ ناچی بەشی هەر دووکمان بێنی؟

- جا سوپا سوپای توویە، بۆ ئەتوو ناچی؟

هەمزە نەیدەخوێند، بۆیە پێی وابوو ئەمن دەبێ بچم داوای غوراڤی بکەم. غوراڤی بۆ من بەقەد گۆشت بۆ مچەی خۆشەویست بوو، بە تایبەتی موفتە بوونەکەی ئەوەندەی دیکەی هاندام کە بچم. بەخۆم نەوەســـتام و خۆم گەیاندە حەوشی ماڵە کوێخای. ســـوپا فێری کردبووین کە چووینە هەر ماڵێک لە دەرگای دەین. بۆیە لە دەرگام دا و گوتیان:

- وەرە ژووری!

دەرگام کردەوە. سوپا و کوێخا پاڵیان وە دەستەنوێنەکان دابوو، قسەیان دەکرد. مچە لە قولینچکی وەتاغێ لەکن ســەماوەرەکەی بێدەنگ دانیشــتبوو و چاوی بڕیبووە ســوپا و بابی.

دوو قوتوو بیسـکەویت لە نێوەڕاسـتی ژوورەکە دانرابوون. نازانم سـڵاوم کرد یان نا بەڵام دەستبەجێ گوتم:

- کوێخا! هاتووم بۆ غوراِبییان ، دەمدەنێ؟

- بۆ کێته؟

- هەر ئەمن و هەمزەین.

- هۆوەتا، بڕێکی هەڵگرە، هەمووی نەبەی!

دەستم خستە نێو قوتووەکە و پڕ بە چنگان بیسکەویتم هەڵگرت. قەتم ئەوەندە غوراِبی بە خۆمەوە نەدیبوو. لەگەڵ هەمزە لە دەرەوەی دێ و دوور لە چاوی خەڵکی غوراِبییەکانمان خوارد. دیارە پێمان مەردازایی بوو کە زیادە لە هەموو منداڵی دێ ئێمە لەخۆمانڕا دیتوە بچین داوای غوراِبی بکەین و سەریش کەوتووین. غوراِبیمان خوارد بەڵام هەر نەمانزانی ئەو جێژنە بۆچی بوو؟ جێژنی لەدایکبوونی شا بوو یان بۆنەیەکی دیکەی هەبوو؟!

مچە کە دەهاتە مەدرەسـەی، خۆی بە هاتوچۆی سـوپا بۆ ماڵەکەیان هەڵدەکێشـا و دەیگوت:

- سوپا خۆ نایەتە ماڵە ئەنگۆ!... خۆ لە ماڵە ئەنگۆ جێژنەی ناگرێ!

ئەگەر بمانویستبا وڵامی بدەینەوە بەپەلە هەڵی دەدایە:

- خۆ سوپا عەکسی ئەنگۆ ناکێشێ، عەکسی منی کێشاوە، ئی بابمی کێشاوە، ...

ئێمە وڵامێکمان نەبوو. هەر لە ترسی سـوپا نەماندەوێرا یەکودووی لەگەڵ بڵێین. مچە هەم خۆشەویستی سوپا بوو هەم بابی لەنێو خەڵکیدا پێی دەنازی. کوێخا گەیشتبا هەر کەس دەیگوت:

- کوڕی من سـوپا لێی ڕازییە، دەڵێ مسـتەفا کە دەرسێ دەنووسێ ئەوەندە توند دەنووسێ کەس قامکی نابینێ.

قسـەی کوێخا زار بەزار بڵاو دەبۆوە. هەر دایک و بابێکی لە منداڵەکەیان قەڵس بان بە گوێیان هەڵدێنا:

- خوا بەزیادت نەکا، دەبەر کەوشی مچەی وسـێنە کەچەی مری، بەخودای سـوپا هەر تاریفی دەکا. ئەتووش دوو عومری ویت هەیە. لەگەڵ وی دەخوێنیو خوێناوێ هەڵدێنی....

مچە تاریفی خۆی بیستبۆوە، بۆیە قەت خۆی نەدەشکاندەوە، هەر کوتە قاقەزێکی بۆت هێنـابـا ئەگەر بە عەرەبییش نووسرابـا دەیخوێنـدەوە. ئیـدی کـاری بەوە نەبوو ڕاســـتی دەخوێنێتەوە یان نا، گرینگ ئەوە بوو لێی دانەمێنێ.

هەر منداڵێک لە دەســـت بابی کوتەکی خواردبا لە مچەی دەزانی. زۆر لە منداڵانی دێ، ئەوانەی دەرسیان دەخوێند، مچەیان دەبوغزاند.

پێشـنیوەڕۆیەک لە نزیک کانیی ژنان خەریکی کایەکردن بووین. حایز و حەمە و حەسـەن کە لەهەموومان گەورەتر بوون نێوانناخۆشییان خستە نێوان من و مچە و تێکیان بەرداین. ئەوان لە بەر کوێخا وسێن و لە ترسی سـوپا نەیاندەویسـت بۆخۆیان لە مچەی دەن و پێیان خۆش بوو مـارەکەی بە دەســـتی من بگرن. من و مچەی لاشــەڕ تێک بەر بووین. هەر ئەوەندەم زانی بەردێکم وەســـەری کەوت و خوێن بە ڕوومەتمدا هاتە خوار. قەت ســـەرم نەشکابوو، پێم وابوو بەڵایەکی گەورەم بەسەر هاتوە، بۆیە وەک ورچی بریندارم لێهات. مچە کە چاوی بە خوێنی ســـەرم کەوت دوو لاقی هەبوو، دوو لاقی دیکەشی قەرز کرد و دەســـتی کرد بە ڕاکردن. بەرە مەزرایەکی ڕێ کەوتم هەتا گرتم. هیچ دەستی نەکردەوە بۆیە دوای دوو سێ مست و پێلاقە ڕقم نیشتەوە و وازم لێ هێنا.

پاش نێوەڕۆ ناردیانمە بەر کاوڕان. نازانم مامم لە کوێ دەهاتەوە کە لە ناکاو لێم پەیدا بوو. خودا خودام بوو ســـەرشـــکانەکەم نەبینێ و بیانوویەکم پێنەگرێ. بەڵام دەســـتبەجێ دیتیو گوتی:

- کوڕە ئەوە بۆ ئەو لاچاو و شتەت سوور هەڵگەڕاوە؟

نەموێرا ڕاستییەکەی پێ بڵێم، گوتم:

- دەمێ دیکە دەستم لە گوڵە «مەمۆڵان» وەردەدا، ڕەنگە بەوان وای لێهاتبێ.

لێم هاتە پێشێ و بڕێک لەملا و ئەولای سەرم ڕاما. گوتی:

- بۆ درۆیان دەکەی تێرعەمر نەبی؟ ئەوە نیە سەرت شکاوە؟

بڕێک منگەمنگم کرد بەڵام ناچار ڕاســـتییەکەیم بۆ گێڕایەوە. زۆری پێ ناخۆش بوو کە «هەتیوی وسێنە کەچەی» بتوانێ سەری من بشکێنێ. دەنگێکی لێوە هات:

- بە قەبری بابیدا دەڕێنم، مەگەر نەیبینم.

مچەی بێچارە بەویدا هات، دەچووە سـەر ئەو بسـتە زەوییەی بابی لە پشـت جۆگەی سـەری کردبووی بە شـتڵ و پیواز. ڕێگای دیکەی نەبوو، دەبوو بە لای ئێمە دا تێپەڕ بێ. پێم وابوو مامم تێروپڕی دەکوتێ. باش بوو بە سێ چوار جنێو و هەڕەشـــە وازی لێ هێنا. دوایە منی فێرکرد بچمە لای سـوپا و شـکایەتی لێبکەم. ئێواری کە هاتمەوە نێو دێ، چووم لەلای سوپا شکایەتم لێکرد و سەری شکاوی خۆم پێشان دا، بەڵێنی دا سبەینێ دارکاریی بکا.

بۆ بەیانی چووینە مەدرەســـە. مچە نەیوێرابوو بێ، دوایە بابی دەســـتی گرت و هێنای. داوای لە سوپا کرد نەیکوتێ. بابی ڕۆیی، منداڵەکان دەهاتنە بن‌گوێم و دنەیان دەدام لە هەقی خۆم خۆش نەبم. ئەو ڕۆژە مچەیان تەنبێ کرد، ســـوپا لە قولینچکی پۆلەکەمان رایگرت و گوتی هەتا ئەو زەنگە تەواو دەبێ دەبێ لە ســـەر لاقێکت راوەســـتی. هەر دوابەدوای تەنبێ مچە دڵم پاک بۆوە و هیچی تێدا نەما. لەگەڵی ئاشت بوومەوە، ئیدی وای لێهاتبوو موومان دە بەینێوە نەدەچوو.

★★★

## ئەڵقەی٤ : سێگردان، شای حەجەمان، شای کوردان

ئەو ساڵەشمان تەواو کرد. بۆ پاییزی داهاتوو سوپا نەهاتەوە و بێ «سوپای دانیش»ماینەوە. من بۆ درێژەی خوێندن چوومە حەسەننووران و لە ماڵە پوورم مامەوە. منداڵەکانی دیکەش بۆ دەرس‌خوێندن هەموو ڕۆژێ دەچوونە گوندەوێڵەی.

وەرزی بەهار، حەمەی تالحە(طلحە) و مچە، نازانم بۆ چی خوێندنی خۆیان لە گوندەوێڵەوە گوێزتەوە بۆ حەسەننووران. ئەوان هاتوچۆیان دەکرد بەڵام من هەر لە ماڵە پوورم بووم. وردە وردە منیشیان بە هاتوچۆکردن لە نێوان چەشمەگۆل و حەسەننووران دڵخۆش کرد. لەبەر وەی ڕێوبان وشک و، هەوای خۆش بوو بڕیارم دا وەک ئەوان بکەم.

حەمە لە هەردووکمان گەورەتر بوو بۆیە قەت قسەی ئێمەی نەدەسەلماند. دیارە ئێمەش کەڵەوەکێشیمان لە گەڵ دەکردو هاسان ملمان بۆ نەدەدا. بەو حاڵەش ڕۆژانێکی خۆش و پڕ بیرەوەریمان بەسەر دەبرد. هەموو بەیانی و ئێواران ڕێگای حەسەننووران-چەشمەگۆلمان بە قسەکردن دەبڕی. بیری منداڵی ئێمە لە دەوری زۆر بوونەوەری دەوروبەری خۆمان دەخولایەوە. لەم بەر و ئەو بەری ڕێگاکەمان، گەنم و جۆ بە قەت بەژنی ئێمە هەستابوون. گوڵی هەمەڕەنگ لە سەرەوان و لێواری جۆگەلەکان و لەنێو پەڵە گەنم و جۆیەکان دەبینران. لە پانایی دەشتی سەرسەوز و بەپیتی نێوان دێهاتی حەسەننووران، چەشمەگۆل، پرداوێ، سەیداوێ، گوندەوێڵە، پۆل پۆل خەڵک دیاربوون کە خەریکی

جۆماڵ، بژار و ئاوداشـــتن بوون. منداڵان و مێرمنداڵان ئەوانەی لە خوێندن بێبەش بوون، مەڕو مـاڵاتیـان دەلەوەڕانـد. لە بنـاری «قەڵاتگە»، «کۆڵەبی» و «بلۆداوێ» ڕەشـــماڵ هەڵدرابوون. ئەوانە و زۆر دیمەنی دیکە سرنجی ئێمەیان ڕادەکێشـا. سروشـتی بوو کە بیریان لێ بکەینەوەو لێیان بدوێین.

لە قەراغ ڕێگـای بەیـانە و ئێوارانمـان سێ تەپۆڵکە هەڵکەوتبوون، خەڵکی دێ ئەو شوێنەیان بە «سێ گردان» ناو دەبرد. ساڵێک پێش هاتنی سوپا، ڕۆژێک سێ‌چوار ماشێن لە ڕێگای شـــنۆ- نەغەدە لایان دا و هـاتنە «سێ گردان». ئەوانەی لە ماشـــێنەکانـدا بوون، دابەزین‌و چوونە سەر گردەکان. ماوەی سەعاتێک زیاتر بەسەر گرد و دەوروبەری گردەکان‌دا خولانەوە. لەبیرمە دەزگایەکیـان پێ بوو کە سێ پـایەی هەبوو. ئەو نەنـاســـیاوانە بە نۆبە دەچوونە پشت دەزگاکە و لێی ورد دەبوونەوە. دوایە لێی سوار بوون و ڕۆیشتنەوە.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە نێو دێ باس باسی ئەو کەسانە بوو کە هاتبوونە سێ گردان. ئێمە منداڵانی دێ تا ئەوکات ئەو جۆرە خەڵکەمان نەدیبوو. قژیان زەرد و، جلوبەرگیان ســـوور و شـــین و ڕەنگاوڕەنگ بوو. ماشـــێنەکانیان زۆر جوان بوون، ئێمە قەت ماشـــێنی ئاوامان نەدیتبوو. ڕدێن‌ســـپییەکانی دێ دەیانگوت: ئەوانە ئەمیرکەیین، هـاتبوون بزانن ئەو گردانە چیان تێدایە. ...

دوای ماوەیەک ئەمریکاییەکان گەڕانەوە. ئەوجار خێوەتیان هەڵدا و دەســـتیان کرد بە کرێکارگرتن. هەموو بەیانیان لە دێهاتی دەوروبەرڕا کرێکار دەهـاتن و گردەکەیان دەدایەوە. کرێکارەکان گردەکەیان بە پاچ هەڵدەکۆڵی و بە داشـــقەی دەســـتی گڵەکەیان لە دووری گردەکان ڕۆ دەکرد. ئەمریکاییەکان گڵی ئەو داشـقانەیان بە باشی دەپشـکنی جا دوایە ئێزنیان دەدا گڵی دیکەی لەسەر ڕۆ کەن. ئێمە بیستبوومان کە ئەو گردانە زێڕیان تێدایە، بۆیە ئەوانە دەیدەنەوە. ئەمریکاییەکان دوو هاوین لەســـەر یەک هاتنەوە و لەگەڵ ئەو گردانە خەریک بوون. ئێمە زۆرجار بەلای ئەواندا هاتوچۆمان دەکرد. هەوەڵێ لێیان دەترسـاین، چونکە لە ماڵی پێیان گوتبووین: «ئەوانە غەیرە دینن. موســـوڵمان نین، خاریجین، زمانیان وەک زمانی مە ناچێ»، بەڵام دوای ماوەیەک ترســـمان لێیان شـکا. ئێمە دەســـتمان بۆ ڕادەوەشـــاندن، ئەوانیش دەســـتیان لێ هەڵدێنایین، دەمانزانی ئەوە وڵامی ســـڵاوکردنەکەمان دەدەنەوە. بۆ ئێمەی نەدیبدی تەماشای ئەوان شتێکی خۆش بوو.

نیوەڕۆیـان هەر کە وڵاغەکـانمـان دەبردنەوە مـاڵێ و لە تەویلەمـان دەکردن، بەپەلە نانێکمان دەخوارد و گورج خۆمان دەگەیاندە «سێ گردان». لە کنیان ڕادەوەسـتاین، هەموو شــتێکیان بۆ تەماشــا دەبوو، خێوەتەکانیان، ماشــێنەکانیان، بۆخۆیان و.... ئێمەش وێڕای ئەوان پێـدەکەنیین و هیچیـان لێ تێنەدەگەیشــتین. جـاروبـارە چەقەیەکی ئەمریکـایی (آدامس)یان دەدایێ و یان وێنەیان دەگرتین. دوایە کە وەڕەز دەبووین یان وەختی دەرکردنی وڵاغەکانمان دەهات بە هەڵاتن دەچووینەوە نێو دێ و...

بە هۆی ئەو هەڵکۆڵینەی شــوێنەوارناســەکان گردەکان هلۆڵ کرابوون و نێو زگیان دەرهاتبوو. لە ڕێگای هاتوچۆی مەدرەســەی حەســەننووراندا، زیاتر لە ڕاســت بەڕاســتی گردەکان، مچە و حەمە قسەیان لێک هەڵدەبەزیەوە. مچە دەیگوت:

- ئەو ئەمیرکانە شا هێنابوونی.

- شای کوردان یا ئی حەجەمان؟

- شای حەجەمان، خۆ کورد شای نیە.

- چۆن کورد شای نیە بەرێوەڵڵا کوردیش شای هەیە.

- ئەدی بۆ عەکسی شای کوردان لە کتێبەکانمان دا نیە؟

- ئەخە شای کوردان لەو دیویە، لێرە نیە.

- ئەو دیو کوێیە؟

- پشتی ئەو شاخانە ئەو دیوە، ئەوێ عێراقە، شای کوردان لەوێیە.

- ئەگەر ڕاست دەکەی نێوی چیە؟

- نێوی مەلامستەفایە، مەلامستەفا شای کوردانە.

- حەی! جا ئەو دیو بێرە چی؟ شــای ئێرە نیە، ئەگەر شــای ئێرە بایە عەکسیـ لە کتێبەکانماندا دەبوو.

_ عەکسیـ لە کتێبەکانیشــدا نەبێ هەر شــای کوردانە، ئەمەش کوردین و خەڵکی ئەو دیویش هەر کوردن.

_ جا ئەتۆ چوزانی ئەودیو شای کوردانی لێیە؟

- بابم دەیگوت. بابم دەڵێ: ئەمن شای کوردانم دیتبوو کە هاتبووە شنۆیە.

- کەنگێ دیتوویە؟

- لەمێژە، دەڵێ زەمانی دێموکڕاتی دیتوومە.
هەتا حەمە و مچە قسەیان تێک گیرابایە ئەمن دەچوومە نێو قسەکانیان:
- مچە! ئەتوو چووزانی شا ئەوانەی هێنابوو؟
- سوپا بە بابمی گوت.
- گوتی چی؟
_ گوتی شا ئەو ئەمیرکانەی هێناوە تا ئەو گردانە بدەنەوە و بزانن چیان تێدایە.
- لە کوێڕا هێناون؟
- لە ئەمیرکەیڕا هێناونی ماڵتە! ئەمیرکە لەو سەری دونیایەیە.
مچە دەستەکانی بۆلای «ڕندۆڵ» و «کێلەشین» ڕادەداشت. دەمگوت:
- ئەوسەری دونیایە پشتی کێلەشینێیە؟
حەمە وەقسە دەهاتەوە:
- نا ئەوێ عێراقە.
- باشە شا بۆ بە مەئموری خۆی ئەو گردانە ناداتەوە؟
مچە کە لە سایەی هاونشینیی سوپا و بابی، خۆی لە ئێمە بە زۆرزانتر دەزانی دەیگوت:
- سوپا گوتوویە ئەمیرکە هەموو شتێکی دەزانن بەڵام مەئمووری شا هەموو شتێکی نازانن.
- جا گرددانەوە خۆ زانینی ناوێ.
- چۆن نایهەوێ؟ دەبێ لە پێشدا بزانن چی تێدایە جا دوایە دەیدەنەوە.
- بۆ ئەوانەی هاتبوون دەیانزانی ئەو گردانە چییان تێدایە؟
- ئەرێوەڵلا! بە دووربین چاویان لە بن عەرزی کردبوو. لەکن بابم گوتبوویان ئێرە قەدیم شار بووە.
حەمە بەخۆی نەدەوەستا و هەڵی دەدایە:
- درۆیە مەکە. ڕەحمانی حایز بەلکەلی دەیگوت ئەمیرکەکان پێیان گوتووین لەبن ئەو گردانە بەحر هەیە.
مچە نەیدەسەلماند:
- ئەگەر بەحر هەبا ئاوەکەی دەردەقوڵی.

- ئەوە نیە لەو گردە چووکەی حەوزیان دیتووەتەوە. ئەو هەمووە تاتەبەردەت نەدیوە لەوێ؟ ئەوە ئی حەوزەکەن.

مچە بێدەنگ دەبوو نۆرەی من دەهات:

- دەڵێن لەو گردەی مەیتێکیان دیتۆتەوە؟

- کێهە گرد؟

- ئەوەی لە زەوییەکەی محەممەدی دەروێش ئەحمەدی دایە.

مچە: ئەرێوەڵا ڕاستە، بابم مەیتەکەی دیتبوو. ژن بوو!

حەمە: جا چۆن زانیان مەیتەکە ژن بووە یان پیاو؟

مچە: زەنگیانەی لە ملی دابووە.

حەمە: یانی مەیتەکە وەک خۆی مابۆوە؟

مچە: ناوەڵڵا گۆشتەکەی ڕزیبوو، هەر ئێسکەکەی مابوو.

پێم وابوو هەرچی مچە بیڵێ ڕاستە، بۆیە پرسیاری دیکەم دەکرد:

- ئەدی چیان لە مەیتەکەی کرد؟

- ئەمیرکەکان لەگەڵ خۆیان برد.

- بۆ کوێیان برد؟

- بۆ مەملەکەتی خۆیان.

- جا چی لێدەکەن؟

- ســــوپا دەیگوت، دەیبەن لە دیوێکی دایدەنێن و خەڵکی دیکەش بە پووڵ دەچن چاوی لێدەکەن.

- شا نایەڵێ لەگەڵ خۆیانی بەرن.

- چۆن نایەڵێ، شا ئەو گردانەی پێ فرۆشتوون، هەرچیەکی تێیدا بێ بۆخۆیانە.

تا گەیشتباینە کن گردەکان ئەوە ئەم جۆرە باسە دادەمەزرا. ئەگەر بە هەڵکەوت تووشی ڕێبوارێک هاتباین، یان پیاوێکی بەتەمەنتر ببا بە هاوڕێمان، ئەوە وازمان لەو قســــانە دێنا. ئەگەر هەر سێ کەسەکە باین لێمان نەدەبڕییەوە.

هەر دەنگی فڕۆکەیەک لە ئاسمانێ هاتبا دمەتەقەی مچە و حەمە ساز دەبوو:

- ئەوە تەیارەی شایە.

- شای کوردان یا ئی حەجەمان؟

- دیسان گوتی شای کوردان، خۆ کورد شای نیە.

- بەرێوەڵلا، چۆن شای نیە؟

هەرچی حەمە حەولی دەدا مچە قسەکەی بسەلمێنێ نەدەکرا. ...

ئەوساڵەش خوێندنمان تەواو کرد و لە پۆلی دووهەم دەرچووین.

(بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر سێ گردان و شوێنەوارە مێژووییەکانی چەشمەگۆل دەتوانن سەردانی ئەو لینکانە بکەن):

https://www.facebook.com/qadir.wrya/posts/2548251895191036

https://www.facebook.com/qadir.wrya/posts/2525226774160215

https://www.facebook.com/qadir.wrya/posts/2527010423981850

★★★

## ئەڵقەی ٥: " ئامین قەشان "

بۆ ساڵی داهاتوو بۆ درێژەی خوێندن بابم منی بردە شنۆیە. حەمە دەستی لە خوێندن هەڵگرت‌و مچەش بۆ خوێندن هاتوچۆی گوندەوێڵەی دەکرد.

کاری هاوینانمان هەر کاری ساڵان بوو، ئەمن دەچوومە بەر گامێشان، مچە قازەوان بوو. لەگەڵ مچە وەک ساڵان بووین.

دوو ساڵی دیکەش بەسەر چوو، هەردووکمان کارنامەی چوارەممان وەرگرتبوو. من خوێندنەکەم هەر لە شار بوو. مچەش شەش حەوت مانگی لە گوندەوێڵە خوێند. ئاخر مانگی بەهار نزیک بۆوە. بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵی پێنجەمەکان (امتحان نهایی) دەبوو ئەوانی لادێش بێنە شاری و هەمووومان بەسەر یەکەوە تاقی دەکراینەوە. مچە لە مانگی بانەمەڕەوە هاتبوو بۆ شاری. بابی لەبەر دەستکورتی ناردبوویە ماڵە بۆرە خزمێکیان بە ناوی «ئامین قەشان».

مچە دنیایەکی دیکەی بەرامبەر بە خۆی دەدی. شار بەو هەمووە خواردەمەنی و شتی خۆشەوە و، مچەش بە گیرفانی بەتاڵ و حەتاڵ. ئەگەر جاروبارە تووشی یەک هاتباین و ئەمن شتێکم لە گیرفانی خۆمدا شک بردبا بە یەکەوە زارمان شیرین دەکرد. بەڵام بە ناشوکری نەبێ گیرفانی من و مچە هێندەیان جیاوازی نەبوو. شار بۆ مچە جەهەننەمێکی تەواو بوو. بێپووڵی و چاولەدەستی، شتێکی دیکەشی هاتبووە سەر. گاڵتە پێکردن و

ئەزیەتکردنی ئەو هاوپۆلانەی وەک خۆی بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ لە چەشمەگۆلەوە هاتبوون. لە هەر کوێیەک تووشی مچەی هاتبان پێیان دەگوت:

*ئامین قەشان     دوو ترِی وەشان*

*لەگۆزەی دا     گۆزەی قەڵشان*

مچە جارێک و دوو جار نا، سەدجار ئەوەی لێ بیستبوونەوە. کاتێک هەستی بەوە دەکرد کە منداڵانی شاریش خەریکن فێری ئەو قسەیە دەبن و گاڵتەی پێدەکەن، لە هاودێیەکانی توورە دەبوو و دەکەوتە سەریان، جنێوی پێدەدان، بەردی داویشتێ و... دوایەش لە گۆشەیەک دادەنیشت و لە دەستیان دەگریا. کۆتایی مانگی جۆزەردان مچە لە تاقیکاریی پۆلی پێنجەمیش دەرچوو و سەرکەوتووانە گەڕایەوە بۆ دێ.

وسێنەکەچە باری ژیانی نەتەنیا بەرەو باشی نەچووبوو بگرە نەدارتریش ببوو. کچێکی دیکەشی ببوو و منداڵەکانی ببوون بە چوار. وەک ساڵان هەروا بێ زەویوزار بوو، داهاتەکەشی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە کەمیی دەدا. بۆخۆی وردە وردە شان و باهۆ و هێزی ساڵانی لەدەست دەدا و هەموو کەس بە کرێکاری نەدەگرت. ژنەکەی ئەگەر بژار و دەسکەنە و چەوەندەرهەڵقەندنەوە هەبا فەعلەیی دەکرد و، جاروبارەش بە قەڵاغدانانی گەورە ماڵان لە هەشتێ مشتێکی وەدەست دەخست. بەڵام ئەوانە کەلێنێکی گەورەیان بۆ ماڵێ پڕ نەدەکردەوە. مچە دەبوو بیری خوێندن لە سەری دەر بکا. خۆ بابی ئەو توانایەی نەبوو بۆ درێژەی خوێندن بینێرێتە شاری و خەرجی خوێندن لە شاری بۆ دابین بکا، لە دێهاتیش قوتابخانەی ناوەندی نەبوو.

مچە گەورە ببوو ئیدی لە قازەوانی خەسار بوو. منداڵی خەڵکی کە بەقەد ئەو بوون هەموو ساڵێ بە نۆکەری هەشت نۆ دە بارە گەنمیان بۆ دایک و بابیان دێنایەوە، خۆ مچە هیچی لەوان کەمتر نەبوو. بۆیە کوێخا لێرە بە دواوە هەر ساڵەی مچەی بە کەڵەوانی دەدا بە ماڵێک. مچە بە ڕۆژ دەچووە بەر کەڵ و گامێشی ئەو ماڵە و، شەوانەش لە ماڵیان دەمایەوە. کابرای خاوەنماڵ کاری دیکەشی پێدەکرد. قوڕەکاری، کاری جێخوون، ئاوداشتن و بەکورتی هەر کارێکی هەیانبا بە مچەیان دەکرد. ئەوە هەم کەڵەوانی بوو هەم نۆکەری! مچە بۆخۆشی بۆی لێک نەدەبۆوە کەڵەوانە یان نۆکەر؟ سێ چوار ساڵیش ئاوای ڕابوارد. هەشت نۆ دە

بارە گەنمی حەڵاڵ دەکرد، دەســـتێک کەوا و پاتۆڵ و کراس و دەرپێی دەســـتاند، جووتێک کەوشیشیان بۆ دەکڕی.

مچە گەورەتر ببوو و بۆ خۆی ببوو بە جحێڵێکی تەواو. بـابی کردی بە"گاوان"ی دێ. ئەوجار دەبوو زیاتر لە سەد مانگای لەوەڕاندبا. حەقی گاوانییەکەی کەم نەبوو. وسێنە کەچە پشـــوویەکی هـاتبۆوە بەر خۆی، بۆخۆی نێوە نێوە کرێکـاریی دەکرد، جـارجـارەش پەڵە گەنمێک، پەڵە نۆکێک، پەڵەگنەیەک، یان وێنجە و گیادرووەیەکی بە قەباڵ هەڵدەگرت و زوبێد و نازداری دەنارده بەر گاڕان و، لەگەڵ مچە هەڵیان دەقەندەوە یان دەیاندرووەوە. دادە خەجیجی دایکی مچەش لەو جۆرە کارانەدا دەبوو یاریدەی دابان. زوبێد ســـێزدە چاردە ســـاڵە بوو و نازداریش لە دەی تێپەڕاندبوو. شـــوکر بە هەردووکیان گاڕانیان زۆر بە باشی دەحاواندەوە. ڕوقیا خوشـکی هەرە چکۆڵەی مسـتەفا لە دایکی هەڵنەدەبڕا. دایکی کاری کێهە ماڵی کردبا، روقیاشی لەگەڵ دەبوو و نانیشیان هەر لەوێ دەخوارد. زوبێد و نازدار دەچوونە بەر گاڕان، مچە هەر ڕۆژەی دەچووە کاری ماڵێک، کوێخاش بێکار نەبوو. برێک بووژابوونەوە و قەرزەکانیان دابوونەوە.

مچە هەروا کە لە تەمەندا وێڕا گەیشتبوو و پێی نابووە تەمەنی هەرزەکاری، دەنگەکەشی پێگەیشتبوو. هەر لە منداڵییەوە دەنگێکی باشی هەبوو، بەڵام لەو تەمەنەی‌دا دەنگی خۆشتر ببوو. هەمیشــە نارەی دەهات. لە نێو دێ، لە مەزرایە، لە ڕێگاوبانان، لە جەنگەی شــەنە و دورمەغ کێشـــان و لە گەرمەی دەســـکەنە و جێخوون هەڵگرتن و کاکێشـــان‌دا، مچە لە گۆرانی‌گوتن نەدەکەوت. هەر هەوایەی حەزت لێکردبا دڵی نەدەشـــکاندی و بۆی دەگوتی. بەهۆی سادەیی و دەنگە خۆشەکەی لە گەڵ کچە عەزەبەکانی دێش خۆمانە بوو و خۆشیان دەویست. مچە گۆرانیی بۆ دەکوتن و شەڕەقسەی لەگەڵ دەکردن. قسەی مچەیان لە دڵی گران نەدەهات. بە ساویلکەیان دەزانی و دەیانگوت: فەقیرە هیچی لە دڵدا نیە.

تەنیا شـــتێکی مچە خەفەتی پێوە دەخوارد و جـاروبارە کە وەبیری دەهـاتەوە، کزەی لە جەرگی هەڵ دەســـتا، دەســـتهەڵگرتن لە خوێندنەکەی بوو. بەڵام وردە وردە عادەتی پێ‌کرد. دەســـتبازی و شـــەڕەفڕ لەگەڵ کچان و پێهەڵکوتنی خەڵک بە دەســـت و مەچەک و دەنگە خۆشـــەکەی ئەو خەمەشـــیان لە بیر بردبۆوە. لە هەموو ماڵێکی تاریف تاریفی قالب‌ســـووکیو

توندوتۆڵیی ئەو بوو. دەیانگوت مچە وەک هەلووکێ هەڵدەســووڕێ، ماندوویی ناناسێ، دەنگی خۆشە، هەرچی پەیدای دەکا دە مستی بابی دەکا، بابی لەدەستانی حەساوەتەوە.

پاییز کە دەهات هەر جووتبەندەیەک پەلەی بوو بۆ کاری زسـتانێ زوو مچەی بگرێتەوە. بەهار و هاوین و پاییز مچە بۆ بەربژێر، تەکمیشی‌ـ باغی، بژاری مەزرایە، بەراوهەڵبەســتن، کەردوولێـدان، دروێنە، چەوەنـدەرهەڵقەنـدنەوە و قورەکاری وەبەر نەدەکەوت. مچە کە لەکاردا ئاوا زرینگ بوو، قەڵەم و کاغەزیشی‌ـ فەرامۆش نەکردبوو. جارێ ئەگەر مەلا لە ماڵ نەبا یان دێیەکەمان بێ مەلا بوایە، قاقەز و نامە هەر بە مچە دەنووسرا. دوکاندار و خاوەن ماشـــێن و تەراکتۆر حیســـابی قەرز و داهات و دەرکەوتی خۆیان بە مچە ڕادەگرت. ئەگەر لەلایەن ئیدارەکانی دەوڵەتیشەوە قاقەزێک هاتبایە دێ، بەپەلە دەیانگەیاندە دەستی مچەی بۆیان بخوێنێتەوە.

برادەرایەتیی من و مچە تـا دەهـات گەرمتر دەبوو. بەو جیـاوازییە هەرچی گەورەتر دەبووین، زیـاتر ڕێزی یەکترمـان دەگرت. ڕێزلێگگرتنمـان، هی چوونمـان بۆ نێو قۆنـاغێکی بەرزتری تەمەن بوو. من ئیدی بە «مچە» بانگم نەدەکرد و بە «مســـتەفا» ناوم دەبرد. ئەویش هەر بە «میرزا قادر» ناوی دێنام. قســـەو باســـیشـــمان وەک لەوەوبەر بێ پێچوپەنا بوو. نیازی پێگوتنی هەر کچێکی لە دڵدا هەبا، یان لە داوەت و ڕەشـــبەڵەکی چوونەســـەر چاکوپیران و لە کاتی خڕکردنەوەی کەنگر و گیای دیکەی بەهارێدا، دەســـتی گوشـــیبوو، گەرمیی نەرمەی ڕان و ســـینگ و بەرۆکی هەســـت پێکردبوون، لێی نەدەشـــاردمەوە و، بەسەرهاتەکەی بە تەواوی بۆ دەگێڕامەوە.

★★★

## ئەڵقەی ٦: سەردەمی نوێ

پاییزی ساڵی ١٣٥٧ بەهۆی نائارامی و خۆپێشاندان لە سەرانسەری وڵات قوتابخانەکان داخران. منیش بە ناچاری لە شارڕا هاتمەوە دێ. ئەوکات من ١٦-١٥ ساڵان بووم، مستەفا دوو ساڵ لە من گەورەتر بوو. لە دێ لەبەر بێکاری سەرم لێ ئەستوور ببوو، بۆیە زۆرتر کاتی خۆم لەگەڵ ئەو و یەک دوو هاوڕێی دیکە دەبردە سەر. من و مستەفا، ئاواڵێکی زۆر نزیکی دیکەمان هەبوو ئەویش مستەفای کاک حەمەخانی بوو. دیارە کەس بەوی نەدەگوت مچە. «مچە» هەر بە بەژن و باڵای مستەفای کوێخا وسێنی بڕابوو. هیچ قسەیەکمان لەویش نەدەشاردەوە. بە ڕۆژ بە «مێشێن»و گەڕانی نێو دێ و دەرەوەی دێ و جاروبارەش بە خەیاڵی خۆمان بە جحێڵایەتی ڕاماندەبوارد. لە سەر ڕێی کچان کە هاتوچۆی کانیی ژنانیان دەکرد، ڕادەوەستاین و لاسایی جەوانانمان دەکردەوە. شەوانیش لە قولینچکێکی مزگەوت، لە دوکانێک، یان لە ماڵە ئاواڵێک یەکترمان دەگرتەوە و تا درەنگانێک بە گوێ هەڵخستن لە قسەوباسی ئەم و ئەو، بە گاڵتە و جەفەنگ و جۆرابێن کۆڕمان دەبەست.

مستەفا لێی نەدەشاردینەوە کە هەتا دێ پتر لە دەست بابی بێزار دەبێ. بابی سەرەڕای ئەو هەمووە ماندووبوونەی هێندەی پێڕاندەگەیشت. جلوبەرگ و پێڵاو... دەبوو کوێخا بۆی هەڵبژاردبا، دیارە هەر هی هەرزانیشی- بۆ دەکڕی. هەر پووڵێک مستەفا پەیدای کردبا کوێخا گوزوگومبەت لە دەستی دەردێنا. مستەفای جحێڵ کە خەیاڵی ئەوین و ئەوینداری

هەڵیگرتبوو، نە جلوبەرگێکی لەباری هەبوو و، نە پووڵێکی ئاوای لە گیرفانیدا شـــک دەبرد. ســـەرەڕای هەمووی ئەوانە کوێخا زۆری دەشـــکاندەوە، ئیدی کاری بەوە نەبوو هەســـتی کوڕەکەی بەم پەڵپ و بیانووانە بریندار دەبێ. هەرجارەی شتێکی لێدەکردە بیانوو و لە پێش چاوی ژن و پیاو و جحێڵی دیکە لەسەر شتی زۆر خۆڕایی هەڵیدەپێچا و قسەی پێ دەگوت و لێی تووڕە دەبوو. هەموو جارێ خەڵک بەگژیدا دەهاتنەوە و بەسەری دەڕۆیشتن.

مســـتەفـا دەردی دڵی لە لا دەکردین و بێزاری و نـاڕەحەتیی خۆی لە چنگی بـابی بۆ دەگێڕاینەوە. ئێمە کە لە برینی خۆمانڕا ببووینە دکتۆر، زۆر باش دەئازاری گەیشـــتبووین و قەراغمان لە گەڵ تێدەکردەوە. لەو تەمەنەماندا، زۆربەمان ئەو جۆرەکێشـــانەمان لە گەڵ بـاب و مـام و گەورەکانمـان هەبوو. حەز و ئـارەزوو و بیرکردنەوەی ئێمە جۆرێـک بوو، هی ئەوان جۆرێکی دیکە. هەر کە زۆر لە سەر قسەی خۆمان ڕۆیشتباین، پێیان وابوو شووی لێ هەڵدەکێشـــین و ڕووداریی دەکەین. مســـتەفا ئەو کاتانەی بە تووڕەیی و دڵپڕی باسی بابی دەکرد، نەیدەگوت بابم، پێی دەگوت «مەڕۆکە»[1]. نازانم چۆن ئەو ناوەی هەڵبژاردبوو یان کێ فێری کردبوو، بەڵام هەموو جارێ کە مەڕۆکەی بەسەر زاردا دەهات دەمانزانی مەبەستی وسێنە کەچەی بابیەتی.

ئەگەر ڕاستیتان دەوێ ئەوێ ساڵێ کەس لە بابی ڕازی نەبوو، لانیکەم لە دێهات ئاوا بوو، بەتایبەت لە دێیەکەی ئێمە. شـۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی شـایەتی پەلی هاویشـتبووە هەموو شـــار و گوند و تەنانەت هەموو ماڵێکی ئێران. لاوەکان وردە وردە لەگەڵ بیروباوەڕی نوێ و سـەربزێوی ئاشـنا دەبوون. هەرچی شـۆڕش زیاتر کڵپەی دەسـتاند و ئێمە بە خەیاڵی خۆمان وریاتر دەبووینەوە، زیاتر لە داب‌ونەریتی نێو بنەماڵەکانمان بێزار دەبووین. پێمان وابوو بابەکانمان ئەو مافەیان نیە بە کەیفی خۆیان فەرمانمان بە سەردا بدەن و جڵەوی ئێمە بەدەســـتەوە بگرن. ناهەقیش نەبووین، ئەخر ئێمە نەماندەتوانی قســـە لە قســـەی ئەواندا بکەین، بێ ئیجازەی ئەوان لەو دێیە بچینە دێیەکی دیکە یان شـەوانە سـەعاتێک درەنگتر لە دوکـان و مزگەوت بگەڕێینەوە. هەر ئەوەمـان کـردبـا ئیـدی بۆڵەبۆڵ و ئـامۆژگـاریو

[1] کاک عەولا فەتاحی کە ساڵی ١٣٦٥ ئەم بە سەرهاتەی «مچەی کەچەی» م پێدا بیخوێنێتەوە، وەک ڕوونکردنەوە لە بارەی ئەو ناوەی «مەڕۆکە» لە خوارەوەی ئەم لاپەرەیە نووســـیویەتی(بۆیە پێی دەگوترا مەڕۆکە) «چونکە بابی کوێخا وسێن بە عەولای مەڕۆکە مەشهوور بوو».

سەرکۆنەکردنی ئەوان نەدەبڕایەوە. بێجگە لەوەش دووبەرەکییەکی سەیر لەنێو پیرەکان و جحێڵەکاندا پەیدا ببوو. پیرەکان پێیان وابوو ئەو بێ قەندوچاییە، ئەو بێنەوتییە، ئەو خۆپێشاندان و خەڵککوژرانە هەمووی خەتای سەرڕووتان (لاوانی خوێندەوار)ە. ئێمە کە بە گیانی ناخێرمان خوێندەوار و سەرڕووت بووین کەوتبووینە بەر سەرکۆنە و تانە و تەشەری باب و مام و ڕدێنسپییەکانی دێ و پێیان دەگوتین:

- ئەو «شا» باشەتان دەرپەڕاند. ئەگەر شا نەبووایە ئەنگۆ چاوتان بە خوێندن و مەدرەسەی دەکەوت؟ چاکەی ئەو شایەتان ئاوا دایەوە! هەڵی دەگرنەوە...

هەر چۆنێک بوو نەمانهێشت ئەو زستانەی مستەفا بێکەیف بێ. زوو زوو گۆرانیمان پێ دەگوت. کاتمان بە گاڵتەوگەپ و قسەی خۆش و درکاندنی ڕاز و نیازی نەوجەوانانە تێدەپەراند. مچە هۆگرییەکی زیاتری کەوتبووە سەر گۆرانیگوتن. بۆ ئەوەی گۆرانییەکانی قسەی دڵی خۆی بن، داوای شێعری لێ دەکردم. منیش کە یەک دوو ساڵێک بوو لە گژ شێعر و شاعیری ڕۆچووبووم و بە تەواوی خۆم لێ ببوو بە شاعیر، دڵم نەدەشکاند و دەفتەری شێعرەکانی خۆم وێ دەدا تا چی پێخۆشە هەڵیان بژێرێ. هێندێک جاریش بە گوێرەی ویست و ئارەزووی ئەو، کۆمەڵە چوارینەیەکم دادەنا و دەمدایە. دنیایەک شاییم بە خۆ بوو کە شێعری من کاری مستەفایان پێ ڕاست دێ و کەیفم ساز دەبوو کە ئەم شێعرە کرچ و کاڵانەی خۆم بە دەنگی ئەو دەبیستەوە.

زستان بەسەر چوو، بەهار هات. بەهاری ئەو جارە لە هی ساڵان جیاواز بوو. یەکەم بەهاری بێ شا بوو. دەرگای قوتابخانەکان کرابوونەوە و من بۆ خوێندن گەڕابوومەوە بۆ شنۆ. مستەفا هەر لە دێی مابۆوە. ئەگەر هێرشی لەشکریانی خومەینی و هەڵاتهەڵاتی خەڵک لە دەست حەجەمی دەنەغەدەی لێگەڕابا ئەوە خەریکی جۆماڵ و تەکمیش و کرێکاری دەبوو. ئەگەر دەنگۆی هێرشی پاسدار هەبا ئەوە وێڕای خەڵک بە «دۆڵی کانی مێو» و «دەرەسۆر»یدا هەڵدەگەڕا. دوایە کە دەنگۆ نەدەما دەهاتنەوە بۆ دێ.

وسێنە کەچە زۆر دەترسا. هەر هەواڵی هاتنی حەجەمان بڵاو بباوە یان دەنگی تەقەیەک هاتبا لە جێی خۆی قەڵەمی دەستوپێی دەشکا. ئەگەر لێتپرسیبا بۆ ئەوەندە دەترسێ خۆ گیانێک ئەو هەمووە ترسولەرزەی ناوێ، ئەوە کۆشە منداڵەکەی وەبیر دەهێنایەوە کە هەر بینا لەم تەقوتۆق و هەڵاتهەڵاتەدا بابیان لە دەست دا. هەر چی مەترسی زیاتر دەبوو زۆرتر

به دەوری مستەفای کوڕیدا دەهات و دەچوو. لەوە دەترسا تاقانە کوڕەکەی لە پڕ ئیشتیای سەفەری نەغەدەی بکا و خۆی بخاتە نێو مەترسی، یان هەوای بوون بە پێشمەرگە لە کەللەی بدا. کوێخا حەجمینی لێ هەڵگیرابوو. چاوی لە سەر مستەفای هەڵنەدەگرت و بە ئامۆژگاری و وریاکردنەوە مێشکی سەری بردبوو. مستەفا کە تینی بۆ دەهات دەیگوت:

- کوڕە ئاگات لە مەڕۆکەی هەیە؟ دەڵیی بە منەوە نووســـاوە! بۆ هەر کوێیەک دەچم بەدوامەوەیە. نازانم چی لێم دەوێ؟

خەڵکەکە دڵخۆشییان دەدایەوە:

- قەیدێ ناکا بابی خۆتە. زەمانەکە ناخۆش بووە. دەیهەوێ چاوی بە سەرتەوە بێ نەوەک بەهەڵە بچی... بەرخم! ناڕەحەت مەبە. ئەو ڕۆژانە کەس بە تەمای کەس نیە. باب ناهەق نیە ئەگەر قەت چاوی لەسەر ئەولادەکەی هەڵنەگرێ.

مســـتەفا بەگوێیدا نەدەچوو، ئەخر ئەو جحێڵێک بوو، خۆ وەک جاران منداڵ نیە بابی هەر جارەی بە شێوەیەک بەرببینگی پێبگرێ.

ئەوێ ساڵێ کار کەم بوو، خەڵک هێندەی شایی بە کاسبی نەبوو. هەموو پێیان وابوو بەم زوانە ئەو زەوی و زارەیان لە پاش بەجێ دەمێنێ. مچە ناچار پەنای بۆ گاوانییەکەی جاران بردەوە. منیش خوێندنی ئەو ساڵەم تەواو کرد و هاوینەکەم هێنایەوە دێ.

★★★

## ئەڵقەی ٧: خودموختاری

شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووداوەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە کوردستان، بە تایبەتی تێکۆشانی سیاسیی حیزبەکان و پەیدابوونی پێشمەرگە و، تێکهەڵچوونەکانی نێوان خەڵک و ڕێژیمی تازە، ئێمەی مێرمنداڵیشی ــ وەک زۆربەی خەڵک کردبوو بە هۆگری سیاسەت و تینووی فێربوون. وەکوو تینوویەک ڕووم کردبووە خوێندنەوەی کتێبی کوردی، هەر بڵاوکراوەیەکی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانم دەست کەوتبایە بە پەلە دەمخوێندەوە. تامەزرۆی فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی و ئاشنایەتی لەگەڵ شێعر و ئەدەبیاتی کوردی بووم.

لە زستانی ڕابردووەوە تا ئەم هاوینە بە حیسابی خۆم لە زۆر شتی تازە گەیشتبووم کە پێشتر نەمدەزانین. خودموختاری، سەرمایەداری، چەوسانەوە، مێژووی شۆڕشەکانی گەلانی دیکە، مافی ژنان و... کەم یان زۆر شتێکم لێ دەزانین. کەسی لە مستەفا باشترم وەگیر نەدەکەوت تا ئەو باسانەی لەگەڵ دامەزرێنم. بەدرێژایی ڕۆژگاری هاوینێ و پێبەپێی شەقاوی مانگاکانی مستەفا و گامێشەکانی خۆم، لێمان نەدەبڕیەوە. جاروبار کە کتێبێک یان نامیلکەیەکم دەست دەکەوت لەگەڵ خۆم دەمبرد بۆ مەزرایە و لەگەڵ مستەفا خۆمان بە خوێندنەوەی خەریک دەکرد. بەو باسانەی دەمانکردن دڵنیا بووین کە بە تەواوی لە هۆیەکانی چارەڕەشیی خۆمان گەیشتووین.

نان و چای نیوەڕۆیانمان دەبردە سەر «بارەخێز». تەنیا لە کاتی مەلەکردنی دوای نان‌و چای نیوەڕۆیە، باسی سیاسی و کوردایەتیی من و مستەفا ڕادەوەستا. ببووینە لایەنگری سەرسەختی شۆڕشی کورد لە پێناوی خودموختاری و مافە نەتەوەییەکانی. بە تێگەیشتنی خۆمان، شۆڕش هەموو بەدبەختییەکانی من و مستەفا و هەزارانی وەک ئێمەی چارەسەر دەکرد. مستەفا قسەکانمی پێ خۆش بوون و لێیان وەڕەز نەدەبوو. بە نموونەهێنانەوە لە ماڵەکانی خۆمان، لە دێیەکەمان، لەو ڕاوڕاوێنەی عەجەمان لە نەغەدە و ورمێ بە پشتیوانیی ڕێژیمی تازە بە کوردانیان دەکرد، باسەکەم گەرم دەکرد. بە پێی عەقڵ و تێگەیشتنی ئەو وەختم لە نەورۆزی خوێناویی سنە، لە کوشتاری کورد لە نەغەدە، لە بەراوردی ژیان و گوزەرانی بندەستانەی کورد لە گەڵ تورک و فارس بۆی دەدوام. ئەویش بیرەوەریی پەڕەقازەکە، بێبەشییەکانی خۆمان لە کاتی خوێندندا، تێروتەسەلی و کۆک و پۆشتەیی منداڵی هێندێک خوداپێداو و ڕووتی و نەداریی خۆمانی دەکرد بە هەوێنی قسەکانمان:

نەداری ناخۆشە، ئەگەر کوڕە هەژار نەبام، بۆ کەڵەوانی و نۆکەریی خەڵکم دەکرد؟ ئەسڵەن بۆ دەستم لە خوێندن هەڵدەگرت؟

خەمت نەبێ با خودموختاری وەرگرین. خودموختاری چارەی هەموو دەردێکمانە. ...

- ئادی، ئەگەر خودموختاری وەرگرین، کەس منەتی کەس هەڵناگرێ، هەر کەس بە ڕەنجی شان و پیلی خۆی دەژی. ئیدی یەک ئاغا نابێ و یەک نۆکەر.

قسەمان لێ نەدەبڕا.

- مستەفا! ئەگەر بەو زووانە خودموختاری وەرگرین، ژنێ دێنی؟

- چوزانم. کوڕە کێ جوابی من دەداتەوە؟ دوو- سێ جار بە کچانم گوتوە، جوابێکی وایان داومەوە قەت لەبیرم ناچێتەوە!

- چیان پێ گوتووی؟

- پێم‌دەڵێن «هەموو کەس بکا دەنگێ ئەتوو بچووە بن بێژینگێ»! هەتا دوێنێ لە قوون دەرکان نۆکەریت دەکرد، ئێستا ئەتوو هاتووی پێمان دەڵێی؟

ئەوەندەی عەقڵم بڕی کردبا دڵخۆشیم دەدایەوە. بەڵگەم بۆ دێنایەوە کە ئەوانەی ئەم جۆرە قسانە دەکەن تێناگەن:

-گوێت لێیێ براگیان! ئەوانەی جوابی ئاوایان داویەوە زۆر بێجێیان کردوە. بۆ بۆخۆیان کچی کێن؟ لە کویێ گەورە بوون؟ ئەخر ئەوانیش هەر لە نێو بزن و مانگایان و لە نێو هۆڵو تەویلە و لە ســەرانگوێلکان گەورە نەبوون؟ ئەخر ژیـانی ئەوانیش هەر بژار و دروێنە و دەوەکردن و مەڕ و مانگادۆشــین نیە؟ بۆ لەبیریان چۆتەوە بۆخۆیان کچی کێن؟ ئەوە نیە دایک و باب و کەسوکاری ئەوانیش رۆژ هەتا ئیواریێ لە نێو نووسەکە و دڕکو داڵدا خەریکی نۆک هەڵقەندنەوەن و بۆ پاروەنانێک خۆیان لە زاری هەژدیهای داوێن؟ پێت وایە ئەوان کچی کێن و ئەتو کوڕی کێی؟ ئەوانە نافامن، هەر دێیەکەی خۆیان دیتوە، چونکە سی- چل بزن یان چەند سەر مانگایان هەیە و ئەنگۆ نیتانە، پێیان وایە بوون بە نەجیبزادە! ڕاوەستە با یەک دوو ساڵی دیکە بەسەر بچێ، ئەوانیش وشیار دەبنەوە و تێدەگەن کە ئەو جۆرە شتانە بۆ وەی نابن خۆی پێوە هەڵکێشن.

هومێد بە داهاتوو بزەی دەخســتەوە ســەر لێوی مســتەفا. ڕۆژمان بەم جۆرە قســە و باسـانە دەگەیاندە شـەو. هەر بڵاوکراوەیەکمان دەسـت کەوتبا ملمان لە خوێندنەوەی دەنا. بەڵام بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردســتان شــتێکی دیکە بوو، هەرچی ئارەزوومان دەکرد تێیدا بوو: جگە لەوەی کورد بۆ خۆی کوردســتانی خۆی بەڕێوە دەبرد، شــتی عەنتیکەی دیکەشی تێدا بوو: زەوی دابەشــکردن بەســەر جووتیارانی بێ زەویدا، کار بۆ کرێکاران، نەهێشــتنی نەخوێندەواری، خوێندن بە زمانی کوردی، بنکەی دەرمانی لە هەر گوندێک و... زۆر شــتی دیکەی وای تێدا بوو. لە گەڵ مســتەفا لەســەر هەموویان لێکدانەوەمان هەبوو، هەڵبەت لێکدانەوە بە گوێرەی ویسـتی دڵی خۆمان. لە چەشـمەگۆل و گوندەکانی دەوروبەر کێ لە هەمووان نەدارتر با، زەویی زیاترمان دەدایە. کێهە ئاغا و دەرەبەگ لە هەمووان زیاتر ناوبانگی خراپیی ڕۆیشــتبا، بســتێک زەویمان بۆ نەدەهێشــتەوە. بێ ئەوەی حیزب ئاگای لێبێ من و مســتەفا حیزبی بووین. هەرچی ئارەزووی ئێمە بوو لە بەرنامەکەیدا هەبوو، هەر بۆیە خۆمان بە گیانفیدای دەزانی.

دوای لێبوونەوە لە دابەشــینی زەویو زار، لە گەڵ مســتەفای دەچووینەوە ســەر باسی دڵداری و ئاوات و ئارەزووەکانی دڵی خۆمان. لەگەڵ خۆشــەویســتەکانمان زەماوەندمان دەکردو ژیانمان بە خێر و خۆشی و دوور لە هەر چی بێبەشییە دەبردە سەر.

ئەوینەکەی مستەفا یەک‌لایەنە بوو. ڕەنگە ئێستاش کچەکە نەیزانییێ مستەفا خۆشی دەوێ، بەڵام ئەو پڕبەدڵ خۆشی دەویست و هەمیشە باسی دەکرد. نەشیدەویست کچە لە ڕازی دڵی بگا. پێی وابوو ئەوەش هەر "قون دەرکان"ی بەچاویدا دەداتەوە، بۆیە سووتانی یەک‌لایەنەی خۆی لە ناهومێدی و ناکامی پێ‌خۆشتر بوو. ئەوینی مستەفا ئەوینێکی پاک، هەڵقوڵاو لە دڵ و هەستێکی پاک بوو. نەک لە نزیکەوە، ئەگەر دووربەدووریش کچەکەی دەدیت پێی دەگەشایەوە. هەرکاتێک دەیدی کچە لە مەزرایەڕا دەگەڕێتەوە یان لە ماڵێ‌ڕا دەچێتە کانی، دەستی لە بنانگوێ دەنا و تێی هەڵدەکرد. تا ماندوو دەبوو بە بەژن و باڵا و جوانیی کچەی هەڵدەگوت.

پاییز هاتەوە و دیسان دەبوو بۆ درێژەی خوێندن بچمەوە شاری و، لە مستەفا و چەشمەگۆل دوور کەومەوە. دەرس و خوێندنی ئەو ساڵەمان وەک ساڵان نەبوو. تێکۆشانی سیاسی ئەوەندە خۆشەویست ببوو کە مامۆستا و قوتابی هەموو تێوەی گلابوون. لە گەڵ هاوڕێی سەردەمی مێرمنداڵی و خوێندنم "حوسێن" کە ئەویش وەک من لە دڵە خۆیدا خۆی بە حیزبی دەزانی، پێوەندیمان بە ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دێموکڕات لە شنۆیەوە گرت. بە ڕێکوپێکی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی‌دا بەشدار دەبووین، گوێمان بۆ وتار و قسەی بەرپرسان و کاربەدەستانی حیزبی، یان شێعری تازەی شاعیران ڕادەگرت. ئەگەر دەرفەت گونجاو با و لە ڕوومان هاتبا، شێعرێکی خۆمان دەخوێندەوە.

لە دوای ماوەیەک بووین بە ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی دیموکرات. ڕێکخراو بۆ دێهاتیش پەلوپۆی هاویشت. بە پێشنیاری ئێمە، بڕیار درا لە حەسەننووران و چەشمەگۆلیش بنکەی ڕێکخراوی لاوان دامەزرێ. چوومەوە دێ و ئەو مەسەلەیەم لە گەڵ لاوانی دێی خۆمان باس کرد. هەموویان بە خۆشییەوە پێشوازییان لێکرد. بە زوویی بنکەمان دامەزراند و زۆربەی لاو و مێرمندالانی دێ لە ڕیزی لایەنگرانی ڕێکخراوی لاوانی دیموکرات‌دا ناونووسییان کرد. هەموو یەک لە یەکێ دڵگەرمتر بوون. لەسەر بڕیاری لاوانی دێ من کە پێشەنگی دامەزراندنی بنکەی ڕێکخراو بووم و وێدەچوو لە هەموویان بە ئەزموونتر بم، کرام بە بەرپرسی بنکەکە و مستەفای کوێخا وسێنی بوو بە جێگری من. دوو- سێ لاوی دیکەش کە چەند کلاسێک خوێندەوارییان هەبوو، ئەرکەکانی دیکەی بنکەیان گرتە ئەستۆ. ماوەیەک لە نێویان مامەوە تا کارەکان کەوتنە سەر گەڕ و هاوکارەکانم بە ئەرک و لێپرساویی خۆیان ڕاهاتن، ئینجا لەبەر

خوێندن چوومەوە شـــار. بەڵام بە پێچەوانەی جاران خوداخودام بوو زوو پێنج شـــەممۆ بێتەوە، بگەڕێمەوە دێ و هەتا بەیانیی شـــەممۆ لە نێو هاوکارانم لە بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی لاواندا بمێنمەوە.

بە زوویی کتێبخـانەیەکمـان پێـک‌هێنـا، ئەو منـداڵانەی توانـای خوێنـدنەوەیـان هەبوو دەهاتن کتێبیان وەردەگرت و دەیانخوێندەوە. زۆر جاریش بۆ خۆمان بۆ نەخوێندەوار و کەم خوێندەوارەکان کتێبمان دەخوێندەوە. بۆ ئەوەی لاوەکانی دیکە چی دیکە نەخوێندەوار نەبن بڕیارمان دا فێری خوێندنەوە و نووسـینیان بکەین. مسـتەفای کوێخا وسـێنی ئەو ئەرکەشی گرتە ئەستۆ. لاوانی دێ بە پانەوە ڕوویان کردە ڕێکخراو. ئەو شەوانەی لە دێ بووم، لاوەکان لە بنکە دادەنیشـتن و دەبوو باسی سـیاسـییان بۆ بکەم. وەک دەڵێن «لە بێ مەلایی ببوومە بڵقاسم»و بازاڕێکی گەرمم هەبوو.

کاری ڕێکخراو سرنجی ڕدێن‌سـپییەکانیشی- بۆلای خۆی ڕاکێشـابوو. شـەوانە دەهاتنە بنکەکەمان، دادەنیشـتن و گوێیان لە قسـەکانمان ڕادەگرت. نێوبانگی هەڵسـووڕان و کارەکانی ڕێکخراوی لاوانی چەشـمەگۆل گەیشـتبووە دێیەکانی دیکەش. بابەکان خۆشـحاڵ بوون کە کوڕی وایان لێ هەڵکەوتووە، تاریفیان لە ناوچەدا دەنگی داوەتەوە. هەربۆیە هانیان دەداین باشـــترکار بکەین و لە زۆر بارەوە یارمەتییان دەداین. وای لێهات بووینە جێگای متمانەی خەڵکی ئاوایی و، شـووڕای ئاوەدانی بۆ زۆر شـت پرسی پێ دەکردین. پێوەندیی نێوان شـووڕای گوندەکەمان و شـووڕای شـار و پێوەندیگرتن بە ڕێکخراوی حیزب لە شـارکەوتە ئەسـتۆی ئێمە. ئێمە هەموو لە کاری خۆمان ڕازی بووین. شـــەوانە تا درەنگانێک لە بنکەی ڕێکخراو دەماینەوە و بەرنامەمان دادەڕشـــت، موتاڵامان دەکرد، خەریکی باسی ســـیاسی دەبووین. شـەوی وا هەبوو بۆ نووسـتنیش نەدەچووینەوە ماڵێ و بە کەلەلایی لەسـەر تەختەکانی وێ دەخەوتین.

★★★

## ئەڵقەی ٨: شەوانی کوردایەتی

هەمووومان بە ئەرک و بەرپرسایەتیی خۆمان و کاروبارمان لە ڕێکخراوی لاوان زۆر دڵگەرم بووین. لە درێژەی کارەکانماندا کۆڕێکی چەند کەسیمان پێکهێنا بۆ ئەوەی هێندێک شەو بچینە دێهاتی دەوروبەر، قسە بۆ لاوەکانیان و بۆ خەڵکەکەیان بکەین و هانیان بدەین ئەوانیش بنکەی ڕێکخراوی لاوان دابمەزرێنن. دیارە زۆرتر دەچووینە «گوندەوێڵە»ی، هەم نزیک بوو، هەم هێشتا ڕێکخراوی لاوانیان پێک نەهێنابوو. حەسەننوورانیش نزیک بوو، بەڵام ئەوان ڕێکخراوی لاوانیان هەبوو، لاوی خوێندەوار و لە ئێمە پیتۆڵتریشیان زۆر بوون.

لە گەڵ مستەفا ئەوەندە چووبووینە گوندەوێڵە و لە سەر بڵیندگۆی مزگەوتی ئەو دێیە قسەمان کردبوو، کاتێک لەکۆتایی هاوینی ١٣٦٠دا ناوچەی شنۆیە بە تەواوی لە لایەن ڕێژیمەوە داگیر کرایەوە، حوسێن شاوانەیی، کابرایەکی خەڵکی گوندەوێڵەی گوتبووی:

- باش بوو نەجاتیمان بوو لە دەست باتری کڕین بۆ بڵیندگۆی مزگەوتێ. خۆ هەر پێمان دەکرا باتری بۆ بڵیندگۆی بکڕین و قادری مارفی نازەنینێ و مستەفای وسێنە کەچەی قسەی لە سەر بکەن!

چووباینە هەر دێیەک، بە شووڕا و مامۆستای ئاواییمان دەگوت بە بڵیندگۆ خەڵکمان بۆ بانگ بکەن. جاری وابوو بۆ ئەوەی خەڵکەکە لە داو بخەین وەختی نوێژکردنێ دەچووین. بۆ ئەوەش نێوچاوانمان لێ تیک نەنێین وێڕای ئەوان نوێژمان دادەبەست. بەو تەمەنەی ئەو

کاتمان و بەوەندە ئەزموون و خوێندەوارییەی هەمانبوو، چ قسەیەکمان بۆ ئەو خەڵکەی پێ بوو، خودا بۆ خۆی دەزانێ! من کە بۆ خۆم بە ١٧-١٦ ساڵ تەمەنەوە بە تایبەتی شەرمم لە قسەکردن بۆ خەڵکی کەیخودا و پیاوماقووڵ و بەتەمەن دەکرد، دەبوو هەم ورە وەبەر خۆم بنێم، هەم هاندەری مستەفا و هاوڕێیانی دیکەم بم و سامیان لە قسەکردن بشکێنم.

بۆ ئەوەی مستەفا سامی بشکێ هەر جارەی شێعرێکی حەماسیی شاعیرێکم دەدایە کە بیخوێنێتەوە. خەڵک لە گەڵمان باش بوون، لە گەڵ ئەوەی ئێمە مێرمنداڵ بووین و خۆمان لێکردبوون بە سوخەنران (وتاربێژ)، بە گەرمی وەریان دەگرتین، گوێیان لە قسەمان دەگرت، پشتی قسەی باشیان دەگرتین و شتی باشیشمان وەپێش دەکەوتن. دوای ماوەیەک هەلومەرجی پێکهێنانی بنکە لە دێهاتی دەوروبەریش ئامادە بوو. هێندێک جار دەچووینە سەردانیان. دیارە بۆ خۆمان وەک ڕێکخراوی لاوانی چەشمەگۆل، چەکمان نەبوو بەڵام بۆ ئەوەی شەوگاری زستانێ بەبێ چەکی هاتوچۆیە نەکەین، بە ئاشکرا یان بەدزی باب و ماممان، ئەوانەی لە ماڵێ چەکمان هەبوو، چەکی ماڵی خۆمان دەهێنا. بابی مستەفا چەکی نەبوو، بۆیە جاروبارە دوور لە چاوی کەس‌وکارمان چەکی خۆمان دەدا بە مستەفا تا هەڵی بگرێ و لە سەر دڵی نەبێتە حەسرەت.

شەوانە لە ڕێگای گەڕانەوەماندا سەرمەستانە و لەخۆباییانە قسەمان لە سەر پێشوازیی خەڵکی دێیەکە دەکرد. ئەو کاتانەی دڵنیا دەبووین بەرنامەکەمان باش جێبەجێ بووە، لە خۆشیان لە پێستی خۆماندا نەدەحاواینەوە. دەچوومە بن گوێی مستەفا:

- لەبیرتە پێم دەگوتی بڕوات بەخۆت هەبێ، خەڵک وشیار دەبێتەوە و فەرقی کوڕەگاوانو یەکی دی ناکا؟ کێ خزمەتیان پێ بکا ڕێزی ئەو دەگرن؟

مستەفا بزەیەکی دەهاتێ و دەیگوت:

- ڕاست دەکەی، ئەوە بەچاوی خۆم دیم.

کاروباری ڕێکخراوی لاوان تا دواڕۆژەکانی هەوەڵمانگی بەهارێ بە گەرمی بەردەوام بوو. بەڵام لە گەڵ زۆر بوونی کاری مووچە و مەزرا و کورتبوونەوەی شەوەکان، لێک کۆبوونەوەی شەوانەو تێکۆشانی ڕێکخراویش کەم بۆوە. لاوەکان بە ڕۆژ ناچار بوون وەدووی کاری مەزرایە و ... کەون. مستەفاش هەر لە دێیەکەی خۆمان ڕووی کردە کرێکاری. چ لە مەزرایە کار هەبا چ لە نێو دێ، فەرقی نەدەکرد. مستەفا لە کارێ دەگەڕا.

لەگەڵ تەواوبوونی ساڵی خوێندنی ١٣٥٨-١٣٥٩، منیش ڕووم کردە پێشمەرگایەتی و بۆ دیتنی دەورەی سیاسی- نیزامی، ڕەوانەی زانکۆی حیزب لە «باغی یەنگیجە» (نێوان سەردەرابات و ئاشی گوڵانی ناوچەی بۆکان) کراین.

دوو سێ مانگ لە ناوچەی شنۆیە دوور کەوتمەوە. لەو ماوەیەدا هیچ هەواڵێکم لە مستەفای نەبوو. مانگی گەلاوێژ بوو کە هاتمەوە ناوچەی شنۆیە و بۆ سەردانی بنەماڵەکەمان چوومەوە چەشمەگۆل. زانیم لەو چەند مانگەدا، خەڵکی چەشمەگۆل ئاوێکی ئاسوودەیان بە گەروویدا نەچووەتە خوارێ. لە بەر ئەوەی چەشمەگۆل و گوندەوێڵە لە سەر ڕێگای سەرەکیی شنۆ-نەغەدە هەڵکەوتوون، هەر کە پێشمەرگە لەسەر ئەو ڕێگایە، دەستیان لە هێزەکانی ڕێژیم وەشاندوە، دوایە پاسدار و بەسیجی کە زۆرتر عەجەمی نەغەدەی بوون، پەلاماریان بردووەتە سەر خەڵکی ئەو دوو گوندە. ئەوانیش لە ترسی ئەوەی وەک خەڵکی «قارنێ» و «قەڵاتان» قەلاچۆ بکرێن، ڕایان کردوە بۆ دێهاتی دیکە و جاری وابووە بە حەوتوو ماڵوحاڵی خۆیان بە جێ هێشتوە. ماڵی کوێخا وسێنیش لەو ئاوارەییە بێبەش نەبوون.

لە نێوەڕاستەکانی پاییزێدا بوو، ڕێژیم- پێم وایە لەبەر دەستپێکردنی شەڕی ئێران-عیراق بوو- هێزەکانی خۆی لە ناوچەی شنۆیە کێشایەوە. ئیدی هیچ پایگایەکی ئەرتەش و پاسداران لەو ناوچەیە نەمان و تەنیا لە سەر کێوی «پیرناسر» کە کەوتووەتە سەر سنووری ناوچەی شنۆ و سندووس، پایەگای هێزی چەکداری ڕێژیم مابوو. ناوچەی شنۆ هێمن بۆوە و خەڵک هیوا و دڵخۆشیی بۆ گەڕایەوە. خەڵکی دێیەکەی ئیمەش، ئەوانەی ئاوارەی دێهاتی دی بوون هاتنەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان. جارێکی دیکە مستەفای کوێخا وسێنیم دیتەوە و پێوەندیم پێوە گرت.

مستەفا لەسەر هاوکاری لەگەڵ حیزب بەردەوام بوو. چەشمەگۆل لە بەر ئەوەی خەتی پێشەوەی جەبهەی شەڕ لە گەڵ ڕێژیم بوو، بنکەیەکی پێشمەرگەی حیزبی لێ جێگیر کرابوو. مستەفا، وێڕای بەردەوامبوون لە سەر کاروباری ڕێکخراوی لاوان کە ئێستا ئیدی ناوەکەی ببووە یەکیەتیی لاوانی دیموکرات، لە گەڵ بنکەی پێشمەرگەکانیش هاوکاریی گەرموگوڕی هەبوو. تەواو هۆگری خوێندنەوەی کتێب و نامیلکەی کوردی بوو و لە فێربوون و خۆپێگەیاندن غافڵ نەبوو. ئەو ببووە نموونەی لاوێکی بەهەست، ڕوحسووک، هەڵسووڕ، ماندوویینەناس لە جێبەجێکردنی ئەرکی ڕێکخراوی لاوان و هاوکاریی پێشمەرگەکان. بەڵام

داخی گران ئەوە بوو هەڵاتهەڵاتی ساڵی رابردوو، بێکاری و بێداهاتی، گرانی و نەبوونی کە سەرچاوەکەی گەمارۆی ئابووریی ڕێژیمی تازە لە سەر خەڵکی کوردستان بوو، باری ژیان و گوزەرانی بنەماڵەکانی ناخۆشتر کردبوو .

کوێخا وسێن، تەمەنی پتر هەڵکشابوو. بۆ خۆی ئیدی بە کەلکی کاری قورس نەدەهات. بە تەمای خودای و بە هیوای مستەفای دەژیا. پوور خەجیجی دایکی مستەفاش، نەخۆشی ڕووی تێکردبوو و دەبوو هەر لە هاتوچۆی دوکتور و نەخۆشخانەدا بێ. مستەفا نەیدەتوانی وەک جاران خۆی بۆ کاروباری یەکیەتیی لاوان و حیزبی تەرخان بکا. دایک و بابێکی پیر و سێ خوشک، تەنیا خودا و مستەفایان شک دەبرد. لەلایەکی دیکەوە کوێخا وسێن پێی خۆش نەبوو مستەفا ئەوەندە لەگەڵ کادر و پێشمەرگەی حیزب بێ و بچێ. هەمیشە ترسی ئەوەی هەبوو کوڕەکەی قاچاغ بێ، بکەوێتە داوی ڕێژیم یان ڕوو بکاتە پێشمەرگایەتی.

★★★

## ئەڵقەی ٩: قەفەسی زێڕین

کۆتاییەکانی هاوینی ١٣٦٠، ڕێژیم ناوچەی شنۆیەی گرتەوە و هێزی پێشمەرگە لەم ناوچەیە پاشەکشەی کرد. منیش ناچار بووم بنەماڵە و چەشمەگۆل و ناوچەی شنۆیە به جێ بێڵم. ئەو ڕۆژەی کوێخا وسێن لێی دەترسا هات. بڵێی مستەفاش وەک ئەو هەمووە لاوە حیزبی و چالاکە بکا و لە گەڵ حیزب بڕوا؟ کوێخا پێی وابوو ئێستاش درەنگ نەبووە. وا باشە کارێکی وا بکا هەوای حیزبایەتی لە کەللەی کوڕەکەی بچێتە دەر.

زوبێد وێڕا گەیشتبوو و مستەفاش هیچی لە پیاوێکی تەواو کەمتر نەبوو. خەجیجی دایکیان لە بەر کار و کوێرەوەری و نەخۆشی هەر چنگێکی لێ مابۆوە. «ژنبەژنە»یەک بۆ مستەفای لە هەموو بارێکەوە بە قازانج بوو. خۆ زوبێد هەر دەبێ مێردی بکا، جا هەتا ڕەدوو نەکەوتووە و یەکێک بۆ خۆی نەبردوە با ژنبەژنەی پێبکەن. هەم مستەفا ژنی وەگیر دەکەوت و بە ماڵێ دڵگەرمتر دەبوو، هەم بە بێ ئەوەی کۆشێک پووڵی لێ خەرج بکەن دەبوونە خاوەنبووک. ئارەزووی هەموو دایک و بابێکیش ئەوەیە زەماوەندی کوڕەکەیان ببینن، ئەویش کوڕێکی تاقانەی وەک مستەفا. پوور خەجیج لەمێژ بوو بە ئاواتی ئەو ڕۆژەی بوو کە زوبێدی کچی بە سەربڵیندی بنێرێتە ماڵە مێردی و ژنێکی گونجاویش بۆ مستەفای بێنێ. ئیدی بۆخۆی دەحەسایەوە.

کوێخا وسێن دێ بەدێ دەگەڕا، لە ماڵێک دەگەڕا تا ژنبەژنەی لەگەڵ بکا، زۆر کەس هەبوون خۆیان بە هاوشانی کوێخا نەدەزانی. دەیانگوت:

- گاوانن، کچە گاوان چیە تا ببێتە بووکمان، کوڕە گاوان چیە تا ببێتە زاوامان؟ ئەوانە هەر لە قوونڕەدەرکان گەورە بوون، بۆ ئێمە نابن.

ساڵێک تێوەرسووڕا تا کاری کوێخا سەری گرت. ماڵێکی باش لە «دوڕبە»ی هەبوو و ئامادەی ژنبەژنەی بوون. لە بەینی خۆیاندا هەموو شتێکیان بڕیەوە، کچەکانیان لە کوڕی یەکتر مارە کرد. لەو ترسانەش کە نەوەک حیزب پێبزانێ و ژنبەژنەکەیان لێ هەڵوەشێنێتەوە، کارەکەیان زوو جێبەجێ کرد. زەماوەندیان زەماوەندێکی هەژارانە بوو، وەک بووکی خەڵکی گوارە و ئەنگوستیلە و گەردنبەندی زێڕیان بۆ نەکڕیبوون. بووکیان بە دەستێک جلکی تازە و تارایەکی سوورەوە دابەزاند و، زوبێدیش هەر بەو چەشنە بۆ «دوڕبە»ی بەڕێ کرا.

مستەفا چی دیکە تۆلاس و دەمڕووتێک نەبوو، ژنی هێنابوو و ببووە پیاو. دەبوو زیاتر لە جاران کارێ بکا و بژیوی بنەماڵەکەیان دابین بکا. سەرەڕای پرتەوبۆڵەی بابی و ماندووبوونو کوێرەوەرییەکانی ژیانی تازەی، حیزبی هەر وەک جاران خۆش دەویست. دڵی هەر لای کادر و پێشمەرگەکان بە تایبەتی دۆستان و ناسیاوانی بوو. هەر کادر یان پێشمەرگەیەکی ڕێی کەوتبا چەشمەگۆلێ، لە هاوکاریکردنیان خۆی نەدەپاراست. هەتا کەسێکی باشیشی بۆ هەڵکەوتبا نامەی بۆ من دەنارد. نامەکانی بێجگە لە ڕازونیاز و قسەی خۆمانەی بەینمان دووبارەکردنەوەی وەفاداری بە خەبات و تێکۆشان و حیزب و پێشمەرگەو ئامانجەکانیان بوو. هەواڵ و دەنگوباسی دانیشتووانی چەشمەگۆل و ڕووداوەکانی ناوچەی شنۆ و یادکردنەوەی دۆستانی هاوبەش بەشێکی دیکە لە نێواخنی نامەکانی مستەفایان پێک دێنا. هەموو جارێش ئارەزووی دەکرد کە پێشمەرگە هەرچی زووتر ناوچەی شنۆیە بگرێتەوە و وەزعەکە وەک جارانی لێ بێتەوە.

کوێخا نێوەنێوە مستەفا و مەنیجی بووکی ئامۆژگاری دەکرد. جاروبارەش لە ئامۆژگاری تێدەپەڕی و دەبوو بە لێتووڕەبوون و هەڕەشەکردن. مستەفا هەر خۆی دەخواردەوە و ددانی بە جەرگیدا ڕۆ دەگرت، بەڵام تا دەهات ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەی بابی پتر لە دڵی گران دەهات. ئەخر بە گیانی ناخێری بۆتە پیاو و خاوەنژنوماڵ. ئەدی ئەو بابەی بۆ چی هێندەی لەگەڵ دەڵێ؟ بۆ لەکن مەنیجی خێزانی ئەو هەمووەی بەخۆدا دەشکێنێتەوە؟

کوێخا خراپتر دەبوو و چاکتر نەدەبوو. تا مستەفا میوانێکی لەگەڵ خۆی بردباوە ماڵێ، کوێخا بە پرتەوبۆڵە کوندەجەرگی دەکرد، ئەوەش جارێک و دوو جار نەبوو. هەر ڕۆژەی بیانوو و بەزمێکی پێدەگرت. ئیدی مستەفا گەیشتبووە ئێسکانی و نەیدەزانی چ بکا. تانە و تەشەری جحێڵی دێش لەولای راوەستێ! هەرچی دەیگەیشتێ دەیگوت:

- حەک عەمرت نەمێنێ ئەوە ئێستاش هەر ژێرچەپۆکەی ئەو بابەتی، لەکنەخۆ پیاوی! ئەوە بۆچی دێلی ئەوەندە زماندرێژی بکا؟

مستەفا نەیدەزانی چ بڵێ. خۆ نەدەکرا بڵێ بەچاوان ئەو جار هەر دەنگێ بکا شلوکوتی دەکەم. ئەگەر وڵامیشی دابایەوە:

- بەنگۆ چی؟ بابی خۆمە قەیدێ ناکا.

دەست بەجێ پێیان دەگوت:

- جا ئەگەر ئاوا خۆت بە منداڵ دەزانی ژنت بۆ چ بوو؟

دەبوو لەگەڵ ئازارەکانی خۆی ڕابیوێرێ و دەنگی لێ نەیە. ئەگەر جارێ لە جاران مەنیج پێی گوتبا:

- باشە مستەفا خۆ وانابێ؟ ئەوە چ ڕەفتارێکە بابت هەیەتی؟ هەناسەیەکی هەڵدەکێشا و بێدەنگ دۆش دادەما. قسەی ئەویش ڕاست بوو بەڵام... بەڵام چی کردبا؟ ئەگەر لێی جودا بباوە، کێ چی چاکی پێدەگوت؟ داروبەرد لێی وەدەنگ دەهاتن:

- جا ئەوە ئینسافە دایک و بابێکی داماو و دوو زەعیفە لە ژووریێدا بەجێبێڵی و بەخۆتو خانمت لێدەی بڕۆی؟ ئەوە لەبیرت چۆتەوە ئەو دایک و بابەت چۆن بە فەعلەیی‌و دەوەکەری بەخێویان کردی؟

ناچار ددانی بە جەرگیدا دەگرت و لێیان جودا نەدەبۆوە. کوێخا قسەی کەسی نەدەچووە گوێی. لە پێش چاوی دەروجیران و مەنیج قسەی سووکی بە کوڕەکەی دەکوت، تفی دەڕووی دەکوتا. زۆر جار ڕدێن‌سپیی دێ پێیان دەگوت:

-کوێخا وسێن! وانابێ بابم! بەسە ئیدی تازە کوڕەکەت ئەلحەملای بۆتە پیاو. بۆ هێندەی دەشکێنیەوە؟ خودا عافووت کا، وەک کەڵی دەچاوت کردووە! کوێخا دەنگی لێ هەڵدێنا:

- ڕەببی خوا لێم بستێنێ، بریا ئەوەش هەر کچ بایە. چا نەبوو بە مێردم دەدا و لەکۆڵم دەبۆوە. جا ئەوە بۆ کوڕە، بۆ پیاوە؟ خوێرییە. هەرچی پەیدای دەکا دەیکاتە مێشێن، دەیدا بە تۆوی سوێر. شەوانە هەر لە دوکانێیە، خۆ وەماڵێ ناکەوێتەوە.

- دەی جا چ بوو. پیاوە و دەچێتە نێو خەڵکیش. با مێشێنێ بکا، با شتیش بکڕێ خۆ بەوە دونیا خراپ نابێ.

- بەڵێ بەڵێ خۆ دونیا خراپ نابێ، بەڵام ئەنگۆ زیندوو ئەمن مردوو، ژنەکەی خۆی پێ بەخێو ناکرێ.

- دەی جا چ بکا؟

- چۆن چ بکا؟ بە درێژایی ئەو ڕۆژانە بێکار دەخولێتەوە. ملی دەڵێی کاریتەیە بۆ نابێ کارێک بکا؟

- کار نیە دەنا قوڕوەسەرە کەنگێ خۆی لە کارێ بواردووە؟

- شار پڕە لە کار، ئەگەر بچتە وێ کار لە کایە زیاترە.

مستەفا ناچار ڕووی کردە شار، رایەخێک و دوو لێفە و سەرینێک و چەند قاپوکەوچک و ئیستکانی پێچانەوە، مەنیجی وەدوای خۆیدا و چوون بۆ شاری. لە شنۆیە ژوورێکی سێ بە چوار و پێشخانەیەکیان لە گەڕەکی «سەیدابات» بە کرێ گرت و شڕوشاڵاتی خۆیان لێ دانا.

ڕۆژی یەکەم دیوەکەیان ڕێکوپێک کرد. بۆ ڕۆژی دوایە مستەفا پێمەڕەکەی لەسەر شانی دانا و چووە مەیدانی کرێکاران، کاری ڕۆژێکی وەگیر کەوت. بۆ سبەینێ دیسان چۆوە مەیدانێ،کار نەبوو. ماوەیەکی چاک لەوێ چاوەڕوان ما بەڵکوو یەکێک پەیدا بێ و کرێکاری بوێ، بەڵام بێفایدە بوو. بە هەناسە ساردی و هەڵتەک هەڵتەک گەڕایەوە ماڵەکەی.

هەموو بەیانیان ئەوە کاری بوو. ڕۆژێک کاری دەست دەکەوت دوو ڕۆژان بێکار بوو. هەرچەند چاوی بابی لە سەر نەبوو و پرتەوبۆڵەی ئەوی لە سەر نەمابوو- ئەوەشی پێ خۆش بوو-، بەڵام خەمی کرێی خانوو، بێ جلوبەرگیی ڕوقیا و نازدار، هەژاری و نەداریی دایک و بابی و، ناکامی لە بنیاتنانی ماڵوحاڵێک بۆخۆی و مەنیج ئارا و قارایان لێ بڕیبوو. خەیاڵی ناخۆش هروژمیان بۆ دێنا و ئەو قسەیەی بابی وەبیر دەهاتەوە: «بەڵام ئەنگۆ زیندوو ئەمن مردوو، ژنەکەی خۆی پێ بەخێو ناکرێ». ئەم فکر و خەیاڵانە دڵییان ڕێک دەگوشی...

ڕۆژێک کە کاری وەدەست کەوتبوو بۆ نانی نیوەڕۆیە نەهاتەوە لای مەنیج. ماڵ لەم سەری شار و ئەو لەو سەری شاری، تا هاتباوە ماڵێ و نانی خواردبا و گەڕابایەوە لە کارەکەی دوا دەکەوت. بۆیە لە قاوەخانەکەی پێشەوە لای دا و داوای نانوکەبابی کرد. خەریکی نان-خواردن بوو کە کوێخا بە بەر قاوەخانەکەدا ڕابرد. کوێخا خەریک بوو ڕادەبردکە مستەفای دیت. باوەڕی بە چاوی خۆی نەکرد. شەقاوێک کشایەوە دوایە و، چاکتر لە ژووریێ ڕوانی. مستەفا نانوکەبابەکەی کردبووە بابۆڵە و نیوەی خواردبوو. کوێخا پیشی خواردەوە، دەیەویست لێی وەژوور کەوێ و، بە سەریدا بڕووخێ. باشە کوڕەکەی ناردووەتە شاری کە کرێکاری بکا یان کەبابان بخوا؟ جێی نەبوو دەنا لە مستەفا وەژوور دەکەوت و ئابڕووی دەبرد. ڕقەکەی بۆ ئێوارە هەڵگرت.

★★★

## ئەڵقەی ١٠: زۆرەوانیی ژیان و مردن

مستەفا ئێوارە دەستی لە کار هەڵگرت و بەرەو ماڵ بۆوە. کوێخا کە پێشتر چووبووە ماڵی کوڕەکەی، بە نێوچاوانی گرژەوە لەبەر دەرگای حەساریٚ وێستابوو. چاوەڕێی هاتنەوەی کوڕەکەی بوو. مەنیج کە یەک دوو سەعاتێک دەبوو پرتەوبۆڵە و هەڕەشەکانی خەزووری بەسەردا باریبوو بە نیگەرانییەوە لە کەلێنی پەنجەرە شکاوەکەی ژوورەکەیانڕا چاوەڕوانی ساتی گەڕانەوەی مێردەکەی بوو. کۆڵان نێوە نێوە خەڵکی پێدا ڕادەبرد. لەبەر دەرکەی زۆر لە ماڵەکانیش خەڵک دوو دوو- سێ سێ وەستابوون و خەریکی قسە و باسی خۆیان بوون. لەپڕ هەموو ئاوڕیان دایەوە. نەڕەنەڕی کوێخا سەرنجی هەموویانی ڕاکێشا:

- خوێڕی! لە دێڕا هاتوویە ئێرە کرێکاریم بۆ بکەی یان بە کەیفی خۆت ڕایبوێری؟

کویخا لای دەرگای لە مستەفا گرتبوو. یەکبین جنێوی پێدەدا، دوعای لێدەکرد، تفی داویشتێ. ئەوخەڵکەی لە کۆڵانێ ئەو دیمەنەیان دەدیت سەریان سوڕمابوو. نەیاندەزانی چ شتێک بووە بە هۆی ئەوەی ئەوکابرایە ئاوا دەرهەڵبێ و ئەم کوڕە بەم جۆرە جنێوباران بکا.

مستەفا حەپەسابوو، وەک پەیکەرێکی بێ گیان لە زاری بابی ڕامابوو. سەرسوڕمانی خەڵکەکە و ڕامانیان لەو هەڵسوکەوتەی بابی لە گەڵ وی، ئەوەندەی دیکە داخدار و خەفەتباریان کردبوو. مەنیج خۆی پێ ڕانەگیرابوو، هاتبووە حەوشەی ماڵەکەیان. دوودڵ

بوو، بچێتە کۆڵانێ و بە گژ خەزووریدا بچێتەوە؟ ئەدی ئەگەر لەبەرچاوی ئەو خەڵکەی، کوێخا ئەویشی وەبەر جنێوان دا؟

حەشیمەت هەروا سەیری کوێخا و مستەفای دەستەوەستانیان دەکرد. هەراهەرای کوێخای دەگەیشتە یەک دوو کۆڵان ئەولاتر. مستەفا زوو زوو نیگاکانی لە سەر بابی ڕا دەگوێزتەوە بۆ لای مەنیج کە لە حەساری هەراسان و پەشۆکاو لێی دەڕوانین، دوایەش ئاوڕێکی خێرای لەو خەڵکە دەدایەوە کە لەبەر دەرکی ماڵەکانیان، یان لە پەنجەرەکانەوە تەماشای ئەوانیان دەکرد. ئەو خەڵکەی بینەر و بیسەری ئەو هاتوهەرایەی بابی بوون تا دەهات زیادی دەکرد. ساتەکان زۆر بە درەنگی تێپەر دەبوون. مەنیج بە چەپۆکان لە سەری خۆی دەدا. مستەفا لە پاڵ خۆیدا هەستی بە پووکانەوە دەکرد. شەرم، ڕق، تووڕەیی‌و بێزاری هەمووی وێکڕا هروژمیان کردبووە سەری. ئەخر ئەو چ تاوانێکی گەورەی کردوە کە شایانی ئەو سووکایەتی‌پێکردنەی بابی بێ؟ هەر لە بەر ئەوەندەی ئەمڕۆ نیوەڕۆیە بە گیانی ناخێری لە جیاتی بێتەوە ماڵێ و شۆرباوباینجانی بخوا، نان‌وکەبابی خواردوە!

مستەفا ورتەیەکی لێوە هات، کوێخا ئامبازی بوو. کوڕەکەی وەبەر مست و پێلاقان دا. جنێو و کەفپڕژاندنی کوێخای، «ئەیەڕۆ»ی مەنیجی، «بۆچی ئابڕوومان دەبەی» مستەفای و لۆمە و دوعای دەروجیرانان ئاوێتەی یەک ببوون. مەنیج بە خۆی نەوەستا و بە خۆڕنین هاتە پێشێ، ویستی بکەوێتە نێوان خەزوور و مێردەکەی.

خەڵکەکە کە تا ئەوکاتە لە دوورەوە تەماشای ئەو ڕووداوەیان دەکرد خۆیان گەیاندنێ‌و کەوتنە بەرپیوانی، مستەفایان لەدەست کوێخا دەرهێنا و هەرچی لە لۆمە و سەرزەنشت بە زاریاندا هات، حەواڵەی کوێخایان کرد. کوێخا کە خۆی بەرەوڕووی تووڕەیی و بێزاریی خەڵکەکە دیتەوە، پێچ و کلاوەکەی خۆی لە سەرعەرزی هەڵگرتەوە و بە هەناسەبرکێ و بە جنێودان لە حەشیمەتەکە دوور کەوتەوە.

خەڵکەکە هەر بابایەی لەبەر خۆیەوە نزا و جنێویان بەدووی کوێخادا ڕەوانە دەکرد. ئەو شەوە لە هەموو ماڵەکان باس باسی سووکایەتیی کوێخا بەو کوڕە بەستەزمانەی بوو.

دەروجیران و خاوەنماڵ مستەفایان بردەوە نێو حەوشەی. جیرانەکان لە حاڵێکدا لە بەر خۆیانەوە قسەیان بە کوێخا دەگوت و دوعایان لێ دەکرد، بە جێیان هێشتن. خاوەنماڵ و ژنەکەی، وەک هاودەردی مەنیج و مستەفایان هێنایەوە ماڵی خۆیان و دانیشتن. هیچیان

هۆشیان نەببوو دەرگای حەوشەکە داخەن. پیاوی خاوەنماڵ گورج هەستا و دەرگای حەوشەی داخست.

ژن و مێردی خاوەنماڵ وێڕای مەنیج بە سۆزەوە لە سەروسیمای پەرێشان و هەنیسکدانی مستەفا ڕامان. مستەفا هەتا ئەو کاتە کەڕوکاس و لاڵ ببوو. نە قسەی دەکرد نە هیچی دەبیست. چاوی بڕیبووە سووچێکی میچەکە، دوای چەند دەقیقەیەک یەک بەخۆی لە پرمەی گریانێ دا. کانیی گریانی تەقیەوە، تا ئاوی لە چاوان بڕا هەر گریا. مەنیچ هەروا دەستەوئەژنۆ بەرامبەری دامابوو. خاوەنماڵ و ژنەکەی دڵخۆشیی مستەفایان دەدایەوە، بەڵام دەروونی ئەو گڕکانێکی نائارام بوو، بەو زووانە هێور نەدەبۆوە.

دارو دیوار بۆنی بێزاریی لێ دەهات. بێزاری لە کوێخا، لە چارەڕەشی لە ژیان، لە هەموو شتێک. مستەفا تەکانێکی لە خۆی دا و هەستایە سەر پێ و دەستی کرد بە جنێودان، جنێو بەخۆی، بە کوێخا، بە دایکی، بە بەختی، بە خودا، بە هەموو کەس، بە هەموو شتێک. هەروا بەدەم جنێودانەوە بەرەو دەرگای دیوەکەی خۆیان ڕۆیی، خۆی بەوێدا کرد و، خێراش دەرگاکەی لە سەر خۆی داخست. مەنیج و خاوەنماڵ لەم دەرگا لەسەرخۆداخستنەی مستەفا کەوتنە گومان. دڵی مەنیج ئۆقرەی نەگرت، دەرگاکەی پاڵ پێوەنا، داخرابوو. بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- ئەو دەرگایەی بکەوە بۆ داتخستووە؟

- مەیەنە ژوور و لە کۆڵم بنەوە!

- بۆچی داتخستوە؟

- دوایە بۆ خۆتان دەزانن!

مەنیج ترسی ڕێنیشت. لەوە ترسا مستەفا بەڵایەکی بەسەر خۆی بێنێ. دەستەوداوێنی خاوەنماڵ بوو. تکا و داوای خاوەنماڵ فایدەی نەبوو و مستەفا دەرگاکەی لێ نەکردنەوە. بە پێلاقە وەرگەڕانە دەرگاکە، لە ڕێسمەیان برد و چوونە ژوورێ. مستەفا شووشەی دەرمان کێچی لەسەر تاقچەی هێنابووە خوارێ، سەرەکەی هەڵگرتبوو و خەریک بوو زارکی شووشەکەی بە دەمیەوە بنێ. خێرا گەیشتنە سەری و بە زۆری لە دەستیان دەرهێنا. مەنیج شووشەکەی لەگەڵ خۆی برد و شاردییەوە. خاوەنماڵ بە خۆی و ژنەکەیەوە لە کنیان

دانیشتن و ماوەیەکی چاک قسەیان بۆ کردن. مستەفا متەقی لێوە نەدەهات. کاتی هەستان، پیاوی خاوەنماڵ مەنیجی بانگ کردە پێشخانە و پێی گوت:

- لێی وشیار بە نەوەک بەڵایەک بەسەر خۆی بێنێ.

مەنیج هاتەوە و لە تەنیشتی دانیشت. ویستی چایەکی ساز بکا، مستەفا گوتی:

- قومێکم ئاو دەیە، چای ناخۆم.

هەتا لای نیوەشەو دەردی دڵیان بۆ یەک هەڵڕشت. مستەفا نێوە نێوە گریانەکەی دەبڕایەوە و دوایە سەرلەنوێ فرمێسکەکانی دەهاتنە خوار. مەنیج خۆی پێڕانەگیرا و بە گریانەوە دەستی لە ملی کرد. لاواندییەوە، دڵخۆشی دایەوە:

- قەیدێ ناکا، دەبێ بەخۆت بوەستی. چۆن بیرت لە خۆکوشتنێ کردووەتەوە؟

- هیچ ڕێگایەکی دیکەم بۆ نەماوەتەوە.

- چۆن دڵت دێ من بە بێکەسی بەجێ بێڵی، ئەدی بیرت لە من، لەو دایکە بەدبەختەت، لەو خوشکانەت نەکردۆتەوە؟

- بیرم لە هەمووتان کردۆتەوە، ئەتوو دەچییەوە ماڵی بابت و لە پرتەوبۆڵەی ئەو کابرایە ڕزگارت دەبێ. ئەمنیش دەحەسێمەوە و لەو ژینە سەگمەرگییە ئاسوودە دەبم. با مەرۆکەش بە خەفەتی منەوە گیانی دەرچێ.

- نا ئەوە ڕێگای چارە نیە، ئەو فکرەی لە مێشکت دەرکە، بێجگە لەوەی هەموومان بەدبەخت دەبین کەسیش چی چاکت پێ ناڵێ.

- با کەس چی چاکم پێ نەڵێ. خەڵک چووزانێ هەناوی من چۆن ئاوری گرتوە؟ چووزانن ئەمن چ قورێکم وەسەری بووە؟ هەرکەس لە جێی من بێ خۆی دەکوژێ. جا ئەوە ژیانە؟ لە ژیانمدا ڕۆژێکم خۆشی لێ میوان نەبووە، چار هەر ئەوەیە. بەس نیە چیدیکە خەجاڵەتی تۆ نابم. چی دیکە خەڵک بۆ تەماشای من و بابم نایەنە کۆڵان و سەربانان.

ئەو شەوەی زۆریان قسە کرد. مەنیج دڵنیا بوو کە قەناعەتی بە مێردەکەی هێناوە وەدوای ئەو فکرەی نەکەوێ. مستەفا بەڵێنی پێ نەدا بەڵام قسەشی لێ نەکردەوە. بۆیە مەنیج هێور بۆوە. مستەفاش کە ماندوویی ڕۆژی ڕابردوو و ئەو سووکایەتییەی بابی پێی کردبوو، تەواوێک شەکەتیان کردبوو چاوی لەسەر یەک دانا و خەوی لێکەوت. مەنیج بەرقەکەی کوژاندەوە و بەسپایی لێفەکەی بەسەر خۆیان هەڵکێشا.

## ئەڵقەی ١١: دوایین بڕیار

مستەفا بەیانی کە لە خەوێ هەستا ڕووداوەکەی دۆینێی وەک خەونێکی ناخۆش هاتەوە بیر. باوەڕی بەوە نەدەکرد ئەوەی ڕووی دابوو ڕاست بوو و خەون نەبوو. هەرچی زۆرتر بیری لێدەکردەوە زیاتر خەفەتی پێوە دەخوارد. پێی خۆش نەبوو لە ماڵێ بچتە دەرێ، پێی وابوو هەر پێ بنێتە کۆڵانێ خەڵک بۆ تەماشای ڕیز دەبەستن، قامکی بۆ ڕادەدێرن و بە یەکتری دەناسێنن. زۆربەی کاتی ئەو ڕۆژەی بە ڕاکشان و بیرکردنەوە و بیدەنگی تێپەڕ کرد.

لای ئێوارێ بە نابەدڵی تا سەر لێواری چۆمی ڕۆیشت، چۆمەکە هەر چارەگە سەعاتێکیان لێ دوور بوو. مەنیج کە هێشتا تەواو لێی دڵنیا نەبوو نەیدەهێشت لەبەر چاوی ون بێ. لەسەری کۆڵانەکەڕا دووربەدوور چاوەدێریی دەکرد. مستەفا بێهێز و لەرزۆک ببوو. دەستەکانی، تەنانەت ئەژنۆکانیشی دەلەرزین. تا خەم و پەژارە و ناهومێدی هێرشیان بۆ هێنابا وای لێدەهات. بەڵام هی ئەوجاری وەک جارانی دیکە نەبوو.

ماوەیەک بەسەر خیزەڵانەکەی قەراخ چۆمیدا هەنگاوی نا. هێدی هێدی هەنگاوی دەنا، کە سەری هەڵدێنا و تەماشای دووری دەکرد دڵی ئەوەندی دیکە دەگیرا. هەتا ئاوڕی لە لای مەنیج و ماڵۆچکەکەیان دابایەوە ئاخێکی بەسۆزی هەڵدەکێشا. ڕۆیی ڕۆیی هەتا گەیشتە بەردێکی گەورە. لەسەری هەڵتروشکا و دەستەکانی لە دەوری لاقی گرێ دا. دوایەش دەستی بۆ

گیرفانی برد و پاکەتە سیغارە «زەڕ»ەکەی کە ماوەیەک بوو وەلای نابوو، دەرهێنا. دوو سیغاری بە دووی یەکدا کێشا. ڕۆژ لە ترۆپکی چیاکانی ڕۆژاوای شار نزیک دەبۆوە. کاتێکی باشی بەدەستەوە بوو بۆ بیر کردنەوە و ساغکردنەوەی بڕیاری خۆی.

«سەیدابات»، ئەو گەڕەکەی ژوورێکیان لێ بەکرێ گرتبوو، کەوتبووە بەرامبەری و لە پێش چاوی ئارام دیار بوو. ئەگەر ملی بەلای ڕاستدا وەرسووڕاندبا تیشکەکانی هەتاوی ئێوارەی بەهارێی دەدی کە بە نێو لقی دارەکاندا ڕەت ببوون و شەقام و کۆڵانەکانی شاریان زێڕوەشان کردبوو. لە دەستی چەپیشی، لە لای ڕۆژهەڵات دیمەنی دووری چیای «پیرناسر» و دوایەش چەشمەگۆل، زێدی خۆی لێ دیار بوو. نیگای لە سەر پیرناسر چڕ دەکردەوە، دوایە دەیگوێزتەوە بۆ سەر چەشمەگۆل، پێی خۆش نەبوو بەپەلە ئەوێ بە جێ بێڵێ و ماوەی بە خۆی دەدا بگەڕێتەوە سەر بیرەوەرییەکانی منداڵی. پاشان بە نابەدڵی چاوی لە سەر چەشمەگۆل هەڵ دەگرت، بەسەر گوندەوێڵە، سەیداوێ، پرداوێ، سەوجە، خاڵتاوێو قرۆشاوێدا نیگای خۆی دەگوێزتەوە بۆ خیزەڵانی بەستێنی چۆمی شاری، تا دەگەیشتەوە بەردەمی خۆی. ئینجا بە لای چەپدا ئاوڕی دەدایەوە و، ئەو گەڕەک و شەقامەڕێیانەی کەوتبوونە لای سەرووی چۆمی شاری، دەکرد بە ئامانجی ڕوانینەکەی.

مستەفا بە ڕواڵەت لە دیمەنەکانی دەڕوانی بەڵام بیر و خەیاڵی بە شتێکی دیکەوە بە هەڵوێزتنی شریتی بیرەوەرییەکان، ئاوات و خۆزگەکان، ئازار و مەینەت و ناکامییەکانی دوو دەیە لە تەمەنی خەریک بوون. مستەفا ڕابردووی خۆی وەک فیلمێکی سینەمایی هێنابۆوە بەر چاوی. بەڵام شریتی چی؟ وەک شاعیر دەڵێ: «سەراپا سەرگوزەشتەی نائومێدی بووا فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەس‌هێنانی لاوی بوو»! ڕووداو و بیرەوەرییە خۆشەکان یان زۆر کەم بوون یان وەبن بەسەرهاتە ناخۆشەکانی ژیانی کەوتبوون. خۆزگە و ئاوات و ئارەزووەکانی ببوونە بڵقی سەر ئاو و، ئەوەی بە کردەوە و لە ڕاستیدا بۆی مابۆوە، کوێرەوەری، نەحەسانەوە، تێکشکان و داڕووخان بوو.

نێوچاوانە مۆنەکەی «مەڕۆکە» بۆ ساتێکیش لەپێش چاوی لانەدەچوو. هەر چی زیاتر بیری لە ڕابردووی خۆی دەکردەوە و لە وێستگەکانی ژیانی ورد دەبۆوە، لە ژیان بێزارتر دەبوو و ئاگری نێو هەناوی پتر دەگەشایەوە. خۆشی و ناز و نێعمەتەکانی ئەم دنیایە هیچی بۆ ئەو

نەبوون. ئەو لە ژیانیدا خۆشیی نەچێشتبوو، کە وایە بۆ دەبێ حەز لە بەردەوامیی ئەو ژیانە بکا؟ بۆ لە جیاتی هەر ڕۆژەی جارێک بمرێ، جارێک بۆ هەمیشە نەمرێ؟

سیغارێکی دیکەی داگیرساند، لە گەڵ دوامژی سیغارەکەی لە جێی خۆی هەستا و بەرەو ماڵ گەڕایەوە. لە دوێنێ ئەو وەختانەوە، ئاو و دووکەڵی سیغار نەبێ شتێکی دیکە بە گەرووی مستەفایدا نەچووبووە خوار. مەنیج لێی پرسی برسیت نیە؟

- ئیشتیام نیە.

کرۆکپ لە گۆشەی ژوورەکەیان دانیشت و دووبارە چاوی لە میچەکە بڕی. مەنیج سەری سوڕ مابوو. مستەفا دەتگوت قفڵی لە زاری دراوە. نە قسەی دەکرد، نە هیچی دەخوارد. خواردنی تەنیا دووکەڵی سیغار بوو. پێی خۆش بوو مستەفا وەک جارانی لێ بێتەوە، سەری قسانی لە گەڵ بکاتەوە، بەڵام هیچ فایدەی نەبوو. مستەفا یان دەستەوئەژنۆ دادەنیشت و لە فکرانەوە ڕۆدەچوو، یان لە سەر پشت ڕادەکشا بێ ئەوەی بنوێ. تا ماڵ-نووستنان ئەو بێدەنگییەی مستەفا بەردەوام بوو.

درەنگ کاتی خەوتنان ورتەیەکی لێ هات، دیار بوو داوای ئاڵبۆمی وێنەکانی لە مەنیج کرد. مەنیج هەستا و ئاڵبۆمەکەی بۆ هێنا. مستەفا وێنەیەکی خۆی لێ دەرهێنا، ئینجا دەفتەرو قەڵەمەکەی لە سەر تاخچەی هێنایە خوار، لە نێوەڕاستی دەفتەرەکە دوو پەڕی لێ کردەوە، بە حەوسەلە و بە شێنەیی لاپەڕی یەکەمی ڕەش کردەوە. دوایەش بە بڕێک چرێش وێنەکەی خۆی بە قولینچکی سەرەوەی لاپەڕە نووسراوەکەوە نووساند. مستەفا بە مەنیجی نەگوت چی نووسیوە، مەنیجیش نەیپرسی ئەوە چ بوو لەو لاپەڕەیەی نووسی.

بەیانی، لە گەڵ تاوهەڵات مستەفاش لە خەوێ هەستا. مەنیج ڕواڵەت و هەڵسوکەوتی مستەفای وەک جاری جاران ئاسایی هاتە بەرچاوی. مستەفا نانی نەخوارد بەڵام چایەکی خواردەوە و سیغارێکیشی لە سەر کێشا. ساکی کەلوپەلی ڕدێنتاشینی کە بە دیوار هەڵاوەسرابوو، هێنایە خوار. پیاڵەیەکی لە مەنیج وەرگرت و ئاوی گەرمی تێکرد. ڕدێنی خوساند و پاکپاک تاشی و دوایە کەواوپاتۆڵە تازەکەی لەبەر کرد. مەنیج لێی پرسی:

- بە تەمای بچیە جێیەک؟

- ئێستا نا بەڵام لەوانەیە لای نیوەڕۆیە بچم.

مەنیج وەک دوێنێ نیگەران نەبوو، قاپوکەوچک و ئیستکانەکانی هەڵگرت و چووە حەساری بۆ سەر شێرەی. ئەوە بۆ مستەفای دەرفەتێکی باش بوو. لە دوێنێوە جێگای شووشە سەممەکەی دۆزیبۆوە. مەنیج بە قاپ وکەوچک و ئیستکانشوشتنەوە خافڵابوو. هەتا مەنیج هاتەوە ژووری، تەڕایی لە شووشەکەدا نەهێشت.

مەنیج کاتێک هاتەوە ژوور، وەزعەکەی بە نائاسایی هاتە بەرچاو. مستەفا لە نیوەڕاستی ژوورەکە کەوتبوو و لینگەفرتەی دەکرد. شووشەی دەرمانکێچەکەش بە بەتاڵی لە تەنیشتی کەوتبوو! مەنیج زانی چ قەوماوە. بە هاوار و لەخۆدان خاوەنماڵ و دەروجیرانی تێگەیاند. کاتێک خەڵکەکە گەیشتنە سەری، مستەفا لە تاو ئازار حەجمینی نەبوو...

کوێخا وسین وەک ئەوەی دڵی خەبەرێکی پێدابێ، بەیانی زوو لە دێڕا وەڕێ کەوتبوو. تازە گەیشتبووە سەری کۆڵانێ، دوور چاوی بە ئاپۆرایەک لە بەر دەرکی ماڵە مستەفای کەوت. دەرکوبان لەخەڵک جمەی دەهات. کوێخا هەنگاوەکانی خێراتر کرد، دوو سێ پیاو مەیتێکیان هەڵگرتبوو، دەیانهێنایە سەری کۆڵانێ. پیاوێکیش بە پرتاو دەرۆیی ماشێنێک بێنێ‌و زوو بیگەیەننە نەخۆشخانەی. کوێخا نزیکتر بۆوە، ئەوە مستەفا بوو، هەڵیانگرتبوو. مەنیج بەدووی مەیتەکەوە بوو و بە چەپۆکان لە خۆی دەدا. کوێخا کە ئەو دیمەنەی دیت بەندی دڵی پسا. گورج خۆی گەیاندە سەر مەیتەکەی، مستەفا لە نێوان مەرگ و ژیاندا بە ئاستەم نووزەی دەهات. کوێخا کە کوڕەکەی لە گیانەڵلادا دیت لە بانگوسەڵای دا. مەنیج بە دوو سێ ڕستەی پچڕپچڕ خەزووری لە کارەساتەکە گەیاند.

خاوەنماڵەکەیان گورج جیبێکی ڕاگرت و هێنایە سەری کۆڵانێ. مستەفایان لە نێوی‌دا ڕاکێشا. خاوەنماڵ لە پێشەوە دانیشت و کوێخا و مەنیجیش لە ڕیزی نێوەڕاستێ مستەفایان لە سەر کۆشی خۆیان ڕاکێشابوو. خێرا گەیاندیانە نەخۆشخانە چکۆڵەکەی شاری. هێندەی بڵێی یەکودوو دوکتور گەیشتە سەری. دوای چەند دەقیقە سەری ڕاوەشاند و گوتی:

- نەخۆشخانەی ئێرە، شتێکی وای لێ نیە. لێرە چارەی ناکرێ، بەپەلە بیگەیەننە نەغەدەی!

★★★

## ئەڵقەی کۆتایی: " من دەڵێم پەپوولەیەك فڕی "

لە شنۆیە تا نەغەدەی زۆر خێراش بڕۆن نیو سەعات زیاتریان پێ دەچێ. تازە ئەگەر جاش و پاسدار بیانوویان پێ نەگرن و مەعتەلیان نەکەن! مستەفا ساتبەسات وەزعی شپرزەتر دەبوو، بە دەم جینگڵدانەوە دەیناڵاند:

- بۆ خاتری خوای فریام کەون! پەشیمانم، ئەی هاوار! بۆ وام لە خۆم کرد؟

شۆفیر جنێوێکی تەڕی حەواڵەی خومەینی و ڕێژیمەکەی کرد:

- توخوا ئەوە حاڵە؟ شارێکی وەک شنۆیە، نەخۆشخانەیەکی وای نەبێ فریای نەخۆشێکی بەپەلە بکەوێ! جا دوکتور و نەخۆشخانە بە کەلکی حاڵەتێکی وا دێ، نەغەدە و ورمێ بەمە چی؟ نەخۆش هەتا دەگاتێ....

قسەکەی تەواو نەکرد، ئاوڕێکی لە نەخۆشەکە دایەوە. مستەفا لە تاو ئێش و ئازار، هەر ئەم کەلەکە و ئەو کەلەکەی دەکرد. کوێخا بە داماوییەوە داوای لێ کرد خێراتر بڕوا بەڵکوو زوو بیگەیەننە نەخۆشخانەی نەغەدەی.

هێشتا هومێدێکیان هەبوو. ماشێن لەنێو دڵەکوتە و دوعا و گریانی مسافیرەکانیدا وەک بای بەرەو نەغەدەی ڕێگای دەبڕی. شاری شنۆیەیان لە چاوی ون نەببوو، تازە گەیشتبوونە

کلکەی خانلەری، مستەفا دواهەناسەی هەڵکێشا و گیانی دەرچوو. بە «ئەی ڕۆڵەڕۆ»! ی کوێخا و لە بانگدانی مەنیج، شۆفیریش لە ئەنجامی کارەساتەکە گەیشت. بە شۆفیریان گوت:

- بڕۆ بۆ چەشمەگۆلێ!

کوێخا و مەنیج لەبەر یەکیان دەگێڕایەوە. هەر یەکەی بە جۆرێک بە مستەفایان هەڵدەگوت: ئەی ڕۆڵە ڕۆ! بۆ بێکەست کردم! پشتت شکاندم! ئەی لەخۆم بێکەسێ!

دە دەقیقەیەکی دیکە ڕێگایان بڕی. ماشێن ڕووی کردە چەشمەگۆلێ، لە ماڵەکانی سەرەوەی گوند تێپەڕی، بۆ نێو ماڵەکانی نێوەندی ئاوایی داگەڕا. بە ئیشارەتی کوێخاوسینی لە بەر دەرگای ئەوان ڕایگرت. ئەو خەڵکەی نێو دێ کە هاتنی ماشێنەکە و شیوەن و ڕۆڕۆی کویخا و بووکەکەیان لە نێویدا دیتبوو، لەگەڵ ماشێنەکە گەیشتنە بەردەرگای ماڵە وسێنەکەچەی.

پوور خەجیج لە سەر تەندووری بوو، نانی پێوە دەدا. لەنێو ماڵێ‌ڕا گوێی لە هاوار و شیوەنی کوێخا و مەنیجێ بوو، نرکەی لە دڵی هات. بە پێخواسی هەڵاتە دەرێ. دوو سێ پیاو مەیتی مستەفایان دێنایە خوار. بە خۆڵوەسەرکردن و ڕوورنین خۆی گەیاندە سەر تەرمەکەی. نەیدەزانی چ ڕووی داوە؟ مستەفا چی لێ هاتوە؟ مردووە؟ گوێی لێ بوو یەکێک بە خەڵکەکەی دەگوت:

- دەرمانی خواردوە، لای چێشتانێ شووشەیەک دەرمانکێچی وەسەری خۆی گێڕاوە، لە نەخۆشخانەی شنۆیە هیچیان بۆ دەگەڵ نەکرا. بە داخەوە فریا نەکەوتین بیگەیەنینە نەغەدەی، لە ڕێیە تەواو بوو.

خاوەنماڵەکەی مستەفا، ڕووداوەکەی بە دەم هەڵگێڕوەرگێڕی تەرمی مستەفاوە بۆ خەڵکی دێ دەگێڕایەوە. کوێخا لە سەروزمان کەوتبوو، کەیخودا و ڕدێن‌سپی دەوریان دابوو. دوو کەسیش چووبوونە بنهەنگڵی و دەیانەویست هەڵی هەستێننەوە. پوور خەجیج و مەنیجێ بووکی لە سەر تەرمی مستەفای دەگریان و بە نۆرە دەبوورانەوە. نازدار و ڕوقیا لە قەراغ ماڵان لە بژاری بوون، دەنگی گریان و ڕۆڕۆی دایکیان ناسیەوە و بە پەلە خۆیان گەیاندەوە ماڵێ. لە حەساری ماڵێیان ڕۆژی حەشرێ بوو، ئەوانیش بەشداری گەرمەشینی برای تاقانەیان بوون.

هەتا تەرمەکەیان بردە مزگەوتێ و شوشتیان و کفنیان کرد، زوبێدیش لە گەڵ مێردەکەی و خەسوو و خەزووری لە «دوڕبە»ی ڕا گەیشتنەوە چەشمەگۆلێ. خەجیج بە نۆرە دەستی لە ملی زوبێد و مەنیج وەردێنا و بە سێ قۆڵی لە بانگ‌وسەڵایان دەدا. کوێخا وسێن، ببووە جەندەکێکی نیوەگیان و بە زەحمەت دەجووڵایەوە. خۆی بە سەبەبی مردنی مستەفا دەزانی و نەیدەزانی بۆ مستەفای جوانەمەرگی بگری؟ بۆ حاڵی خۆی قوڕ بپێوێ یان بۆ لێقەومانی خەجیج و مەنیج و کچەکانی؟

ئەوێ ڕۆژێ هەموو چەشمەگۆل لە گەڵ ماڵە کوێخا وسینی دەگریان.

پاشنیوەڕۆ، قەبری مستەفای ئامادە بوو. تراکتۆر و ماشین بەرەو گۆڕستانی حەسەننووران سەریان دەدووی یەک نا. خەڵکی حەسەننووران و دێهاتی دەوروبەریش بۆ ئەسپەردەکردنی مستەفای کوێخاوسێنی هاتن.

لە نێو شین‌وشەپۆڕی بنەماڵەی کوێخا وسێن و لە نێو فرمێسکی خەڵکێک‌دا کە جگە لە ڕەنجبەری، ڕوحسووکی، چاکە و مێهرەبانی، شتێکی دیکەیان لە مستەفا نەدیتبوو، تەرمی مستەفای بە خاک سپێردرا.

لە ڕاست بە راستی ئەو «قەڵاتگە» و «ڕکاوێ» و «گردی مێلاقان»ەی مستەفا ژیانی بە قازەوانی لە داوێنیان‌دا دەست پێکرد؛

ڕووبەڕووی «سێ گردان»، ئەو تەپۆڵکانەی مستەفا و هاوالانی ئەو هەمووە شتە سەیرەیان لە بارەی مێژووەکەیان و شتە حەشاردراوەکانی ژێریان لەم و ئەو بیستبوو؛

بەرامبەر ئەو «بارەخیز»و «مەندەجۆ»و قۆرغ و مەزرایەی هەر بە منداڵی دابڕان لە قەڵەم و کتێب و هەڵگرتنی داری «گاوانی»یان بە دەست مستەفاوە دیتبوو؛

لە سەر بەرزاییەک کە دەیڕوانیە ئەو زەوییانەی مستەفا هەر فەعلەیی لە سەر کردبوون و هیچ کات لە سەریان نەحەسابۆوە؛

گڵکۆیەکی دیکە لە قەبرەکانی گۆڕستانی حەسەننووران زیاد بوو،گڵکۆی لاوێکی٢٢ساڵەی ڕەشوڕووتی بەخۆزگە و ئاوات‌نەگەیشتووی سەر بە بنەماڵەیەکی هەژار.

ئەو کێلەی کەوتووەتە ژوور سەری مردووی نێو ئەم گڵکۆیە، بە خەتێکی جوان ناوێکی لە سەر هەڵکەندراوە: «مصطفی روانپاک». لە سەر ئەو کێلەوە ئەگەر بڕوانیە لای ڕۆژاوایە، شاری شنۆ و دەشتی شنۆیە بە هەموو جوانییەکانیانەوە دیارن. پشکی مستەفا لەو هەموو

جوانییانە، ئەم دوامەنزڵگە تەنگەبەرە و ئەم شۆڕەتە جوانە بووە: «ڕەوانپاک»! شۆڕەتێکی بە ڕاستی گونجاو بۆ ڕاکشاوی نێو ئەو گڵکۆیە. بڵێی ڕەوانی هیچ مەخلووقێک، لە هی مستەفا پاکتر بووبێ؟!

ئەو سەرکانی و ڕێوبانانەی لەگەڵ مستەفا و مێرمندالانی هاوتەمەنمان لێیان کۆ دەبووینەوە و خۆزگە و خەونەکانمان بۆ داهاتوو بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، لێرەوە لە سەر گڵکۆی مستەفاڕا، هەموویان دیارن. ئەو دێیانەش کە شەوانی زستان لە گەڵ مستەفا خەڵکمان لە مزگەوتەکانیان کۆ دەکردەوە و لەبارەی کوردایەتی و ڕزگاریی نەتەوە و نیشتمان بۆیان دەدواین، هەموویان لێرەوە بەدی دەکرین.

بێگومان ئەگەر مستەفا کەمێک زووتر لە دوابڕیاری ژیانی پەشیمان ببایەوە، ئەگەر لە جیاتی خۆکوشتن پەنای بۆ ڕێگاکانی دیکەی بەربەرەکانی لە گەڵ ژان و ئازارەکانی ژیان بردبا، ئەگەر دنیا جەهەننەمییە گەورەکەشی پێ نەگۆڕابا، لانیکەم دەیتوانی دنیا بچووکەکەی خۆی و مەنیجو دایک و خوشکەکانی کەمێک باشتر بکا. یان هەر نەبێ نەدەبوو بە خەم و خەفەتێکی تا هەتایی لە سەر دڵی ئەوان و هەموو ئەوانەی وەک من خۆشیان دەویست.

**(گەورەدێ، ڕەشەمەی ١٣٦٤، مارسی ١٩٨٦)**

★★★

## چەند دێرێك دوای ٣٧ساڵ:

نێوەڕاستەکانی بەهاری ١٣٦٢ (١٩٨٣) لەگەڵ هاوڕێیەکم لە یەکیەتیی لاوانی نەغەدە، بە مەئموورییەتێک هاتبووینە ناوچەی سندووسی سەریێ. ڕۆژێک سەردانی دێشەمسمان کرد. دوانیوەڕۆ لە دەرەوەی ئاوایی قەدەممان لێ دەدا کە کەسێکی خەڵکی چەشمەگۆل تووشمان بوو. بە دڵپڕی خەبەری خۆکوشتنی مستەفای پێدام.

مەرگی مستەفا بۆ خەڵکی دیکە، کەمبوونەوەی ناوێک لە لیستی ناوی میلیۆنان ئادەمیزادی سەر رووی زەوی بوو. تەنانەت بۆ خەڵکی چەشمەگۆلیش سڕینەوەی بەرەبەرەی لە یاد و بیرەوەرییەکان بوو. بەڵام لای من، دەسپێکی لە دایکبوونی بڕیاری بە ئەبەدی-هێشتنەوەی ناوی و پاراستنی بیرەوەری و خۆزگە و ئاواتەکانی دنیای جوانی کوڕە هەژارێکی بە راستی «ڕەوانپاک» بوو. لە مێژ ساڵە «م.رەوانپاک» بووە بە دووهەم ناوی خوازراوی سەر نووسینەکانی من. بەم جۆرە، «مستەفا ڕەوانپاک» لەگەڵ مندا، هەتا ئەو ڕۆژەی لەژیان دام و بۆ ئامانجەکانی مستەفاکانی وڵاتم لە خەبات و تیکۆشاندام، دەژی.

**کۆیە، ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٩(٣ی ئاپریلی ٢٠٢٠)**

★★★

# فەرهەنگۆك

## فەرهەنگۆك[٢]:

**ئارا و قاراو:** ئارام و قەرار. ئۆقرە، حەجمین.

**ئامباز:** دەستویەخەگرتن، پەلاماردان.

**ئەمنیە:** چەکداری حکوومەتیی سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی کە دوایە جێگای خۆی دا بە ژاندارمە.

**ئیسلاحاتی ئەرزی:** ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بوو لە گۆڕینی سیستەمی ئاغا و رەعیەتیدا کە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی، ١٩٦٢ی زایینی) لەلایەن محەمەد رەزاشاوە لە ئێراندا پێکهات و بە پێی ئەم چاکسازییە لە زەوی و زاری کشتوکاڵیدا، زەوییەکان لە ئاغاکان سەندرانەوە و بەسەر وەرزێڕاندا دابەش کران.

**بارەخیز:** دەراوێکی خیزەڵان لە مەندەجۆدا.

**باهۆ:** شان و بازوو.

**بژار:** هەرگیایەکی خۆڕسك، کێشە بۆ بەروبووم دروست بکات. بژارکردن واتەهەڵکەندن و ڕنینەوەی ئەو گیاوگۆڵانەی لەگەڵ بەروبوومەکە شین دەبن.

**بوغزاندن:** ڕقلێبوون، ناخۆشویستن.

**بەتاڵ و حەتاڵ:** بێ ناوەرۆک و خاڵی.

**بەدفەڕ:** شووم، خراپ، بە منداڵی دەستبزێو و شەڕانی دەگوترێت.

---

[٢] زەحمەتی ئامادەکردنی ئەم فەرهەنگۆکە، هاوڕێی خۆشەویستم سەنگەرشنۆیی کێشاویەتی. زەحمەتی پێداچوونەوە و ڕاستە و پاستە کردنیشیم دایە بەر مامۆستای هێژا، عەبدوڵلا حەسەن زادە. ئەو پەڕی پێزانینو سوپاسم بۆ هاوکاریی بە نرخیان.

**بەربژێر:** هەڵوەژاردنی بەرد لەو زەوییانەی بەردەڵێنن و بەهۆی باران و لافاوەوە بەردی زۆریان تێکەوتووە.

**بەرە مەزرا:** بەشە زەویوزاری ماڵێک.

**بێژینگ:** ئامرازێکە بۆ دابێژتن و وەك هێڵەك بەڵام کونەکانی گەورەترن.

**پاتاڵ:** گیانداری گەورەی ماڵی، وەك گامێش و مانگا. ماڵات، وڵسات. [ئاژەڵ پتر بۆ مەڕ و بزن بەکار دەبرێ، پاتاڵیش بۆ نێر و مێ و شیردەر و ئەستێور و یەکساڵە و دووساڵە بەکار دەبرێ]

**پاچ:** کوڵینگی یەک دەم (هەنبانە بۆرینە).

**پاراو:** تێر ئاو، زەوییەك کە بەتەواوی ئاو درابێ.

**پڕتاو:** غاردان، لینگدان.

**پەرێز:** زەوی پاش دروونەوەی بەروبوومەکەی.

**پەڕە قاز:** باڵ و پەڕی قاز. پەرەمووچی قاز.

**پێلاقە:** بەپێ ولاق لێدان.

**پێنازین:** شانازی پێوە کردن، خۆ پێوەهەڵکێشان.

**تۆپی داری:** يارییەکی منداڵانە و بە دار لە تۆپێکی بەقەد تۆپی تێنس دەدەن و جار هەیە تۆپەکە لە پەڕۆ دروست دەکەن.

**تۆسن:** تووڕە، قەڵس. بەکەسێك دەگوترێت هەر بەبێ هۆ تووڕەیی بە روخسارەوە دیار بێ. گرژو مۆن.

**تۆلاس:** تۆلاز، لاوی چاولەوەڕێن و ژنباز، هەرزەکاری دلدار (هەنبانەبۆرینە).

**جووتبەندە:** ئەو جوتیار و وەرزێڕانەی کەرەسەی زەوی کێڵانیان هەیە و خاوەنی زەویوزاری خۆیانن.

**جۆماڵ:** خاوێنکردنەوەی جۆگەی ئاو لە قوڕ و لیتە و قەوزە. پاکردنەوەی لەو گژو گیایەی دەبنە بەربەستی ئاوەکە.

**جێخوون:** جۆخین، خۆیان، جێ خەرمان، ئەو شوێنەی بەربووم و دانەوێڵەیەی لی کۆ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی کا و دانەکەی لێك جیا بکرێتەوە، سووری خەرمان.

**جێنگڵدان:** ئۆقرەنەگرتن لە تاو ئازارێکی زۆر. جووڵەکردن لەتاو ئێشێکی زۆر..

**حەپەسان:** عەبەسان، واق ورمان، سەر سورمان، سەرسام بوون(هەنبانە بۆرینە).
دانوویان پێکەوە نەدەکوڵی: دەســـتەواژە یان ئیدیۆمێکە بۆ نەگونجانی دووکەسی هاودژ لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتدا دەگوترێ.
**دورمەغ:** ئـامرازێکی ئـاســـنینە بۆ کۆکردنەوەی وردەگیـا و بەرد و ســـنـدەگڵ، چنگاڵی سەربەرەوخواری هەن.
**دەســـتە نوێن:** پێخەفی نووســـتنی یەک کەس، ئەو جاجم یان چارشـێوەی پێخەفیان تێدا دەپێچایەوە.
**دەرمانکێچ:** ژاری قڕکردنی زیندەوەری ورد، بەتایبەتی ژاری لەناوبردنی کێچ و ئەسپێ و رشك.
**دەرکوبان:** بەر دەرگا و حەوشە. لە هەورامان و هەموو جێیەکی تەلان خانووەکان بە جۆرێك دروســت دەکرێن، ســەربانی هەرکەسـێك، دەبێتە دەرگای ماڵێکی دیکە و پێچەوانەش.. بۆیە دەرکوبانی پێدەگوترێ.
**دەرهەڵبوون:** لە کوورە دەرچوون، هەڵچوون و توورە بوون.
**دەسکەنە:** هەڵقەندنەوەی نۆك و نیسك و ماش.
**دەوەکەر:** تەپاڵەکەر، ئەو کەسەی ریخ و پاشماوەی ئاژەڵی ماڵی دەکاتە تەپاڵە.
ڕەشـایی (قەرە): گوندنشـینی بێ جووتوگا. ئەوانەی لە گوند دەژیان و نە زەوییان هەبوو و نە ئامرازێکی زەوی کێلان.
**زەڕ:** زەرەر، لێرەدا مەبەست ئەو زیانەیە کە ئاژەڵی ماڵی لە زەوییەکی چێندراوی دەدەدات.

**زیانی:** خواردنی دەغڵ و دان و شیناوەردی ماڵێک بە هۆی ئاژەڵی ماڵێکی دیکەوە.
**ژن بە ژنە:** داب و نەریتێکی ســتەمکارانەی کۆمەڵایەتییە بۆ ژنهێنان و کچبەشــوودان.. دوو بنەماڵە کچەکانیان بە یەکتر دەگۆڕنەوە بێ ئەوەی گوێ بدەنە ڕەزامەندیی کچەکان.
**ســـپاە دانش:** دامەزراوەیەکی فێرکردن و خوێندەوارکردن بوو کە لە ســـاڵی (١٣٤١ هەتاوی، ١٩٦٢ی زایینی ) لە ســـەردەمی شـــا و لەلایەن ســـەرۆك وەزیران (ئەســـەدوڵلا عەلەم)ەوە دامەزرا . لەو ســـەربازە خوێندەوارانە پێک هاتبوو کە لە خزمەتی ســـەربازی زیاد بوون، لە جیاتی سەربازی دەکرانە مامۆستای سەرەتایی لە لادێ.
**سەرانگوێلك:** گۆڤەك، شوێنێك پاشماوەی مەڕوماڵاتی لێ ڕۆدەکرێ.

**سەرەوان:** (لەم چیرۆکەدا) ئەو بەشە نەکێڵراوەی نێوان دوو زەوی، یان نێوان زەوییەک و جۆگەی ئاو کە بەیار دەمینێتەوە و بۆ لەوەڕی ئاژەڵ سوودی لی وەردەگیرێ.

**سەگمەرگی:** ژیانی ناخۆش و پڕ چەرمەسەری.

**غوراِبی:** بیسکوێت، شیرینی، هەموو جۆرە بیسکویتێك. لەسەرەتادا ناوی جۆرە شیرینییەك بووە پاشان بە هەموو جۆرە شیرینییەك دەگوترا غورابی.

**قرە:** کێشە و هەرا.

**قۆپی:** زەلکاوی قامیشەلێن، شوێنی زەل کە لە شوێنی دیکە بژوێنترە.

**قۆشمە:** بەدفەڕ، شەیتان و فێلباز.

**قۆرغ:** گۆلاوی پڕ لە زەمەند (هەنبانە بۆرینە). گیادروو و زەوی و زاری پاوان.

**قەبال:** دەستەبەر(هەنبانە بۆرینە). لەم چیرۆکەدا، مەبەست هەلگرتنی کارێک بە شەرتی تەواو کردنە.

**قەراغمان لەگەڵ تێدەکردەوە:** دەردە دلمان لەگەڵ دەکرد، دلخۆشیمان دەدایەوە. قافیەمان بۆ دەهێنایەوە.

**قەشان:** ڕەشە ولاغێک کە پەلەیەکی سپی لە نێوچاوانیدا هەبێ.

**قەلاغ:** تەپالەدێن، ئەو خانوولکەیەی هەر بە تەپالە و پاشماوەی ئاژەلی مالی دروست دەکرێ و ئاوردووی بۆ زستان تێدا هەلدەگیرێ.

**کەڵ:** نێرەی گامێش.

**کەلەوانی:** لەوەڕاندنی کەڵ و گامێش. کەلەوان ئەو کەسەیە کەڵ و گامێش دەلەوەڕێنێ. هاوتای گاوانی و شوانی.

**کەلەوەکێشی:** ملنەدان، سەرپێچی کردن.

**کەلیچە:** نێرەی گامێشە کە سێ ساڵ لە تەمەنی تێپەڕیوە و هێشتا نەبۆتە «کەڵ»ی تەواو.

**گامێش:** ئاژەلێکی مالییە، گەورەترە لە مانگا و، شیردەرە.

**گولە مەمۆلە:** گولێکی جوان و سووری بەهارییە، گولالە، مێلاقە.

**گۆیێن:** یارییەکی مندالانە.

**لارەمل:** گەردن کەچ، (لەم چیرۆکەدا مەبەست بێ ئەنوایی و چاولەدەستییە.)

**لاسار:** ئەوەی گوێ لە قسەی کەس ناگرێ، پتر بۆ مندالی مالێ بەکار دەبرێ.

**لاشەڕ:** خۆپارێز لە شەڕ و ئاژاوە، بە مرۆڤی ئارام و لەسەرخۆ دەگوترێت.

**لە فیتی:** لە گوێن، لە چیرۆکەکەدا بەمانای بەپێی بەڵگەی...

**لەوەڕ:** گیای خواردنی ئاژەڵ(هەنبانەبۆرینە).

**لەوەڕاندن:** چڕاندن و ئالف خواردنی ئاژەڵ (هەنبانەبۆرینە).

**ماڵات:** ئاژەڵی ماڵی، بەتایبەت ئاژەڵی رەشەوڵاغ و گەورەی وەك مانگا و گامێش.

**مچە:** کورتکراوەی ناوی مستەفایە لە کوردیدا.

**مەردازایی:** زیرەکی، ئازایەتی و پیاوەتی.

**مەندەجۆ:** ئەو جۆگەیە کە ڕێڕەوەکەی لێژ نیە و بە ئارامی دەڕوا.

**میراو:** ئەو کەسەی بەسەر دابەشکردنی ئاوی باغات و زەویوزار ڕادەگا.

**نەدیوبدی:** چ نەدیتەکە....

**نووسەکە:** گیایەکی خۆڕسکە، بەهۆی بوونی دڕووی ورد ورد بە جل و بەرگەوە دەنووسێت..

**نۆرە ئاو:** ئەو کاتە کە دەدرێ بە هەرکام لە وەرزێرانی ئاوەدانی بۆ ئەوەی زەوییەکانیان بە ئاوی هاوبەش بدێرن.

**نۆکەر:** خزمەتکار، کارکەر. ئەو کەســەی لە ماڵی دەوڵەمەندێك خزمەت دەکا و زۆربەی ئەو ئەرکانەی پێی دەسپێرن ئەنجامی دەدا. تایبەت نییە تەنیا بە کارێکی دیاریکراو.

**نۆڤلێت:** دەقێکی داستانی لە نێوان کورتەچیرۆک و ڕۆماندا.

**شەبکە:** کڵاوی فەرەنگی، هەر جۆرە کڵاوێك تایبەت نەبێ بە کەلتووری کوردییەوە.

**شەڕەفڕ:** شەڕەجنێو بەشێوەی نەزم و شێعر. دوو لا بە شێوەی نەزم و بە ئاوازێکی تایبەت قسە پێکتر دەڵێن.

**شــەنە:** ئامرازێکە بۆ کۆکردنەوەی گیاو و گەنم و بەربوومی دورواو، هەر وەها بۆ بەباداکردنی دەغڵی گێرەکراو بەمەبەستی لێکجوێکردنەوەی کا و دان.

**هەڵتەك هەڵتەك:** گەڕانەوەی لە شوێنێك بەبێ هیچ ئەنجام و ئاکامێك.

**هڵۆڵ:** هەڵۆڵ، ناوخاڵی (هەنبانە بۆرینە).

**هەدار:** یارییەکی منداڵانە.

**هەمزەل:** یارییەکی منداڵانە.

**هەلووکێن:** گەمەیەکی زارۆکانە بە دارێکی دوو بستی لە دارێکی دیکە دەدەن (هەنبانەبۆرینە).

**هێوەرە:** مێینەی گامێشە، کە سێ ساڵ لە تەمەنی تێپەڕیوە و هێشتا نەبۆتە «گامێش».

★★★

# وتارهكان



# بەسەرهاتێکی تاڵ
# بە قەڵەمێکی شیرین

**سلەیمان دڵسۆز**

«مچەی کەچەی» نێوی نووسینێکی گرینگی هاوڕێی خۆشەویستم قادر وریایە کە لەو ڕۆژانەدا بە دوازدە بەش لە لاپەڕەی فەیسبووکەکەی خۆیدا بڵاوی کردۆتەوە: بەسەرهاتێکی تاڵ کە بە قەڵەمێکی شیرین گێڕدراوەتەوە.

بە شاهیدی ئەو دەیان کەسەی کامێنتیان لە ژێر بابەتەکە نووسیوە، ئەو نووسراوە سادەو ساکارە دەتوانێ بە ئاسانی جێی خۆی لە نێو دڵی خوێنەردا بکاتەوە و هەستی هاوسۆزی و پەرۆشی بۆ چارەنووسی قارەمانی چیرۆکەکە دە دڵی خوێنەردا پێک‌بهێنێ. کەیفیەتێک کە چیرۆکنووسان بە هەزار تەکنیک و شگردی ئەدەبی حەولی بۆ دەدەن، جاری وایە وەدەستی دەخەن، جاری واشە دەم لە پووش دێنە دەرێ.

«مچەی کەچەی» ڕاستە نووسینەوەی بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام شێوازی گێڕانەوەکەی بە جۆرێکە زۆر جار لەوەی تێدەپەڕێنێ، لە سنووری دەقێکی ئەدەبی نزیک دەبێتەوە و تەنانەت لە هێندێک جێگادا دەچێتە نێو هەرێمێکی سیحراوییەوە کە پێی دەڵێن دەقی ئەدەبی.

بەڵام گرینگیی ئەو نووسراوەیە لە چیدایە؟

بە بڕوای من بەهێزترین لایەنی نووسراوەکە تۆمارکردنی چەند گۆشەیەکی ژیانی خەڵکانێکی کوردە لە سەردەمێکی دیاریکراودا کە خۆشبەختانە بە هۆی مەودای کەمی کاتی نووسینەوەیان دەگەڵ کاتی ڕوودانیان پڕە لە وردەکاریی وەها کە ئەگەر نەنووسرابانەوە ئەگەری ئەوە هەبوو تەنانەت خودی نووسەریش لە بیری چووبانەوە. وەک دەزانن هەرچی مەودای زەمانی زیاتر بکەوێتە نێو ڕووداوێک و هەوڵی گێڕانەوەی بەو ڕادەیە وردەکارییە بەنرخەکان لە زەیندا کەمتر دەبنەوە. وەک دەشزانن ئەوە گێڕانەوەی شتە وردەکانی ژیانە کە ڕۆح بە بەر هەموو دەقێکی ئەدەبی و گێڕانەوەییدا دەکەن.

نموونەیەکی بەرچاوی ئەوە لەو نووسراوەدا گفتوگۆی نێوان سێ مێرمنداڵەکە لە ڕێگای هاتوچۆیاندا بۆ ئەو دێیەی کە دەرسی لێدەخوێنن لە بارەی شای کوردان و شاری حەجەمانەوە. (بەشی چوارەم) تەقریبەن لە هەموو بەشەکاندا باس کردنی لایەنی ڕۆحی و هەستی کەسایەتییەکان و چۆنیەتیی پەیوەندیی ئینسانەکان لە کۆمەڵی کوردەواری لە سەردەمێکی دیاریکراودا ڕەچاو کراوە.

لایەنێکی هەرە بەهێزی دیکەی ئەو نووسراوەیە زمانە کوردییەکەیەتی. زمانێکی پاراو و دەوڵەمەند و، لە هەمان کاتدا سادە و خۆش. زمانێک کە لە ڕووی سێنتاکس و دارشتنەوە ساخڵەم و کوردانەیە، هەڵگری دەیان و سەدان وشە و دەستەواژە و زاراوەی خۆماڵیی وەهایە کە زۆریان ئێستا لە بیر چوونەتەوە. لە هەموو ئەوانەش سەرنجڕاکێشتر لە زۆر جێگادا زمان دەگا بە توانایەکی داهێنەرانەی ئەدەبیی: «هەر کەس کۆت و پانتۆڵێکی لە بەردا بوایە ئەوە کوێخا وسێن بوو. » ئەمە ئەگەر نووسەرێکی ئاسایی نووسیبای دەیگوت: «کوێخا وسێن کۆت و پانتۆڵی لە بەر دەکرد». ئەمە و زۆر نموونەی دیکە کە بۆ ناساندنی کەسایەتییەکان بە چڕترین‌و چێژبەخشترین شێوە بەکار هاتوون کاری نووسەری بەسەرهاتێکی ئاسایی نییە. یان: جوانترین شێوەی مومکین بۆ دەربڕینی ئاستی هاوڕێیەتی لە نێوان دوو کوڕۆکەدا کە یەکیان کەڵەوان و ئەوی تر قازەوانێکە لێرەدا دەبینین: «بە هۆی هاواڵەتیی من و مچە، قاز و گامێشەکانیشمان نامۆیان لێک نەدەکرد».

بەڵام ئێلیمێنتێک کە بۆ هەموو دەقێکی چیرۆک و ڕۆمان پێویستە، بابەتی سەرەکی یان ئەوەیە کە ئۆرهان پاموک لە کتێبی «ڕۆماننووسی سادە و ڕۆماننووسی بیرکەرەوە»دا بە «چەق»ی ڕۆمان ناوی دەبا.

لە «مچەی کەچە»دا ئەگەر بمانەوێ ئەو چەقە لە یەک وشەدا چڕ بکەینەوە ئەگەر هەڵە نەبم «هەژاری»یە. هەژاری بە هەر دوو ڕەهەندی «ماڵی» و «فەرهەنگی»یەوە لەو بەسەرهاتەدا بێداد دەکا. هەژاری، بابێکی دەستکورت کە خۆی بە ئاو و ئاوردا دەکا بۆ ئەوەی زگی منداڵەکانی تێر بکا، دەکاتە کەسێکی دڵڕەقی زمانشڕی زاڵم کە داخی دەستکورتی و چارەڕەشی خۆی بە سەر تاقە کوڕەکەیدا دەڕێژێ و بەجۆرێک دەبێتە هۆی مەرگیشی. هەژاری، کە کەسایەتییەکی ڕۆح سووک، توند و تۆڵ و زرینگی وەک «مچە» دەکا بە کەسێکی لاواز و گۆشەگیری وا کە تەنیا ڕێگای دەرچوون لە نەهامەتییەکانی ژیانی لە خۆکوشتندا

دەدۆزێتەوە. بەڵام ئایا بەڕاستی ئەوە تەنیا هەژارییە کە دەتوانێ ژیانی ئەو ئینسانانە ئاوا وێران بکا؟

لێرەدا دەمەوێ سووکە لەنگەرێک لە سەر ئەو باسە بگرم کە پێموایە لێ وردبوونەوەی بۆ ئێمەی کورد زۆر گرینگە.

ئازیزانێک لە هاوڕێیانی وریا کە نووسراوەکە زۆر کاری تێکردوون و تەنانەت فرمێسکی پێ هەڵوەراندوون هەموو خەتاکانی ڕوودانی ئەو کارەساتەیان بە سەر کوێخا وسێندا هێناوەو حوکمیشیان بۆ بڕیوەتەوە. هەڵبەت خودی نووسراوەکەش کە تا ئاستێکی سەرسوڕهێنەر بێلایەنانە نووسراوە و ئەوە یەکێکی دی لە خاڵە بەهێزەکانییەتی، بە داخەوە لە یەک دوو شوێن نەیتوانیوە خۆی لە لایەنگریی قارەمانی بەسەرهاتەکە ببوێرێ. هەڵبەت لێرەدا من نامەوێ پاکانە بۆ مام کوێخا بکەم و بڵێم بێخەتایە! نەخێر ئەویش دەکرا سەرەڕای هەژاریو کێشە زۆرەکانی دەگەڵ کوڕەکەی میهرەبانتر بووبا. ئەوەی لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی پێبکەم ڕاستییەکی تاڵ و ڕیشەییترە لە کەسایەتیی ئینسانی کورددا بە گشتی: ئەویش «لاوازی»یی کەسایەتییە.

گەورەترین کەموکووڕیی دایکان و باوکانی ئێمە ئەوە نییە کە ناتوانن هەموو پێداویستیەکانمان بۆ دابین بکەن. تەنانەت ئەوەش نییە کە دەگەڵمان میهرەبان نین. بەڵکو بە بڕوای من ئەوەیە دایکان و باوکانی ئێمە نازانن منداڵی بەهێز و بڕوا بە خۆ پەروەردە بکەن. نموونەی لاوازیی کەسایەتیی ئینسانی کورد مچەی قارەمانی ئەو بەسەرهاتەیە کە هێندێک لە خوێنەرانیش ئاماژەیان پێکردووە. مچە ئەگەر ئینسانێکی لە ڕووی دەروون و کەسایەتییەوە بەهێز با، دەیان ڕێگای دیکەی کەم زەرەرتر و باشتری لە خۆکوشتن لە بەر دەم بوون. (لێرەدا ناتوانم ئاماژە بە یەکێک لە درەوشاوەترین لاپەڕەکانی ئەو نووسینە نەکەم. ئەویش سەحنەی ڕۆژی بەر لە خۆکوشتنەکەیەتی کە بە تەنیا دەچێتە سەر چۆم. ئەو ڕۆچوونە بە ناو ڕۆح و زەینی کارێکتەرێکدا کە بڕیاری خۆ لە ناوبردنی داوە تەنیا لە ڕۆمانە گەورەکانی دنیادا نموونەی هەیە.) مچە ئەگەر نەشیدەتوانی دە گژ بابی ڕۆبێتەوە، دەیتوانی وەک نزیکترین هاوڕێی خۆی کە وریایە، ببێ بە پێشمەرگە، خێر نا دەیتوانی سەری خۆی هەڵبگرێ و بچێتە وڵاتێکی دی، شارێکی دی، چووزانم.. هەر جێگایەکی ئەوە دنیا گەورەیە.

ڕاسته هەژاری ماڵوێرانکەرە و دەتوانێ کارەسات بخوڵقێنێ، بەڵام ئینسانی لە ڕووی دەروونەوە بەهێز ئاوا بە ئاسانی چۆکی لە بەر دانادا.

با پێتان بڵێم دایک و بابی کورد چۆن منداڵی پەروەردە دەکا. پەروەردە کە چتان عەرز کەم! ئەوان کە خۆیان بە خاوەن و خودای بێ ئەملاولای منداڵەکانیان دەزانن، تا منداڵ بچووک و «ژیکەڵە» یە وەک بووکەشووشە و خۆخافڵێنەرە ڕەفتاری دەگەڵ دەکەن، یانی مەوجوودێکی لەڕادەبەدەر خۆپەرست و ناسک و نازاداری وا بار دێنن کە دەبێ هەمیشە نازی هەڵبگیرێ. (زانستی دەروونناسی دەڵێ تا ٨ساڵی کەسایەتیی ئینسان شکڵ دەگرێ) دوای ئەوە کە منداڵ گەورە و «بۆڕ» بوو و چیدی کەڵکی وەڕەزیی شکاندنی پێوە نەما، چی لێدەکەن دەینێرنە بەر قاز و کەڵ و گامێشان یان کوتەک و تف دە ڕوو کردن و تەپاندنەوە دەست پێدەکا. ئەو بۆ هەر شتێکی دەیکا خوێنتاڵ و ڕوودار و ناجسنە و دەبێ دە سەری کوتی! ئەو مەوجوودەی کە هەتا دوێنی بەهەشتی نازی بۆ دروست کرابوو لە پڕ فڕێ دەدرێتە دنیای ڕەق و تەقی ڕاستییەکان! (من وای بۆ دەچم چیرۆکی فڕێدانی باوکە ئادەم و داک حەوا بۆ سەر زەوی تەمسیلێکە بۆ ئەو گۆڕانە لە ناکاوەی ڕەفتاری دایکو بابان یان هەمان خودای منداڵ). ئیتر منداڵێکی کە دە زەردێنەی هێلکەدا گەورەت کردبێ و هەر خۆت بە ساقە و قوربانی کردبێ چاوەڕوانیت هەیە بەرگەی ئەو بەزم و فەرتەنەیە بگرێ؟ چی لێ دەدەچێ؟ تاکی تێکشکاو، دەروون نەخۆش، توورە و لاوازی کورد. جا دوایی دەڵێن ئەرێ کورد بۆ وێک هەڵناکا؟

ئەو هەموو توورەیی و وێکهەڵنەکردنەی کوردان لە خۆڕا نییە و ڕەگ و ڕیشەی قووڵی دەروونناسی و پەروەردەیی هەیە.

با زۆری درێژ نەکەمەوە و لە باسی بەسەرهاتە جوان و سەرنجڕاکێش و تاڵەکەی وریا چیدی لانەدەم.

بە کورتی، ئەو بەسەرهاتەی وریا، وەک شاهیدێکی ڕاستگۆ و جێی بڕوا، دەکرێ ببێ بە ماددەی خاوی لێکۆڵەرەوانی دەروونناس. خۆ لە ڕووی زمانی و ئەدەبیشەوە پارچە گەوهەرێکە بۆخۆی کە مایەی ئەوەی تێدا هەیە وریای خۆشەویست قۆڵی لێ هەڵماڵێ و بەو سەلیقە ئەدەبی و خەیاڵە ناسکەی خۆیەوە بیکا بە ڕۆمانێکی تەواو. دڵنیام ئەدەبی کوردی لە چاکەی دەرناچێ.



# وردە سەرنجێک لەسەر چیرۆکی "مچەی وسێنە کەچەی"

## سەنگەر شنۆیی

( ١ )

ئێرە بناری قەندیلە و گوندی ئەستێرۆکانە، قەندیل کە لەمێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی کورددا پێگە و جێگەیەکی زۆر گرنگ و تایبەتی هەیە. قەندیل لانك و مەکۆ و سەنگەری ئازادی بووە. ئەگەر ئەو پەندەی کوردان کە بۆ بێکەسی و بێ پشتیوانیی خۆیان دەریدەبڕن (کوردەکان جگە لە شاخەکان پشتوانیان نییە) ڕاست بێ، قەندیل زیاتر لە چیاو شاخەکانی دیکە پشکی بەرکەوتووە. هەرچەندە کەوتۆتە نێوان سنووری دەستکردی دیوی کوێستان و گەرمێنی نیشتمان، بەڵام هەر رۆڵەکانی ئەم دووبەشەی کوردستان نەبوونە پشتی خۆیان پێ سپاردووە، بەڵکو مەکۆ و سەنگەرێکی گەورەی خەباتگێڕانی باکووری کوردستانیش بووە. قەندیل هێمای خۆراگری و خەباتی مافخوازانەی هەموو نەتەوەی کوردە. شێعری (سەربازی ون)ی پەشێوی شاعیر لە بست بە بستی چیای قەندیلدا رەنگ دەداتەوە. هەموو دار و دەون و بن چیا و رەوەز و هەڵدێرێکی تەنانەت تروپك و دوندی قەندیل و بنار و قەدپاڵەکانیشی گۆڕی ئەو جوامێر و مێرخاس و پێشمەرگە بێ ناو و پڕ لە ناوانەن بۆ ئازادی گەل و نەمانی قەندیل بەدیلی، سەریان ناوەتەوە.. قەندیل ئەگەر داتاگە (هارد)ی کۆمپیوتەرێکی مەزن بێ، دەبێ چ قارەمانیەتی و فیداکارییەکی لەخۆیدا تۆمار کردبێ. هەر بۆیە قەندیل بۆتە هەوێنی شیعر و نووسین و رۆمانی خۆڕاگریی گەلێکی ستەملێکراو. ئێستاش قەندیل نەك بەغدا دەهەژێنێ، بەڵکو هەموو ئەو پایتەختانەی کوردیان بەسەردا بەشکراوە دەخاتە لەرزە..

شاعیری رووناك هەڵوێست و رووناكبیر و دڵ، ناسر ئاغابرا (ژاكاو) كە رێك لەو كاتەدا واتە ئەمڕۆ هەواڵی فڕین بۆ جیهانی ئەبەدی و نەمریم بیست لە تابلۆ شیعرێكیدا ئاوا باسی قەندیل دەكا..

قەندیل دەڵێ من سەر بە تەمم قەندیلم
تا خێڵی كوڕانم دەگەنێ هەر دیلم
زۆر هەوری دەبابەم بە سەرا هەڵدەتەقێ
زۆر تیری نەیاران لە دڵم هەڵدەچەقێ
زۆر دەكشێ بە سەرما سێبەری داڵاشان
زۆر دەڕژێ بە سەرما پەڵە خوێنی لاشان
زۆر شەو بە برینداری لە خەو هەستاوم
هەر بەرزە قەڵای كوردم و راوەستاوم
ئەو جۆگەلە ئاوەی كە لە من ڕادەخوشێ
ڕۆڵەی گەلە وەک سوجدە لەبۆی ڕادەكشێ
كاتێ سەری زاماری لە كۆشی خۆمە
شەو تاكوو بەیان بۆ كوڕی خۆم لۆلۆمە
هۆ دوندی كەلیخانی ڕنووپۆشی بەسام
یادم كە لە ژێر هەوری دەبابان عەبەسام
دڵ كەوتووە و هێزم نییە بیلاوێنم
سەد ڕۆستەمە كوژراوە لە سەر داوێنم
من باوكم و دڵ بە خەم و ئاوارە
چوار خێڵی كوڕانی بێبەشم لێ دیارە
نەورۆزی ڕەهایی و هەڕەتی هاتی من
ڕۆڵەم دەوێ بینووسێ بەسەرهاتی من

كۆتایی هاوینی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی بوو، كە یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان بنكەی خۆی لە گوندی باساوێی ناوچەی شاربازێرەوە گواستەوە بۆ بناری قەندیل و گوندی ئەستێرۆكان... گوندێك كە نە ئاسەواری گوندی پێوەدیار بوو، نە ئاوەدانی.. تەنیا یەك دوو

ماڵی باشوور ئەویش بە هەزار ترس و دڵەخورپە و لە پەنا ئێمەدا دەژیان.. دیارە پێشتر گوند بووە وەك هەزاران دێهاتی دیکە بۆتە دەستەچیلەی ئاگری شەڕی نێوان شۆڕشگێڕانی کورد و نەیارانی و پاشان کاول و خاپوور کراوە. رووداوێك کە لە گوندەکە روویداوە بۆتە هەوێنی چیرۆکی تراژیدی (بۆکی گۆڕستانی کۆن) و بە قەڵەمی شاعیر و کوردیزانی بە توانا مەلا عەبدولکەریمی سارده کۆسانی(راوچی) نووسراوە.

لە بناری قەندیل وەرزەکان لە جێگای خۆیاندا نین و لەکاتی خۆیاندا نایەن، لە راستیدا تەنیا دوو وەرزی هەیە. وەرزی سارد و گەرم! مەودای نێوان ئەو دوو وەرزەش زۆر کەمە. هەربۆیە دەکرێ بڵێین بەهار بە هەموو جوانیەکانی خۆیەوە، بە هەموو خۆشیەکانی خۆیەوە، بە هەموو ئەو وەسف و جوانیەی کە لە هەوێنی شیعری شاعیران و بەرهەمی دەنگبێژ و خۆشخوانان و تابلۆی نیگارکێشاندا دەبیندرێ، لەوێ دڵرفێنتر و جوانتر خۆی دەنوێنێ و باشتر و زیندووتر هەست پێدەکرێ. هاوینی بناری قەندیل لەنێوان وەزری پایز و بەهاردا پێچراوەتەوە. پایزەکەشی بەشێکی بەرەی زستان لەخۆی دەهاڵێنێ.

بەڵێ لە کۆتایی هاوینی ساڵی١٣٦٥ (١٩٨٦) دا بەبێ ئەوەی ئەو شوێنەی بۆی دەچین بنکە و بارەگایەکی لێیێ و پەنا و پەسیوێکی هەبێ، ئێمەیان هەر راست لە پەنا ئەو (گۆڕستانە کۆنە)ی "راوچی" لە چیرۆکەکەیدا باسی دەکا، دانا. پێیان گوتین ئەوە لە سبەینێ زووتر نییە دەبێ قوڵان هەڵماڵن و بۆخۆتان هەتا زستان دادێ پەناوپەسیوێك دروست بکەن. ئێمە چل کەس زیاتر یا کەمتر دەبووین. بەناو یەکێتیی لاوان بووین. بەڵام چەند کەسێك نەبێت لاو لە نێوانماندا نەدەبیندرا.. من تەمەنم ١٦ ساڵان دەبوو، ئەوانەی هاوتەمەنی من بوون لە لاواندا زۆترین رێژەیان پێك دەهێنا. هیچ کەسێك لەنێو ئەوانەدا تەمەنی نەدەگەیشتە ٣٠ ساڵ. بەرپرس و براگەورەمان (قادر وریا) لە هەرەتی لاوێتیدا بوو، تەمەنی ٢٤ ساڵ دەبوو و نەدەبوو. زۆربەیان مێردمنداڵ یا تازەلاو بوون. منداڵی تەمەن ١٢ و ١٣ ساڵانەشمان لەگەڵ بوو.

من و بەرپرسی تازە (قادر وریا) تازە یەکترمان دەناسی، چونکە هەمووی چەند رۆژێك بوو ببوو بە بەرپرسمان. نازانم چۆن بوو، ناسین و وەبەردڵی یەکتر کەوتن یەك بوو، هەر لەیەکەم رۆژەکانەوە کە دیتم، خۆشم ویست و خۆشی ویستم. ئەگەرچی هەندێك مەودای تەمەنمان هەبوو، بەڵام وەك دوو هاورێ پێکەوە دەجووڵاینەوە. ئەو بوو بە مامۆستام، بوو بە برام و بوو بە پشت و پەنام، ئەو هەوێن و رێچکەی ژیانمی گۆڕی. ئەو زۆر هەوڵی لەگەڵدام کە

فێربم، بەڵام من شاگردێکی خراپ بووم و کەمی لێ فێربووم. زۆر شت لەماوەی ئەو سی و قسوور ساڵەدا گۆڕانی بەسەرداهات، زەمان گۆڕا، سەردەمی ئەوکات و ئێستاش ئاسمان و ڕێسمانیان نێوانە، بەڵام گۆڕینی ڕۆژگار و سەردەم و دوورکەوتنە لەیەك گۆڕانی بەسەر هاوڕێیەتی و برایەتی ئێمەدا نەهێنا و هاوڕێیەتیمان تۆختر بوو و کاڵ نەبوویەوە. وریا بەرلەوەی کەسێکی سیاسی بێ، نووسەر و ئەدیبێکی گەورەیە. کوردیزانێکی لێهاتووە. مرۆڤێکی پاك و هەستێکی تژی لە ئینساندۆستیی تێدایە. ئەو دڵێکی شاعیرانەی هەیە بە وتەی (شاملۆ) کە سەبارەت بە مەولانا دەیڵێت، (مەولانا ئەگەر هیچ شێعرێکیشی نەنووسیبا، هەر شاعیر بوو). وریاش دڵێکی ناسکی شاعیرانەی هەیە.

یەکێتیی تازە لاو و مێرمنداڵان، بەسەر چەند دەستەی دە دوازدە کەسی دابەش بووین و هەرکام لەو دەستانە چادرێکیان پێداین و شەوانە لەوێدا دەنووستین، بەڵام بۆ جەمەکان هەموو پێکەوە بووین و لەیەك شوێن نانمان دەخوارد و ڕۆژانەش کاری سەختی خانوو دروستکردن و خشت بڕین و بەردکێشان و داروسووتەمەنی هێنان بۆ زستان.

وریا ئەوکات هەستی بەوەی کردبوو کە من بەهرەیەکم هەیە بۆ نووسین، ئەگەرچی هەتا ئەوکات یەك دێڕیشم نەنووسیبوو. ئۆگرییەکی سەیرم هەبوو بە خوێندنەوە، هەر لە سەردەمی فەقێیاتیش ئەوەندەی خۆم بە خوێندنەوەی کتێبە کوردی و فارسییەکانی غەیرە دەرسی خەریك دەکرد، نیو ئەوەندەش خۆم بە دەرس خوێندنەوە ماندوو نەدەکرد. وریا شیعری بۆ دەخوێندمەوە، هی شاعیرانی دیکە و هی خۆشی.

شەوێکیان لە چادرەکەی ئێمە وەژوورکەوت، دانیشت لەلامان و دەفتەرێکی پێبوو، بە خەتێکی خۆش نووسیبووی، مچەی وسێنە کەچەی.. گوتی ئەوە چیرۆکێکی خۆمە، یانی چیرۆك نییە بەڵکو بەسەرهاتێکە و ڕوویداوە بۆتانی دەخوێنمەوە.. کە دەستی پێکرد، هەموو هەستەکانم بوون بە گوێ، چووبوومە ناو قووڵایی چیرۆکەکە، هەتا دەوروبەری خۆم دەڕوانی مچەم دەهاتنە بەرچاو، هەموو ئەوانەی لەوێ بوون بۆخۆیان و سەربوردەی ژیانیان گەر تراژیدیتر و خەمینتر نەبێت لە مچە، کەمتر نەبوو. هێشتاش ئەو شوێنەی باسی برژاندنی پەڕەمووچی قازەکان دەکا وەك خۆی لەبیرمە.. ڕەنگە ئەوانی دیکەش لەوێ بوون وەك من بە هەستەوە گوێیان گرتبێ.. زمانێکی سادە و ڕەوان، هەموومان تێیدەگەیشتن، هیچ وشە و ڕستەیەك بۆ هیچ کام لەوانەی لەوێ بوون نامۆ نەبوو، ئاخر زۆربەیان خەڵکی گوند بوون و

بەشێکیان لە کەڵەوانی و شوانیەوە هاتبوون بۆ پێشمەرگایەتی، ئەو ژیانەی وریا لە چیرۆکەکەدا باسی دەکرد تاقییان کردبۆوە.. تەنیا کوڕە شارێیەکان نەبێ.. کوڕێکی خوێنگەرم و لەبەردڵانمان لەگەڵ بوو، ناوی برایم مەهابادی بوو، یەکێکی موو زەردەی، باڵابەرزی، چاو چکۆلە. ئەو کوڕێکی شاری بوو، لەو شوێنەی چیرۆکەکە باسی کەڵ و گامێش و هێوەرە دەکا، وریا نازانم بۆچی پرسیاری لە هەمووان کرد، دەزانن هێوەرە چییە؟ بۆ ئێمەی دێهاتی کە کەڵەوانیمان کردبوو شتێکی نامۆ نەبوو.. بەڵام برایم هەڵیدایە و گوتی ئەدی چۆن نازانم، هێوەرە، هێوەرە بە (مەتبەخ) دەڵێن.. ئێمە ئەوەی خەڵکی دێی بووین، لەقاقای پێکەنینمان دا.. برایم ناحەقیشی نەبوو، چونکە قەتی ئەو وشەیە نەبیستبوو، وەك وشەی (باقەبێن)ی لە چیرۆکی (باقەبێن)ی ئەحمەدی قازیم هاتە بەرچاو.

هێندەی پێنەچوو، چیرۆکەکە گەیشتە لوتکەی تراژیدی ئەویش باسی پەرەمووچ برژاندن و سوێ بوونەوەی مستەفا بۆ گۆشت خواردن بوو.. قاقاکان کپ بوون و لێوەکان قفڵ، هەموویان متەقیان لەخۆ بڕی.. پێموایە هەتا چیرۆکەکە تەواو بوو کەس ورتەی نەهات..

پاش سی و سێ ساڵ لە گوێگرتن لە چیرۆکەکە هەتا خوێندنەوەی چیرۆکەکە لە فەیسبوکدا، تێدەپەڕێ. سی و چەند ساڵ بەسەر ئەم رووداوە راستەقینەنەدا کە بەرهەمی بیرکردنەوەی فانتازیا و خەیاڵی چیرۆك نووس نییە و بەڵکو رووداوێکە و یەکێك لە نزیکترین هاوەڵی هەموو قۆناغەکانی تەمەنی قارەمانی بەسەرهاتەکە بۆ ئیمەی دەگێڕێتەوە.، کەسێك لەگەڵی ژیاوە و منداڵی و لاوێیەتییان پێکەوە رابواردووە. وریا بە کامێرای قەڵەمەکەی وێنە و دیمەنی هەموو لایەنەکانی ئەو سەردەمی مستەفا و خۆیی تێیدا ژیاون، دەگرێت. وریا رووداوەکە وا دەگێڕێتەوە، خوێنەر دەباتە ناو ناخی چیرۆکەکە و تەنانەت بۆ ئیمەی مێرمنداڵی ئەو سەردەمیش کە گوێمان لێبوو، ئەوەندە تراژیدی و ناخ هەژین و نوێ بوو، وەك ئەوە وابێ تەرمی مستەفامان بەرەو گۆڕستان بردبێ. وریا رۆحی وەبەر نووسینەکە ناوە و گیانی مستەفای سەرلەنوێ زیندوو کردۆتەوە و وای لێهاتووە ئەوەی دەیخوێنێتەوە لەگەڵی بدوێ و پرسیاری لێبکا و گلەیی لێبکا و بڵێت، مستەفا ئاخر بۆ بۆ! هەزاران پرسیاری دیکەش..

هاوڕێم سولەیمان دڵسۆز لە بابەتێکدا بەشێك لەلایەنەکانی رووداوەکەی باس کردووە، پەنجەی بۆ زۆر خاڵی جێگای سەرنج راکێشاوە. لایەنەکانی دەروونناسی و سیاسیی سەردەمەکەی باس کردووە، ئەویش وا چۆتە ناخی رووداوەکە تەنانەت چەندین رێگا جگە

لە ڕێگای مردن بۆ مستەفا و مستەفاکان هەڵدەبژێرێ و نەك سەرکۆنەی کوێخاوسین ناکا و ڕقی لێنابێتەوە، بەڵکو ڕێنوێنیی دەکات کە دەکرا و دەکرێ وا بیرنەکرێتەوە.. منیش چەند سەرنجێکم لەسەر چیرۆکی (مچەی وسێنە کەچە) هەیە، کە لەبەر ئەوە بابەتەکە دوورودرێژ دەبێ بۆیە بە جیا بڵاوی دەکەمەوە.

★★★

( ٢ )

لە بەشی یەکەمی نووسینەکەمدا زۆرتر باسی ئاشنا بوونم بە نووسەری بەسەرهاتەکە کردووە، لەگەڵ یەکەم خوێندنەوە یا ڕاستتر بڵێم یەکەمجار گوێگرتن لە بەسەرهاتی (مچەی وسینە کەچە).

کاریگەری مەرگی مستەفای کوێخا وسێن بەسەر (وریا)ی هاوڕێ و هاوپۆل و هاودەم و هاوڕازی منداڵی و لاوێتیەوە بەجۆرێکە ئەگەرچی نزیکی چل ساڵ بەسەر مەرگیدا ڕادەبرێ، بەڵام هێشتاش لە ژێر ئەو کاریگەریەتییە هەرماوە. ڕەنگە (وریا)یەکەم ئەزموونی چیرۆك نووسین و ڕووداو نووسینی لەو بەسەرهاتەوە دەست پێکردبێ. ڕاستە (وریا) لەنزیکەوە شەهید بوونی نزیکترین هاوڕێکانی خۆی دیوە، تەنانەت دواساتەکان و ئاوزینگدانی هاوسەنگەرانیشی دیوە، شانی وەبەر دارمەیتی هاوڕێ و هاوڕێبازانی خۆی داوە، بۆیان گریاوە و شێعری بۆ نووسیون و پرسەی بۆ گێڕاون. بۆ مەرگی زۆر لە ئازیزانی خەمبارتر و تازیەبار بووە، بەڵام بۆ مەرگی مستەفا جۆرێکی دیکە بووە، ئەوان نەبوونەتە هەوێنی نووسین و لەلایەن خۆیەوە نەکراونەتە چیرۆك. تەنانەت هەر لەو یەکێتیی لاوانەی کە تێیدا یەکترمان ناسی، ئەگەرگوێت لە سەربوردەی ژیانی هەریەك لەو لاو و مێر منداڵانەی هاتبوونە ناو ڕیزی شۆڕشەوە دەگرت، جەرگت دەبوو بە ژان. چیرۆکی ژیانیان زۆر تاڵتر و ناخۆشتر بوو لە سەربوردەی مستەفای جوانەمەرگ. ڕەنگە پاڵنەری سەرەکی بۆ ئەوەی مەرگی تراژیدی مستەفا بگێڕێتەوە ئەوە بووە کە وریا لەگەڵ مستەفا زیاتر لە هەموویان ژیاوە، قۆناغی منداڵی و لاوێیەتی ئەوی دیوە. کەسێك بە هاوڕاز و هاوخەمی خۆی زانیوە. مەبەستێکی دیکەشی ئەوە بووە لەگێڕانەوەکە تیشك بخاتە سەر ژیانی ئەو سەردەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو ناوچەیەی تێیدا ژیاوە. هێشتاش مەرگ و ژیانی مستەفا لە زەین و یادگەی وریادا ناسڕێتەوە.

بۆ ئەوەی ئەو یادەش هەروا بە نەمری بهێڵێتەوە، زۆرجار بەناوی خوازراوی (م.ڕەوانپاك) بابەتی خۆی بڵاو دەكاتەوە.

چیرۆكەكە هەرچەند لە بەر درێژەییەكەی لە فەیسبووكدا بە دوازدە بەش داندراوە، ئەگینا چیرۆكێكی لێك دانەبڕاوە، بەڵام لە گێڕانەوەكەدا هەست بە دوودانی دەكرێ، خوێنەر ئەگەر بەوردی بیخوێنێتەوە هەست بەو دوو دانیە دەكات. لەسەرەتادا بە خێرایی باسی دیمەنەكان دەكا و فۆكس و زومیان لەسەر ناكا، وەك دەرهێنەری فیلمێكی سینەمایی ئاكامەكەی خستۆتە كۆتایی فیلمەكە. بۆیە كە دەگاتە ئەو دیمەنەی مستەفا دوا بڕیاری خۆی دەدا و تەنانەت ئەو ڕووداوەی كە دەبێتە هۆكار بۆ ئەوەی مستەفا خۆی بكوژێ، لەوێ بە وردی هەموو ئەو دیمەن و دیالۆگانەی كە ڕوو دەدەن، هەموو ئەو حاڵەتە رۆحی‌و دەروونییەی كە پاڵ بە مستەفا وەدەنێن خۆی بكوژێ، باس دەكا. لەوێ ئیدی بەسەرهات ناگێڕێتەوە، خەریكە رۆمان دەنووسێ. هیچ شتێك لە خوێنەر ناشارێتەوە. ئەگەر زمانی نووسینەكە هەر لەسەرەتاوە وابا، چیرۆكەكە درێژتر دەبوو، بەڵام سەرنج ڕاكێشتر و دەكرێ بڵێین ئێستاكەش ئەگەر لق و پۆپی دیكەی پێوە زیاد بكرێ دەبێتە رۆمانێكی باش.

یەكەم دیمەنی تراژیدی و جێگای وردبوونەوە و یەكەمین دیالۆگی نێوان نووسەر و قارەمانی نووسینەكە جێگای هەڵوێستە كردنە. كەس نییە كە دیمەنی پەرەمووچ برژاندنی مستەفا دەخوێنێتەوە مچوركی پێدا نەیە و وەك وریای منداڵ چاوی پڕ نەبن لە ئاو.. هەر ئەو حەسرەتی گوشت خواردن و تامەزرۆییە دەبێتە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی كە مستەفا ئەگەر جارێكیش بێ بە ویست و حەزی خۆی بكا و لە شار كەباب بخوا و دوایەش هەر ئەو حەزەش ببێتە هۆكارێك بۆ جوانەمەرگ بوونی.

ئەگەر خوێنەر بە وردی لە چۆنییەتی ژیانی ئەو سەردەم وردبێتەوە، دەبینێ هیچ مەودایەكی چینایەتی و درزێكی گەورە لە نێوان چینەكانی كۆمەڵدا لەو سەردەمدا نەبووە، ماڵێكی دەستڕۆیشتوو و خاوەن زەوی و زار و مەڕوماڵاتی وەك ماڵی مام مارفی لەگەڵ ماڵێكی قەرەی دەستنەڕۆیشتووی وەك ماڵی كوێخا وسێن لە زۆر بواردا جیاوازییان نییە. وریا و مستەفا گەرچی بەسەر دووبەرەی قەرە و جووتبەندەدا دابەش بوونە، بەڵام دەبنە دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی. هیچ بەربەستێكی كۆمەڵایەتی لێكیان جیا ناكاتەوە. ژیانی وریا و ماڵی وریاش ئەو جیاوازییەی نییە لەگەڵ ماڵی هەژارەكانی دیكە.. ئەگەر مستەفا تامەزرۆی گوشت

خواردن بووە و بە چەند مانگێك گۆشتی نەدیوە، وریاش ئاوای سوێی بۆ غورابی خواردن بۆتەوە. بۆیە هەتا ژیان بەرەو پێشتر دەچێت کەلێن و دزرەکانی نێوان چینەکانی کۆمەڵ زیاتر دەبن و کۆمەڵگا بەسەر دوو بەرەی هەژار و نەدار و کلاس و های کلاسدا دابەش دەبن. بۆخۆم بە منداڵی جیرانی دەرکە بە دەرکەی دەوڵەمەندترین کەسی ئاوایی بووین، من و منداڵەکانی جیرانمان شەو و رۆژ پێکەوە بووین، بێ لە دەرگادان لە ماڵی یەك وە ژوور دەکەوتین، نانمان دەخوارد و دەنووستین. هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە خواردن و پۆشین و ئاسوودەیی ژیان لەنێوان ئێمە کە لە چینی هەژار بووین و لەگەڵ دەوڵەمەندترین کەسی دێ کە ئەوکات زیاتر لە سێ سەد مەڕی زاویان هەبوو، نەبوو. ئەو پۆلێنبەندی و رێزبەندیی نێوانیشمان نەبوو. دڵنیام هیچ کاتێك باوك و کەس و کاری وریا، لەسەر ئەوەی لەگەڵ منداڵی هەژارترین کەسێ دێ دەگەڕێ و برادەرایەتی دەکا قسەیەکیان پێنەکوتووە. ئەوە یەکێکە لە دیمەنە سەرنج راکێشەکانی ژیانی ئەو سەردەمی کۆمەڵگای ئێمە. ئەوکات کۆمەڵگا بەسەر دوو بەرەی شاری و گوندی دابەش دەکرا، بەڵام بەسەر جووتبەندە و قەرەدا دابەش نەببوو.

هزری ئەحمەدی خانی لە هزری هەر تاکێکی کورددا

لایەنی سیاسی لە بەسەرهاتەکەدا بەسەر هەموو لایەنەکانی دیکەدا زاڵە، ئاخر کێشەی گەورەی کورد کێشە سیاسیەکانیەتی. بەشێکی کێشە کۆمەڵایەتییەکان چ هەژاریی ماڵی بێ، چ هەژاریی فەرهەنگی، لە نەبوونی کیانی سەربەخۆ و بە ئازادی و سەربەستی ژیانی گەلانی ناوچەکە سەرهەڵدەدەن. ئەگەر کورد خاوەنی خاك و واری خۆی با و خاوەن دەسەڵاتی خۆی با، مچەکان ژیانیان وا نەدەبوو. ژیان گۆڕانی بەسەرداهات لە هەموو بوارێکەوە، کۆماری کوردستان نموویەك و حکومەتی هەرێمیش بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە نموونەیەکی دیکە.

ئەوکات کە سیستەمی دەسەڵاتدارییەتی شایەتی بوو، کوردیش هەموو وەك خانی نەمر بیریان کردۆتەوە و ئێستاش بە کردەوە بۆ ئەو بیرۆکەیە هەوڵ دەدەن کە دەبێ خاوەنی دەسەڵاتدارییەتی خۆیان بن. ناحەق نییە مچە و حەمە لە دەروونەوە پێیان خۆشە کوردیش شای خۆیان هەبێ، نەك لەو دیوی سنوور با لە پشت کێوی قافیش بێ، بەڵام شای کوردان هەبێ. ئەو ئاوات و خۆزگەیەی کە خانی نەمر و حاجی قادر هەیان بووە.

دیالۆگی نێوان حەمە و مچە زۆر سەرنج ڕاکێشە. یەکێکیان لە زەین و خەیاڵیدا، نەك خەیاڵ بەڵکو لە دونیای واقیعیدا ئارەزووی شای کوردان دەکا. وەك خانی دەڵێت:

بۆمەش کە هەبایە پادشایێ

خوا تانجێکی پێ ببەخشایێ

پەیدا دەبوو ڕێز و گەورەیی و ناو

ڕەنگ و کری مەش دەهاتە بەرچاو...

پادشایی یانی خاوەن کیانی، یانی بوون بە خاوەنی وڵاتی خۆت، هەر ئەوەی کە لە زەینی ئەو دوو مێرمنداڵەدا دەگوزەرێ. گەرچی مەودای دیالۆگی بەسەرهاتەکە هەتا ئەو سەردەمە نزیکەی نیو سەدەی بەسەردا ڕۆییوە، کەچی هێشتا کۆمەڵگا بەسەر دوو بەرەی شای کوردان و شای حەجەماندا دابەش بووە. ئێستاش هەندێك پێیان وایە دەکرێ لە ژێر سایەی شای حەجەمان ئەگەر هەندێك ئازادی بڕەخسێت، باشترە لە دەسەڵاتدارییەتی شای کوردان. بەڵام بەرەی شای کوردان لەو سەردەمەدا و ئەو سەردەمیش هەر بەهێزتر بووە. بۆیە وریا کاتێك وەك گەنجێك دەیەوێ هاوڕێکەی لە کاری سیاسیەوە بگلێنی و پێکەوە کاری ڕێکخستن بکەن، لە شیکردنەوەی خودموختاریدا هەمان ئەو پێناسەیەی بۆ سەربەخۆیی هەیە وا وێنای خودموختاری دەکا.

بوونی هزری کوردانە و ئارەزوو خواستن بە شای کوردان لە جیهانبینیی منداڵانەشدا ڕەنگی داوەتەوە. کەم منداڵی کورد هەیە دوو مێرووڵەی بەشەڕ نەدابێ و ئەوەی گەورە و زل و لاقدرێژەکان کە زوڵم و ستەمیان لێدەبارێ بە مێرووە عەجەمە نەناسیبێ و، ئەوەی وردیلەی بەستەزمانیش بە مێرووە کوردە دانەنابێ. شەڕەکە هەر لە سەرەتاوە دیار بوو بە قازانج و سەرکەوتنی مێرووە عەجەمەکان دەشکایەوە و چونکە ئەوان بەهێزو بازووتر بوون و شەڕێکی زۆر ناهاوسەنگ دەستی پێدەکرد، بەڵام بۆ ئەوەی داخی خۆمان بە شای عەجەمان هەڵڕشتبێ و وەنێو شارە مێرووە عەجەمەکان دەکەوتین، شەڕەکەمان بەسەرکەوتنی مێرووە کوردەکان کۆتایی پێدەهێنا و ئەوەی وەدەستمان کەوتبا دەمانکوشتن و شارۆچکەکەمان وێران دەکرد.. لە یاریی شەڕی نێوان کورد و عەجەم یا پێشمەرگە و پاسداردا هەمیشە دەبا پێشمەرگە سەرکەوتبا و شای عەجەمان لەبەرامبەر شای کوردان چۆکی دادابا..

دیالۆگی نێوان مچە و حەمە زۆر جێگای لێوردبوونەوەیە، یەکێکیان بڕوای بە سنووری دەستکرد نییە و پێیوایە شای کوردان لە هەرجێیەك بێ هەر شای کوردانە، ئەگەر خێریشی بۆ ئەو بەشەی دیکە تێدا نەبێ. ئەوەی دیکەشیان پێیوایە کورد قەت نابێ شای هەبێ و خۆ وێنەکەی لە کتێباندا نییە.

بەشی پێنج هەتا دە لە چیرۆکەکە، زیاتر گێڕانەوەیەکی مێژووییە، باسی چۆنییەتی رووخانی رژێمی شای عەجەمان و هاتنە سەرکاری ئاخوندی عەجەمان دەکا. لەو قۆناغەدا هەست پێدەکرێ، کە هزری نەتەوایەتی ئەوەندە بەهێزە، تەنانەت ئەگەر سووکە دەرفەتێك هەبێ، ئەو ئاگری کوردایەتییە لەناو تاك تاکی کورددا چ پیر و بەتەمەن بێ و چ گەنج و لاو، کڵپەی دەستێنێ. چونکە هەمووی ساڵێك بەسەر ڕووخانی رژێمدا را نابردرێ، لە دێیەکی وەك چەشمەگۆل بنکەی چالاکیی سیاسی و کوردانە رێکدەخرێ. مستەفاش دەبێتە یەکێك لە کادرە چالاکەکانی ئەو رێکخستنە..

لە بەشی دەیەمدا، ئەو بەشەی کە پێموایە دوو دانیەتی نووسینەکە دەردەکەوێ و نووسەر دەیەوێ لە گێڕانەوەیەکی سادەوە، بیکاتە قالبێکی دیکەوە و خەیاڵی خۆی بەکار بێنێ و هیچ شتێك لە بەشە تراژیدییەکە بەجێ نەمێنێ. ئەم بەشە زۆر سەرنج راکێشە. خۆی نە بەر لە ڕوودانەکە و نە دوای مەرگی هاوڕێیەکەی لەوێ نەبووە، بەڵام چونکە دەروون و ناخی هەموو لایەکی بەباشی ناسیوە و دەزانێ دوا ساتەکانی و دوا بڕیارەکانی مستەفای هاوڕێی چۆن بووە، بۆیە وەك ئەوە وایە لەوێ بێت و خوێنەریش بەدوای خۆیدا پەلکێش دەکات. من نامەوێ لەبری مستەفا یا مام کوێخا بیربکەمەوە، هەمووومان وەك یەك بیر ناکەینەوە، قۆناغ و سەردەمی ئەوکاتیش جیاواز بوو. لەگەڵ ئەوەیدا نەبووم مستەفا وا کۆتایی بە ژیانی بێنێ، بەڵام بمەوێ و نەمەوێ دان بەراستییەکدا دنێم، کە مستەفا هەر ئەو رۆژەی کە باوکی بەگژیدا هاتەوە و لە گەڕەك و شوێنی ژیانی و لەلای هاوسەر و هاوسێ و جیرانی بچووکی کردەوە، هەر ئەوکات مستەفا لەناخەوە داڕووخابوو و جەستەیەکی جووڵاو بوو و هیچی دیکە. مستەفا هەر ئەوکات لەناخەوە مردبوو. شکۆی پیاوانەی خۆی لەلای هاوسەر و خەڵکی گەڕەك لەدەست دابوو. بەڵام هەروەك هاوڕێم سولەیمان دڵسۆز دەڵێت دەکرا وای نەکردبا و سەری خۆی هەڵگرتبا و دەستی ژنەکەی گرتبا و هەر ئاوڕیشی نەدابایەوە باشتر

بوو. یان لەگەڵ وریای هاوڕێی ببا پێشمەرگە زۆر باشتر بوو. ئەوانی دیکەش بژیوی ژیانیان هەر دەبوو. کورد دەڵێن کەس لە برسان نەدەمرد.

دیسان دەستخۆش هاوڕێم وریا بۆ زمانە پاراوەکەت، بۆ گێڕانەوە سادەو ڕەوانەکەت. بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا چێژێکت پێبەخشین و گیانێکی نوێشت وەبەر مستەفای جوانەمەرگ هێناوە.

★★★



# چەند وتەیەکی من لەسەر چیرۆکی "مچەی کەچەی"

## سوهەیلا قەوی پەنجە "بێوار"

بەقەولی نووسەر چیرۆکێکی تۆزلێنیشتووە، بەڵام بەلای منەوە زۆر ڕەوان، پڕ لە وشەی پەتیی کوردیی، چێژبەخش و جوان بوو.

خەمۆکیی دەروونیی سەنگین و قورسی باب و کوڕێک شاکارو لەعەینی کاتدا کارەساتێک دەخوڵقێنێ.

ڕووداو و بەسەرهاتێکی جەرگبڕ، هەڵسوکەوتێک لەوپەڕی قەساوەتدا کە لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا زۆربەی گەورە و بچووکی شار و لادێی کردۆتە قوربانیی و ئامانج.

ئەگەر مرۆڤ بە نۆرماڵی پەروەردە بکرێ یا خۆی بتوانێ لە گەورەییدا گۆڕان بەسەر دەروون و ئاکار و ڕەوشتیدا بێنێ، دەردەکەوێ کە هەرگیز هەژاری و دەسکورتی ناتوانێ ببێتە هۆی زاڵم بوون و دڵڕەقی و نامێهرەبانیی دایک و باب و گەورەکانی دەوروبەرمان و مەزلوومی و بێدەسەڵاتی و خۆبەکەمزانی و وابەستەگیی ئێمە و هەوڵدان و خۆکوشتن بۆ ئەوەی خۆشەویستیی و ڕەزایەتیی کەسێکی نەخۆش لە ئەندامانی بنەماڵە بۆلای خۆمان ڕاکێشین.

نووسەر بە باسکردنی چۆنییەتی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان سەرنجمان بۆ شەڕی نێوان ئەقڵ و مەیل ڕادەکێشێ و نزیکمان دەکاتەوە لە پاڵاوتن و بێدارکردنی سۆز و عەواتفی مرۆڤانە لەناو دڵی مرۆڤایەتیدا و، ترس و ئەگەری لەدەستدانی خۆشەویستانمان بەهۆی دڵڕەقی و نامێهرەبانیی ئێمەوە و لەهەمان کاتدا بەزەیی و مێهرەبانیی هێندێک مرۆڤ، بەتایبەت منداڵان زۆر بەجوانیی و شارەزایانە بەرجەستە دەکاتەوە.

بەداخەوە مرۆڤی تەنیا، تەنیایە و تەنانەت خۆخاڵیکردنیش، سووکنایی بە دڵ و دەروون نابەخشێ و ناتوانێ تەنیایی و لەخۆدابوونی مرۆڤەکان پڕ و کەم کاتەوە.

بەشێوەیەکی وەها جوان ڕازاندنەوە و ئاڕاییشی نەماییش بۆ پەردە یەک لە دوای یەکەکانی چیرۆکەکە کراوە، کە تاوەکوو خوێندنەوەی نزیک بەکۆتایی، نازانین چ کارەساتێک دەقەومێ و مرۆڤێکی خەمۆک، خەمین، باش و دڵپاک چۆن خۆی بەهیلاک دەدا و تراژیدییەکی پڕ لە موسیبەت دەخولْقێنێ. دوو بەشی ئاخر وەها شوێندانەر و ئەسەفناکە کە خوێنەر تووشی تاسان و شۆک و حوزنێکی قووڵ دەکات.

شێوەی کاردانەوەی قەساوەتی مرۆڤ و ڕەنج و بەدبەختییەکانی ژیان، ڕۆحی خوێنەر دەهەژێنێ و هەستی بریندار دەکا، چونکە لەکۆتاییدا دەردەکەوێ کە ئەوەی مرۆڤ لەناو دەبا دوژمن نییە بەڵکوو زۆربەی جار نزیکان یا خودی خۆی ئەو کارە دەکەن؛ بۆیە بۆ ساتێک تووشی وەستان و تێڕامان و بیرکردنەوەمان دەکات.

ڕەنگە خراپیی باوکی مچە بەهۆی بەدزاتبوونییەوە نەبێت بەڵام بەهۆی نەخۆشیی دەروونیی خۆی وەک لەخۆڕازیبوون، خۆبەزلزانی و غروور و تووڕەیی لەڕادەبەدەری، تووشی هەڵەیەک دەبێ کە بەهیچ شێوەیەک قەرەبوو ناکرێتەوە و خۆی دوای ئەو کارەساتە ناتوانێ کەمەر ڕاست کاتەوە و بە زمانی ڕەق و خۆتووڕەکردنی پشتی خۆی دەشکێنێ.

لەولاوە لەگەڵ گەنجانی دڵپاک و بێگەرد و زەحمەتکێش و دەرسخوێن و خەباتکار و شۆڕشگێڕ بەرەوڕووین کە بە هیچ شێوەیەک لەبەرانبەر زووڵم و زۆری بنەماڵەدا هەڵوێستو کاردانەوەیان نییە و ئامادەن خۆ بکوژن، بەڵام بێئیحترامیی بەگەورەتر لەخۆیان نەکەن و حەد و حدود بۆ پێشێلکاری و ستەمەکانیان دانەنێن.

نە دایک بە گەورەی ماڵ حیسابە، نە کار و تێکۆشانی منداڵەکان بەهێند وەردەگیرێ. دواتر دەبینین کە مستەفاش (یەکێک لە لاوەکان و قارەمانەکانی چیرۆکەکە) لەبەر کارکردن ناتوانێ درێژە بەخوێندن بدا و هەموو جۆرەکارێک دەکات و بەهەموو شێوەیەک کاسبکار و یارمەتیدەری بنەماڵەکەیەتی، کەچی بابی هیچکات لێی ڕازی نیە و هەمیشە لەگەڵی لەکێشە دایە و سووکایەتی و بێحورمەتی پێدەکات و زۆربەی کات بە بەرچاوی خەڵکەوە دەیشکێنێتەوە و کەسایەتی پێشێل و ورد دەکات یا بەتەواوەتی سنوور دەبەزێنێ و دەستی لێ بەرزدەکاتەوە و لێی دەدات.

زەرافەتێکی ئینسانیی دیکە کە لە زۆربەی دێڕەکانی ئەو چیرۆکەدا خۆ دەنوێنێ، نیشاندانی خۆشەویستی و سۆزی هاوڕێکان بۆ یەکتر و ڕەحم و بەزەییان بۆ دایکیانە .

پێچەوانەی باوک و مامە توورەکان، دایکان سەرەڕای ئەنجامدانی ئەرکە قورسەکانی دەرەوە و ماڵەوە و نەخۆشی و ناساغییان، لەگەڵ منداڵەکانیان زۆر هێدی و لەسەرەخۆ و مێهرەبانن و بۆ یارمەتیدانی کەسانی بێدەرەتان، زۆر دڵفراون و دەست واڵان.

ئەو موحیبەت و سۆزە زۆر بەرجەستەتر و جوانتر هەست پێدەکەین کە ڕۆژێک قادر بەدیتنی مستەفا کە لەبری گۆشت، خەریکی برژاندن و خواردنی پەڕی قازە، چاوەکانی پڕ دەبێ لەئاو؛ نزیکایەتی و خۆمانەبوونی قادر لەدایکی دەبێتە هۆی ئەوە کە بۆی باس بکا کە مستەفای هاوڕێی تامەزرۆی گۆشتە و بەهۆی هەژارییانەوە دەمێکە لێوی لێنەداوە و، دایکی مێهرەبان و دەستودڵبازی قادر دووژەمە گۆشت ساز دەکات و دەیپێچێتە و دەیداتە دەست قادر تاوەکوو لەمەزرا بەیەکەوە لەگەڵ مستەفا بیخۆن.

پەروەردەی هەڵەو سەقەتی بنەماڵە، قوتابخانە، مزگەوت، دین، ئایین، مەلا و کوێخا، کۆمەڵگە، حیزب، سیستەمی سیاسی و حوکمڕانیی وڵات کۆیلەیەکی بێدەسەڵات و دەستەوەستان درووست دەکەن و لەهەمان کاتدا هەموویان چاوەڕێن و بەهیوان مرۆڤێکی موحتەڕەم، باش، نەرمونیان و سەرکەوتووی لێدەرچێ.

گرنگیدانی مرۆڤ بە قسەی خەڵک کە چووکترین تەئسیریان لەسەر ژیانی ئێمە نییە بەڵام ئەگەر بەهێندی وەرگرین زۆر بەئاسانی تووشی ماڵوێرانیمان دەکات، نموونەیەکی تر لە گۆشەنیگا و پەیامەکانی نووسەرە.

لەگەڵ ئەوەدا کە دایک و باوکانی نەخۆش و قوربانی، وەچەی یەک لەدوای یەک نەخۆش دەخەنەوە، بەڵام دەبینین لەناو دڵی ئەو کاولستان و زەلکاوەدا گوڵی جوان، ژیر، زیرەک و وریا دەڕوێن. بەداخەوە زۆر جار ئەوەندە لەمپەر لەسەر ڕێگەی پەروەردە و فێربوون و پێگەیشتنیان دروست دەکرێ کە زۆربەیان بەهیچ کوێ ناگەن؛ گەنجانی دێی (چەشمەگۆل) نموونەی ئەو چەشنە گوڵانەن.

هەروەها وشیاری زیرەکی و هونەرمەندیی ئەو گەنجانە، کار و تێکۆشان و ڕێبەریی شانەکان و ڕێکخستن و چالاکیی سیاسیان، کۆبوونەوەکان و ڕوونکردنەوەی خەڵک لە زوڵم و زۆرەکانی ڕێژیمی پاشایەتی، دانانی کتێبخانە، چالاکی و خۆپێگەیاندنیان لە تەمەنی ١٥ - ١٩ ساڵیاندا، نموونەیەکی جوان و باشی شێوەی بەڕێوەبەریی خەباتێکی کوردانە، ڕەوا، خاوێن، بەرحەق و درێژخایەنە کە کارو تێکۆشانی سەردەمی کۆماری کوردستان و دلسۆزی و سەداقەتی

بەڕێوەبەرانی ئەو کاتمان بیر دەخاتەوە؛ ئەو بەشە یەکێکی تر لە تابلۆ جوان و نایابەکانی ناو چیرۆکەکەیە.

سۆز، مێهرەبانی، وەفاداری، ئەمەگ و خۆشەویستیی نووسەری چیرۆک (کە خۆشی یەکێکە لە قارەمانەکانی بەسەرهاتەکە)، بەرانبەر زێد و خاک و نیشتمانەکەی و هاوڕێ و هاوخەباتەکانی لەسەرەتاوە تا کۆتایی نووسینەکە شەپۆل دەدا و خۆ دەنوێنێ؛ دواتر نووسەر خۆشی باس دەکات کە دووهەمین ناوی خوازراوی زۆربەی نووسینەکانی دەکاتە (م.ڕەوانپاک) کە ناوی هاوڕێی نزیک و لەدەستچوویەتی لە چیرۆکەکەدا.


وەسفی جوانی چەشمەگۆل و خەڵکەکەی، دێیەک کە کەوتۆتە خوارەوەی ڕێگەی دوو شاری شنو و نەغەدەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە داڕشتنێکی جوان و هێنانی وشەی پاراو و بەپێزی کوردی تابلۆیەکی نایابیترە لەدەسپێکی چیرۆکەکەدا.

وێڕای دەسخۆشی و ماندوونەبوونی و سپاسی زەحمەتی نووسەری پێشمەرگە، تێکۆشەر و کوردپەروەری چیرۆکی (مچەی کەچەی) بەڕێز قادر وریا پێشنیار دەکەم خوێنەری ئەو بەسەرهاتە شیرین و تاڵەبن.

دڵخۆشم بەبوون و ناسینی ساحێبی ئەو قەڵەمە پاراو و جوانە.

بە بڕوای من دیالۆگی کورت و منداڵانە و سێ کەسیی (حەمە، مستەفا و قادر) نەتەوەییترین، سەرنجڕاکێشترین، پڕناوەرۆکترین، پڕماناترین، سیاسی و مێژووییترین، جوانترین و شیرینترین بەشی چیرۆکەکەیە کە لە ئەڵقەی ٤، بەناوی سێگردان، شای حەجەمان و شای کورداندا هاتووە.

★★★



# خوێندنەوەی ناتەواوی چیرۆکێکی تەواوی ناتەواو

**مستەفا شێخە**

دوای ئەوەی لە سەر دیواری دراوسێی فەیسبووکم دەستم بە خوێندنەوەی بەشی یەکەمی بابەتی مچەی کەچەی کرد و زانیم ئەم نووسراوەیە چەند بەشێکە و هەر جارەی بەشێکی بە دیوارەکەوە هەڵدەواسرێت، هەوڵم دا دان بەخۆم دابگرم و کۆمێنت و لێدوانی بۆ نەنووسم. تەنیا بە دانانی «بووکەڵە دڵێک» لە ڕێزی ئەوانەی بابەتەکە پەسند دەکەن، خۆم دەبوارد و ئەوەندەی چاوڕوانی پارچە لەیەکتر دابڕاوەکانی بابەتەکەم دەکرد، ئەوەندەش چێژی خۆشم لە کۆمێنتی خوێنەرانی بەشەکان وەردەگرت.

من کە ناوم مستەفایە و دەگەڵ مچەی نێو ئەم گێڕانەوەیە هاوناوین، خۆکوشتنەکەی مچەی لێ‌دەرچێت، جگە لە هاوناوی، لە بەشی زۆری ژیانیشمان وەک یەک بووین. بەڵام من ڕەنگە لەبەر ئەوەی خۆم و ژیان و ئێوەم خۆش دەوێت یان لەبەر ترسنۆکی، خۆمم نەکوشتبێ.

وەک ڕەخنەگر و چیرۆکنووسە فارسەکان دەڵێن، ئەم «همزادپنداری» یە (هەستکرن بە وێکچوونی خوێنەر و کەسایتیی چێڕۆک) وای لێکردم بابەتەکەی «وریا» دووجار بخوێنمەوە. جارێک بەش بەش و دەگەڵ خوێنەرانی چاوەڕوانی سەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیس‌بووک و جارێکیش کۆپیم کرد و لە فایلی وۆرد دا بە دوای یەکدا دامناوە و خوێندمەوە.

باسی هاوچارەنووسی یان وەک فارسەکان ئێژن «همزاد پنداری»م کرد. هەتا خوێنەرانی زیاتر خۆیان وەک یەکێک لە دوو کەسایەتییە سەرەکییەکەی ئەم گێڕانەوەیە ببنینەوە، دەقەکە لایەنگری زیاتری دەبێت و خوێنەرێکی زیاتر چێژی لێوەردەگرن. بۆیە دەڵێم دوو کەسایتیی نێو گێرانەوەکە، چونکە من دوو کەسایەتیی سەرکیی لە نێو ئەم دەقەدا دەبینم.

یەکیان لەبەر نەداری و بێدەرەتانی و بەرپرسیاریەتیی لە بەرانبەر هاوژینەکەیدا دەگاتە بنبەست و خۆی لە نێو دەبات. بەڵام ئەوی دیکەیان رێگەی مانەوە و بەردوامبوون دەگرێتەبەر و دیارە مانەوەی ئەمیان بووەتە هۆی ئەوەی چەندین ساڵ دواتر ژیانی خۆی و مچە بنووسێتەوە و چەند ساڵ دوای نووسینەوەش لە دەرفەتێکی دیکەدا بە چەشنێک پارچە پارچە بڵاوی بکاتەوە و پێش بڵاوکردنەوەی هەر پارچەیەکیش خوێنەرانی، لە خوێندنەوە و تێگەشتن و چێژوەرگرتنی خۆیان ئاگەداری بکەنەوە.

خۆدۆزینەوە یان هەست بە هاوچارەنووسیکردن لە نێو دەقێکدا وا لە خوێنەر دەکات بە دروستکردنی «بەرهەڵێخ»ی دیکە بە پەنا دیواری دەقەوە یان لەسەر دەستی دێڕێک، رستەیەک و زۆر جار وشەیەکی دەقە سەرەکییەکە، خۆی دەقێکی دیکە بخوڵقێنێتەوە. هێندێک جار نووسەرانی دووهەم کە خوێنەری دەقی یەکەم بوونە، لە سەر دەستی بەشێک یان پاژێکی زۆر بچووکی دەقی یەکەم رۆمان، چیرۆک، شێعر، تابلۆی شێوەکاری، رەنگە فیلمی سینەماییشیان خوڵقاندبێتەوە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەم نووسەرانەی دووهەم. بێ‌ئەوەی دەقەکە لە شێوەی پیت و وشەی بەرچاو بنووسنەوە تەنیا دەقێکیان بۆ دڵی خۆیان بەرهەمهێناوەتەوە. ئەم هەوێرەی خوڵقاندنی دەقی دیکە لەسەر ئەو دەقەی دەخوێندرێتەوە، هەویرێکە ئاوێکی زۆر هەڵدەگرێت. بەڵام ئەگەر جگە لە منی نزیک لە کات و جوگرافیای نێو دەقی «مچەی کەچەی» خوێنەرانی دوور لەم کات و جوگرافیایەش خۆیان وەک یەکێک لە کەسایەتییەکانی گێڕانەوەکە دابنێن واتە خۆیان بەهاوچارەنووس بزانن، ئەوە دەقەکە زۆر سەرکەوتووترە. دیارە ئەمەیان تا رادەیەکی بەرچاو بە کۆمێنتی خوێنەرانەوە دیار بوو.

دوای ئەوەی ئێمەمانان خەریکبووین لە دەست زمان و رێنووسی سەقەتی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رابکەین، گێڕانەوەی «مچەی کەچەی» یەکێک لەو نووسراوانە بوو کە پشوویەکیان هێناوە بەرمان و دڵیان بەوە خۆش کردین دەکرێت بەم تۆڕانەشدا بگەڕێینەوە سەر بنەمای مانەوەی زمان و فەرهەنگی خۆمان.

ئەگەر بمانهەوێ لەم سۆنگەیەوە باسی فەرهەنگ و زمان بکەین، کاتێک زۆر دەخوازێت‌و لە تاقەتی خوێنەری سەر ئەم تۆڕانەش ناوەشێتەوە.

هەر ئەوەندەی بەشدارانی کۆمێنتەکان چوونەتە سەر بایەخی زمانەکە و شایەتیی ئەمەیان دەدەن زۆر وشەی نوێ لەم نووسینەوە فێربوونە، خۆی بایەخی زمانی نووسینەکەمان بیر

دەخاتەوە. دیارە وەک رۆمان و چیرۆک و شیعر و بیرەوەریش دەقی کوردیی جوانمان زۆرن، بەڵام لێرەدا مەبەست زمانی نووسینی کورتی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە.

رەشایی، قەرە، جووتبەندە، میراو، کەردوولێدان، بەردبژێر، تەکمیش، قازەوان، کەڵیچە، هێوەرە، قۆرخ، گیادروو، گوڵەمەمۆڵە، کەڵەوەکێشی، جۆماڵ، بژار، سەرەوان، دەسکەنە، کانیی ژنان و شوو لێ هەڵکێشان، ئەو وشە و ناوانەن لە کاتێکدا بۆپشت پێبەستنی زمان زۆر پێویستن و خەریکن فەرامۆش دەکرێن. جگە لەمانە زمانی رەوانی گێڕانەوەکەش بەرچاوە.

دەقی «مچەی کەچەی» لە ۱۱۵۰۰ وشە پێکهاتووە و رەنگە ٤٠ تا ٤٥ لاپەڕەی کتێبک پڕ بکاتەوە. من زیاتر وەک چیرۆکی درێژ یان نۆڤلێتی دەبینم و هەموو تایبەتمەندییەکانی چێرۆکی ریالیستیی تێدا دەدۆزمەوە. دیارە نووسەر لە هەندێک وەردەکاریی پاراستنی بنەماکانی چیرۆکی ریالیسیتی لایداوە. خۆ رەنگە هەر مەبەستی نووسینی چێرۆکی ریالیستیش نەبووبێت و دەقەکە خۆی ئەوا دەرچووبێت. دیارە ئەمەش بێگومان خوێندنەوەی چیرۆک و رۆمانی لەپشتە، بۆیە لەم ژانرە ئەدەبییەوە نزیکە.

«مچەی کەچەی» لەزمان یەکێک لە کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەوە دەگێردرێتەوە کە خودی نووسەرە و شان بەشانی

«مچە» کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکەکەیە. لە کاتێکدا بۆ ئەو خوێنەرانەی زۆر سەرنجیان راکێشراوەتە سەر ژیانی «مستەفا»، گێڕانەوەکە زیاتر وەک بەسەرهاتێک دێتەبەرچاو و بە مردنی مچە کۆتایی دێت و خاڵی ئاخری بۆ دادەنرێت. بەڵام ئەگەر وەک چیرۆک بڕوانینە دەقەکە، ژیانی یەکێک لە کەسایەتییە سەرەکییەکان کەسایەتییە لاوەکییەکانیش بەردەوامە و بەم روانینە بەسەرهاتەکە کۆتایی نەهاتووە. جیا لە کەسایتییەکانی وەک مستەفای هاوڕێی مچە و بگێڕەوە و دایکی مچە و خوشکەکان و هاوسەرکەی، چەند کەسایەتییەکی دیکە کە ناویان هاتووە و لە دەقەکەدا ئەرکیان دیارە و زیاتر بە دەوری دوو کەسایەتییە سەرەکییەکەوە کەسن. بگێڕەوەیە پێش ئەوەی چیرۆکەکە تەواو بکات، لە دەقەکە نەهاتووەتە دەرەوە. نەک هەر وەک مچە خۆی نەکوشتووە، بەڵکوو بە هیچ هۆکارێکی دیکەی وەک نەخۆشی، رووداوی هاتووچۆ و هیچ هۆکارێکی دیکە لە نێو نەچووە و ژیانی بەردەوامە.

شەفافبوون لە گێڕانەوە، دوورکەوتنەوە لە گێرانەوەی پێچەڵپووچ، کەڵک وەرگرتن لە زمانی زارەکی لە جیات زمانی رەسمی یان زمان وتاری سیاسی و شتی لەم بابەتە، دەکارکردنی زمانێک لە سەر بنەمای شتە بینراوەکان و دوور لە رووچوون بە نێو زەینی مرۆڤەکاندا (لەیەک دوو جێگادا نەبێت)، کارکردی زمان بە شێوەی پێوەندیدان بە شتە بەرهەستەکان و دوورکەوتنەوە لە مەجاز و خوازە. هەموویان ئەو خاڵانەن لە تایبەتمەندیی زمانی ئەم چیرۆکەن و تایبەتمەندیی زمانی هاوبەشی هەموو گێڕانەوە ریالیستییەکانیشن.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی ریالیستیش داکۆکیکردن و زەقکردنەوەی ژیانی هەژاران و بەشمەینەتانە. ئەم دیالۆگەی نێو چیرۆکی "مچەی کەچەی " لێرەدا زۆر بەرچاوە:

- مچە گیان! ڕاستییەکەم پێ بڵێ خۆ دنیا خرا نابێ.

- وەڵڵاهی... ئەخە چت پی بڵێم؟

- پێم بڵێ چت لەو باڵانە دەکرد؟

- ئەرێ ڕاستیت ناوێ؟

- بەرێ وەڵڵا.

- زۆر لە مێژە گۆشتم نەخواردوە، لە تاوی گۆشتی وەختە شێت بم، ئەو باڵانەشم بۆیە بە ئاورێوە دەنا تا هەڵپرووزێن و بیانخۆم... ماڵتە تامیان هەر وەک تامی گۆشتی وایە، ئەتۆ تاقی کەوە.

- چ  تاقی کەمەوە، خۆ ئەوە ناخورێ ماڵتە، ئەتۆ چۆنت خواردوە؟

- ئەخر چ بکەم زۆرم ئیشتیا لە گۆشتی بوو.

هەموو گیانی مچە ببوو بە ئارەقە، لەوە کە من بەسەریدا چووبووم و پێم زانیبوو، زۆر بە خۆدا شکابۆوە.

بە خۆم نەبوو، بە دیتنی ئەو ڕووداوە هەر دوو چاوم پڕ بوون لە ئاو. گوتم:

- مچە گیان! نارەحەت مەبە، با ئەوجار گۆشتمان هەبێ بە دایکم دەڵێم زۆرمان بۆ دانێ، جا لێرە پێکەوە دەیخۆین.

- باشە بە قوربانت بم بەڵام تخوا لە کن کەس دەنگێ مەکە.

- خاتر جەم بە.

ئەم دەقە و هەر دەقێکی دیکەی ئەدەبی دەکرێت بە پێی تێگەیشتن و لێکدانەوەی ژمارەی خوێنەرانی بخوێندرێتەوە. بۆ یە هەوڵ نادەم خوێندنەوەی خۆم بسەپێنم. پێمخۆشە سەرەتاتکەی ئەم دێڕانە لە دەوری ئەم نووسینە لە جیات ئەوەی لێکدانەوە بێت، زیاتر پرسیاری خولقاندبێت.

★★★



# کوێخای قەرە

## سەلیم حەقیقی

دەقی ئەو بەسەرهاتەی قادر وریا نووسیوێتی و بە ناوی «مچەی کەچەی» لە فەیسبووک دایناوبوو، خوێندمەوە.

ڕاویی ئەو بەسەرهاتە «قادر وریا»، کەسایەتییەکی خۆشناو، سیاسی، تێکۆشەرێکی دێرینی نێو ڕێزەکانی شۆڕشی مافخوازی نەتەوەی کوردە کە لە سەردەمێک دا گەزاف نیە بڵێم بە تاقی تەنیا ڕۆژنامەی "کوردستان"ی وەک هەلووک هەڵدەسووڕاند! و لە پانتایی نووسینی شۆڕش دا، مەیدانداریی دەکرد. کاک قادر نووسەری پڕ کاری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، ژنان، منالان و ... دا، بەو قەڵەمە پڕ بڕشت و بەهێزەی لاپەڕەیەکی زێڕینی بۆ خۆی، حیزب و نەتەوەکەی تۆمار کردوە. خامەی کاک قادر و نووسینەکانی وا بەهاسانی پلاریان تێ ناگیرێ! و دەبێ کەسێک بێ وریا دەنا لە حاند بیروهزری نووسینی کاک قادر کەم دێنییەوە.

بەڵام لەمانە بترازێ، زمانی نووسراوەکە «بەسەرهاتی مچە» زمانێکی ساکار و خۆماڵی و ئاوێتەیەکە لە بن زاری سۆرانیی شنۆییانە! جا چونکە منیش خەڵکی ئەو دەڤەرە جوانەم، توانیم باش پێوەندی بە نێوەرۆکی بابەتەکەوە بکەم، هەمیسان چونکە جوغرافیای بەسەرهاتەکە و ڕەنگبێ بەشێک لە خەڵکەشی باش دەناسم، لە ناخەوە ڕۆچووبوومە ناوی. بەسەرهاتی قارەمانی چیرۆکەکە «مچە» پڕ لە تراژێدیای ژیانی ئینسانێکی کوردی دەیەکانی پیشوویە مچە نموونەی لاوێکی هەژار و دەستکورتی کوردە کە نەریتی کەون و پاشکەوتووی باووکاڵی ئێمە خوویان پێ گرتبوو و کەم و زۆر بەم شێوەیە هەڵسوکەوتیان دەکرد. زۆرێک لە قسەکانی کوێخا بۆ هەموومان ئاشنان.

قادر وریا، زۆر خۆمانە و خۆماڵیانە دەردی دڵی منداڵان و مێرمنداڵانێک کە لەم قۆناغەی تەمەنیاندا دەنێردرێنە بەرقازان، مانگا و گامێشیان پێ دەلەوەڕێنن، یا خەریکی کاروباری ژیانی پڕ کوێرەوەریی لادێن، بەجوانی وێنا کردبوون. گێڕانەوەکەی پڕ بوو لە تەسویر و هەستێکی نۆستالۆژیکی بۆ من هەبوو. منی گەڕاندبۆوە سەردەمی مناڵیی خۆم. سەردەمی دستپێکی شۆڕش و ئەو ڕووداوانەی سەرەتای شۆڕش. بەڵام من پێم وایە بە گشتی مەبەستی کاک قادر لەم گێڕانەوەیە، وەفا و ئەمەگناسییەک بوو بۆ هەڤاڵی سەردەمی مناڵیی خۆی. ئەوەتا لە کۆتاییشا ئەو کۆدە ئاشکرا دەکات کە زۆرێک لە نووسینەکانی کاتی خۆی بە ناوی «م. ڕەوانپاک» نووسیوە و هەر وەک یادێک بۆ هاوڕێی ڕوحسووک و قەت بە ئاوات نەگەیشتووی خۆی، پیشکێش بەوی کردوە.

بەلام ئەگەر ژینی «مچە» پڕ بووە لە نەهامەتی و سەرکوتی باوک و چەوساندنەوە، بێگاری و لانەوازی، هەر لەو قۆناخدا و هەر لەو چەشمەگۆلەی شوێنی بەسەرهاتەکە، سەرئەنجامی ژیانی ڕاویی چیرۆکە ڕاستەقینەکەمان (کاک قادر وریا)، ڕێک بە پێچەوانە بووە. وا نەبووە کە هەر هەموو بنەماڵەکان ئاوا مناڵی خۆیان بچەوسێننەوە و بە گژی دابێن‌و وا بکەن مناڵ خۆی بکوژێ. ئەی ئەوە نیە میرزا قادر پێدەگا و دەبێتە کەسایەتییەکی نەک چەشمەگۆل و شنۆ و سندووس، بەڵکوو ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش.

ئەگە مچە چەوساوەی دەستی نەریتی قێزەونی ئەو سەردەمەیە، وریا خەریکە ئەو کۆنە برینە سارێژ بکاتەوە و ببێتە مەڵحەمێک بۆ سەر نەهامەتییەکانی مچەکان. دیاردەی دزێوی نەریتە کۆن و باوەکانی ئەو سەردەم تایبەت بە کوردستان نەبوون لە بەشی هەرە زۆری سەرگۆی ئەم زەوییە کلتووری باوک سالاری و چەوساندنەوەی مناڵ لێنزیک باو بووە، بەڵام دەگەڵ ئەوەی ئێمەمانان دوو جار چەوساوینەوە(جارێک لە لایەن بنەماڵەکانمان و جارێکیش لەلایەن حکوومەتی داگیرکەرەوە) ئێستا دەبینین لەو کوردستانە بندەستە چۆنیەتیی هەڵسوکەوت و پەروەردەی مناڵ لە خێزاندا ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووە.

بەم هۆیانەی باسم کرد منیش پێم خۆش بوو بێتەفاوەت بە لای «مچەی کەچەی» دا ڕانابرم و شتێکی لە سەر بنووسم و سپاسێک بکەم لە وەفای نووسەر بۆ هەڤاڵی منداڵی و مێرمنداڵیی خۆی و، ئاوڕدانەوەی لە ئازارو مەینەتەکانی ژیانی کورت و چارەنووسی تاڵی «مچەی کەچەی».



# من دەڵێم ژانێکەو لە دڵدا دەچەقێ

سالار عەبدولڕەحمان:

ئەوە چەند رۆژێکە، لەگەڵ هەر کەسێك باس هاتبێتە سەر ئەو بەسەرهاتە، یان لەگەڵ خۆمدا کە بە بیرمدا هاتبێتەوە کزەم لە جەرگییەوە هاتووە!؟

بۆ!؟

ئەو کەسەی کە دەیخوێنێتەوە، دەزانێت بۆ!؟ بەسەرهاتی (مچەی کەچەی) ئەو نووسینەیە، کەوا دێمەوە سەری، جاری یەکەم هەموو بەشەکانیم لەسەریەکەوە بەیەك نەفەس خوێندەوە. ئەوا ئەم جارەش هەروەها دەکەم، هەوڵ جار بە کۆمێنت بوو، هەوڵ دەدەم ئەمجارەیان هەندێك بە شێنەیی تر و دوای خوێندنەوەی، بەشێك لە سەرنجەکانم بخەمەڕوو، هەڵبەتە هەمووی هەر هەڵنارێژم و ئەوەی دەمهەوێ هەمووی نابێژم، چونکە ئەمن رەخنەگر نیم، بەڵام دەمهەوێت لەگەڵ خوێندنەوەی بەرچاو روونییەکیش پێشکەش بە خوێنەر بکەم.

سەبارەت بەوەی لە خانەی چ ژانرێك دادەنرێت هەروەکو نووسەر خۆی دەینووسێت (بەسەرهات)، کاك قادر وریا زۆر باشی کرد هیچ ناوێکی دیکەی لێ نەنا، چونکە ئەگەر وەهای بکردبایە و خۆی لە قەرەی چیرۆکی هونەری دابایە، ئەوا دیمەنە راستەقینەو جەرگبڕەکانیشی هەر بە خەیاڵ ئەژمار دەکران، ئەمەش وای دەکرد خوێنەر کەمتر خوێنی لەگەڵدا بجولێت و هەر زوو لە هەوەڵەوە بەسەرهاتەکەی بەدەستکرد بزانێت. کە ئەوەش لەگەڵ تێکەڵبوونیدا کەمتر لەوەی هەیە تێکەڵی ببێت و دەستەملانی بێت! بەڵام بە تەنیا لەیەك لایەن خوێنەر زۆر بە زەقی هەست بە جێ پەنجە و خەیاڵی نووسەر دەکات، کاتێك لەبەشی (١١/ دواین جار) بەباشی هەست بەوە دەکرێت کە ئەوەی هەیە خەیاڵی نووسەرە، سەرباری ئەمەش خوێنەر لەگەڵیدا دەبێتە دۆست، بەڵکو زۆریشی لێ خۆش دێ. بە نەنووسینی ئەو

بەشە و بەو شێوەیە، ئەمن دڵنیام کە بەشەکەی دیکە، ئەو کاریگەریەی نەدەبوو، ئەوەی لێرەدا کراوە زەمینەسازییەکی زیرەکانە بووە، بۆ ئەوەی پێ بەپێ ڕووداوەکان نارێك و شاش و واش نەبێ و بێ گرێ و گۆڵ بچنە پێشێ. لە رووی وەسفەوە، تەواو لە سروشتەوە نزیکە، خۆشبەختانە جوان وەسفی جوگرافیای ناوچەکەی کردووە، بۆ منێکی کە باشووری و زادەی شاریم، وشەکان بۆنی خاك و سروشت و زمانێکی بێ رتووشکراویان پێشاندام، لەکاتی ناوهێنانی ئەو هەموو گوندانە، موچووڕکەی خۆشیم بەلەشدا دەهات، بەڵام سەرم لەوە سوڕماوە بەوەی هەر گوێم لە رەش و رووت بووە، کەچی یەکەمجار وا وشەی (قەرە- رەشایی)م گوێ لێدەبێت! هەرچەندە بێگومانم لە ژیانی بێ تروسکە و بێ دەرەتانی ئەو خەڵکەی ژیانیان تاك رەنگی رەش و بێ رەنگی ئاڵ و واڵای بێ ژمارەی ئەو ژیانە هاتووە، ئەویش تەنیا و تەنیا چەرمەسەری و ژەهر ژینە، بۆ؟ ئەوا ژیانی هەژارانی تەواوی دونیا وەك یەك تاڵە، بەڵام هەریەکە و بە رەنگێك و هەر سەردەمە و بەجۆرێك، کەوای کردووە تەنیا تامی تاڵی بکەن و خۆشی نەناسن و چۆنە و چییە!! راستە بەسەرهاتەکە بەناوی (مچەی کەچەی)یە، بەڵام بەوەندە واز ناهێنێت، بۆ ئەوەی دیمەنەکان بەتەواوی نیشان بدات، نووسەر مەجبووره باز بداتە سەر زۆر شت، لەوانە باسی خۆشیشی دەکات، ئاماژە بە قسەی ئەم و ئەویش دەدات، گفتوگۆی نێوان خەڵکی دیکەش هەر دەگەڕێتەوە سەر ئەسڵی مەقسەد (باشترین نموونەش ئامۆژگارییەکانی خەڵکییە بۆ کوێخا وسێن و ئەوەندە سەر نەخستنە سەر مچەی،بەزمی شای حەجەمان و شای کوردان، قسەکەی حوسێن شاوانەیی، کە بێزاری کڕینی پاتری بڵندگۆی مزگەوتی دەربڕیوە، جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەتۆ وەرە خزمەت بۆ مەسەلەیەکی چارەنووسساز تەرخان بکەی، هەوڵ بدەی تاکەکانی میللەتی خۆت و وشیار بکەیەوە، تەنانەت خۆتیشی بۆ بە کوشت بدەی، کەچی پاشان قسەیەکی وەها ببیستیەوە!! بەراستی بێ ئەسەر نییە، کەوا میللەتی کورد دواکەوتووە و هەتا هەنووکەشی لەگەڵدابێت ژێردەستە و قوربەسەرە، ئەم قسەیە قسەی کابرای شوانی وەبیرهێنامەوە، کە گیڤارای شۆڕشگێڕی بگیرێت و بەکوشتی دا. لێیان پرسیبوو بۆ زمانت لێدان، وەلامی دابۆوە، ئاخر تەقە و پشێویەکانیان وای دەکرد، ئاژەڵەکانم نەلەوەڕێن (دیارە مەبەستی گیڤارا و هاوەڵەکانیان بوو).

کوێخا وسێنی دڵڕەق، لەوانە کەم و زۆر لەناو خووخدەی تاکی کوردەواریدا هەیە، دیارە بە راشکاویەوە دەتوانم بڵێم، ژینگە رۆڵێکی کارای هەیە لە گۆورانی کەسایەتی منداڵ، جا بە

باشه یان بە خراپە بێت، دەبینین هەر ئەو مچەیە لە دەورانێك کە کوێخا وسێنی بابی پێیدا هەڵدەگوت و خۆی پێ ڕادەنا و شایی بە کوڕەکەی دەهات، کەوا سپای دانیش لە کوڕەکەی وی رازییە، سەیر دەکەین کوڕەکەشی دەنگی دلێر و بڕوا بەخۆیی و بێ منەت و ..هتد، رەفتار دەکات. هەر ئەو کوێخا وسێنە کە بای دەداتەوە هەمیشە سەر دەکاتە سەر سەری مچە و ژیانی لێ تاڵ دەکات، دەبینێ لە بەرامبەر خەڵکی دێ و دوایەش شاری، سەرکز و بێ ئیرادە و تێك شکاو و بڕوا بەخۆنەبوو و رەشبینی لێ دەردەچێت. کە هەمیشە ئەو قسەیەی بابی لە گوێدا دەزرنگێتەوە و لێشی دەبێتە مۆتەکە (ئەنگۆ زیندوو ئەمن مردوو، ژنەکەی خۆی پێ بەخێوناکرێ) ئەمن نازانم بۆ دەبێ باب بەو ئاستە و بێ ویژدانانە سووکایەتی بە منداڵی خۆی بکات و بە هیچی دابنێت!؟ پاشانیش بەدواکەوتووترین شێواز و دوور لە ئیراەی خۆی ژنی بۆ بێنێ؟! لێرەدا پرسیارێك دێتەپێشێ: بۆچی قەبووڵی کرد، بەو شێوەیە ژن بێنێت؟ ئەمن دەتوانم وەڵامەکەی هەر لەوەدا کورت بکەمەوە و بڵێم و ئەو جۆرە پەروەردەیەی لە مێشکی منداڵ ئاخنراوە و بەسەر کۆمەڵگەی ئێمەدا زاڵکراوە، ئەوەیە منداڵ بێ ئەوەی گەورە یان بچووك بێت، تا هەتایە نابێت لە ئاستی باب بڵێ لەل، ئەگەر خاوەن مافیش بێت هەر نابێت قسەی رەت بکاتەوە، بەداخەوە زۆربەی باوکانی ئێمەش ئەو خاڵە دەقۆزنەوە و منداڵەکانی خۆیان پێ کەلوپەل و بەندەی خۆیان و بە کەماڵی ئیسراحەتەوە دەتوانن هەرچی پێیان خۆشبێت بیکەن و هەست بە ئازاری ویژدانیش نەکەن، بیریش لەوە نەکەنەوە، بڵێن: ئەگەر شتێك پەیوەندی بە چارەنووسی خۆیانەوە بێت، دەبێت لەوە جواب بێن و بە خۆیان بڕیار بدەن و کۆمەڵگەش بە تاوان لەسەریان حساب نەکات، بەداخەوە هەتا ئەوکاتەش ئەو جۆرە پەروەردەکردنە، هەر ماوە و عومری زۆر کەسیش بە زایەع دەبات بەداخەوە.

(مچەی کەچەی) نموویەکی زۆر سەیر و جودای نیشانی خوێنەر داوە، وا باوە لەنێو وڵاتانی خۆرهەڵاتی و باوك سالاریدا، ئەوەی تاقانە منداڵ یان کۆڕە تاقانەی ناو خوشکان بێت، لەبەر نازگرتن و زۆر چاو لەسەر بوونی، زۆربەی جاران ئەو تاقانە کەسانی ناشایستە و تەمبەڵ و مشەخۆر و نازاندەیان لێ دەردەچێت. کە ئەمەش هەمووی لە سۆنگەی هەڵسوکەوتی دەوروبەر و بەتایبەتش دایك و بابیانە، چونکە زۆر لە پێویست کورەی نازاندی دەکەن، ئەو نازگریەش وا دەکات کەسایەتی بەد و ناسروشتی و رەزا گرانیان لێ دەربچێت، بەڵام دەبینین (مچە) بە پێچەوانە کەوتۆتەوە، کەسێکی ئیشکەر و خۆێنشیرین و جێگەی

متمانەی خەڵکیە، کەسێکە لە هیچ کارێکی قورس ناپرینگێتەوە، دەست و پێ سپی نییە، کوڕی ڕۆژی تەنگانە و جێگەی متمانەی ماڵ و هاوڕێ و خەڵکی گوندییە، بەڵام کوێخا وسێن لێی بۆتە مووی شەیتان و وازی لێناهێنێ و وازی لێناهێنێ؟! هەتا سەری بە فەتارەت دەدا و خۆی دەکوژرێت، هەر چەندە ژیان زۆر بە نرخ و یەکجارە، ئەوەندە دهێنێت، بەو هەموو زەحمەتیانەی تێشی دا هەیە، بژیێت، کەچی کوێخا وسێن هیچ لەباردا نەبووە و هەژار، هەر تەنیا هەژاری ماڵی دنیا نەبوو، هەژاری هەستی مرۆڤانە و باوکانە، هەژاری هەڵسوکەوتی ئاسایی، هەڵسوکەوتی پەروەردەیی (کە دەبێت هەموو باوکێك تێیدا هەبێت). هەژاری زۆر شتی دیکەشی بووە، لە گوند مچە وەدەرنێ و لە شاریش وازی لێناهێنێ، کەبەراستی وەکو مچە دەڵێ نابێ پێی بگوترێت (مەڕۆکە) بەڵکو ئەمن پێموایە دەبێ بگوترێ (گورگۆکە) کە ئەمەش نازناوێکە پڕ بە پێستی کوێخا وسێنە.

دنیای منداڵان لە (مچەی کچەی) زۆر باش وێناکراوە، وەکو شێوازی ئاخافتنیان لەگەڵ یەك، لەگەڵدا ئاو قەرای خۆیان دیتەوە، بە نموونەی ئەو دەورەیەی کاتی هەڵکڕوزاندنی باڵە قازەکان (درۆیە دەکەی، چوزانم، ئەخە چت پێ بڵێم، ئەخر چ بکەم، زۆرم ئیشتیا لە گوشتی بوو!) یان لە گفتوگۆیە دووردرێژەکانی مچە و حەمە و میرزاقادردا لەسەر مەسەلەی شای حەجەمان و شای کوردان، هەرچەندە باش وێنای واقیعی نێوان منداڵانی کوردی کردووە، بەڵام ئەو واقیعە زۆر کارەساتبارە. ئەتو وەرە لە جیاتی ئەوەی منداڵ لە دنیای ڕەنگاورەنگی پڕخۆشیی خۆیدا بژیت، منداڵانی کورد باسی سیاسەت دەکەن، کە ئەوە هەرگیز لە ئەسڵدا ئیشی ئەوان نییە، بەڵام چ بکەن، نە بەخۆیان ئەوەندە ئاقڵن خۆ لە دنیای گەوران لە پۆخڵەواتەکانیان، لە ململانییەکانیان ببوێرن، ئەو تەمەنەی هەیانە بەخۆشی بۆیان بگوزەرێتن و کەیفی تێدا بکەن، نە گەورەکانیشیان ئەوەندە ژیر و دووربینن، هەتا وا بکەن منداڵەکانیان زۆر بیر نەکەن و ژیانیان لێ تاڵ نەکەن.

بەداخەوە بەسەرهاتی (مچەی کچەی) پێمان دەڵێت گەورەکان تاوانی زۆر مەزنیان بەرامبەر بەمنداڵان کردووە!؟ کێشە و خەمەکانیان لەبەردەمیان باس کردوون، کە قەت نابێ ئەو کارە بکرێت، لەلایەکی دیکەشەوە هەر زوو هەرچی منداڵانی دێ هەیە، هەر هەموویان و هەر کە سەریان لە هێڵکە جوقا، قازەوانی، چوونە بەر بەرخ و کاریان تادەگاتە ئەوەی کچی دە ساڵە گاوانەتی پێ بکرێت!؟ بزانە ئەوە چ ژینگەیەکی سەقەتە بۆ ئەو پەروەردەکردنێکی ڕاست

و ڕەوان و ساخلّەم!! ئەوە یەك لەو هۆیانەیە كە تاكی كورد بەردەوام هەست بكات باری سەرشانی قورسە.. ماندووە، كەشەنگی، تەنگی پێهەڵدەچنێت، ئەو جۆرە ژینگەیە نموونەی كوێخا وسێنی گورگ و مچەی قاتڵی ڕۆحی خۆی لێ بەرهەم دێت.

ئەمن ناتوانم ڕێگە بۆ نووسەر ڕەنگڕێژ بكەم و پێی بڵێم وا بكە و وامەكە، بەڵام وەكو خوێنەرێكیش مافی ئەوەم هەیە بڵێم: خۆزگە هەر بەوەندە وازی لێنەدەهێنا (بەیانی هەركە گەیشتمە مەزرایە، خۆم گەیاندە مچە و تێروپڕ و گۆشتمان خوارد، بۆیە وا دەڵێم چونكە مادام چیرۆك و گێڕانەوەكەشی هەر ڕیالیستی و كەش و هەوای گێڕانەكەشی هەریەك لە دوای یەك (پێ بەپێ) ئێ باشە كاكی نووسەر، تۆ دێی بە جوانی دیمەنی هەڵكڕوزاندنی باڵە قازمان نیشان دەدەی و ناخی خوێنەری پێ دەهەژێنیت، كەوا چۆن و لە حەسرەتی برسیەتی چ دەكا و چۆنیش مرۆڤ سامگرتوو دەكا، بەڵام بۆ كاتی گوشت خواردنەكە زۆر بەكورتی دەبڕێتەوە؟

ئەمن پێموابوو چۆن دیمەنی هەڵكڕوزاندنەكە ناخ هەژێن بوو، دەیتوانی شێوازی گۆشت خوارنەكە و تامەزرۆیی و گاز گرتنی لە پتكە گۆشت و مڵچەمڵچی یان تامخۆشكردنی دەمی و...هتد، بۆ خوێنەر بەیان بكات، تاوەكو لەوێوە حاڵی تاسەر ئێسقان پەرێشانی برسیەك نیشان بدات. دەیتوانی بە وێناكردنی ئەو بەشە گرنگە نەنووسراوەیە زیاتر حاڵی شپرزەی برسیان و ڕەخنەش لە سیستەمی بەڕێوەچوونی ئەوكات بگرێت، كە لە سایەیدا چلۆن ژیانێك هەیە و بەرگەگرتنی بە تەنیا خوێندنەوەی گەلێك زەحمەتە، چ جای بگاتە ئەوەی بەراستی تێدا بژیت!؟

ئەمن پێموایە نووسەر لەو خاڵەیدا كورتی هێناوە، هەلێكی زێڕینی و بە نرخی لە دەست خۆی و خوێنەر لەدەستداوە، كە دەكرا بەیانكردنی باشتر لەو سیستەمە و ڕژێمی ئەو كاتەی دابایەوە و وردتریش حاڵە كۆمەڵایەتییەكەی وا لە هەناویدا، كەسێك نا..بەڵكو هەزارانی وا هەن و تێیدا پەرێشانن، تاوەكو ئەو كۆمەڵگەیە و هەمیش سەردەمەكەشی بەگشتی باشتر بكوتابایەوە. كە ئەمەش بە ناڕاستەوخۆ دەبوو قیژو هاوارێكی زۆر دڵێرانەتر، لە هەمبەر ئەو ژیانە كولەمەرگیانەی ئەو هەزاران كەسەی لە شێوەی مچە بوون و تێیدا دەژیان.

بەڕای من هۆكاری ئەو كیمیایەسەیە بەتەنێ بۆ دوو شت دەگەڕێتەوە. یەكەم پێموابێ ئەگەر نووسەر بەخۆی گۆشتەكەی دەرخواردی مچە نەدابوایە، ڕەنگە باشتر بیتوانیبایە

باسی بکات و ناواخنی بەسەرهاتەکەشی دەوڵەمەندتر بکردبایە،(دیارە دەڵێم رەنگە و هیچ مەرجیش نیە سەد دەر سەد، ئەو بۆچوونەی من بەراست بگەڕابوایە؟)

پێشموایە کاکی نووسەر هێشتا لە ژێر ئەو یاسا کۆمەڵایەتییە نەنووسراوە دواکەوتووانەی هەن دابێ بەتەواوەتی لێیان دەرباز نەبووە، کەناڕاستەوخۆ لەسەر نووسینی وا رەنگی داوەتەوە؟

چونکە لەو ناچەیەی مەدا ئەگەر کابرایەك شتێکی چاکی کرد بەخۆی باسی کرد، ئەوا زۆر بە خراپ بەسەریدا دەشکێتەوە و پێی شەرمەزار دەبێت، لەبری ئەوەی دەستخۆشانەی لێ بکرێت ئەوجا با نیازیشی باش وپاك بێت، ئەوە هیچ دادی نادات، بۆیە ئەو یاسا نەنووسراوە کۆمەڵایەتییە، ئاراستەی نووسەری کردووە و توانای بەسەر قەڵەمەکەی دا هەبوو.

دووەم: وا هەست دەکەم کەم ئەزموونی نووسەر لەو خاڵەدا بە دیار دەکەوێت، چونکە وەکو گوتم دەکرا دیمەنێکی زۆر کاریگەر و رەنگە دایەلۆگێکی زۆر پڕ مانا و کاریگەرتیشی تێدا بەرهەم بهاتبایە، بەڵام کە نەکراوە، تازە چ ناکرێت، تەنیا پەنجە لەسەر دانان و سەرنج دەربڕین، بەڵکوو ئەوە خوایە، چ بۆخودی نووسەر لەبەرهەمێکی دیکەدا، یان بۆ خوێنەر سوودی هەبێت و بتوانرێت لە ژێر رۆشناییدا، وێنەی کاریگەری دیکەی لە داهاتوودا لێ بەرهەم بهێنرێت.

خاڵکێی دیکەی نووسەریشی کە گرنگە لەسەری باز نەدەم و باسی بکەم، ئەوەیە: نووسەر بابەتێکی زۆر گرنگی دەسنیشان کردووە و لێی دواوە، کە ئەوەی بە چاکە و دڵسۆزی بۆ ئەژمار دەکرێت، بەڵام هەر لە هەناوی ئەوەیشدا تێبنییەکی لە جێشی دێتە سەر، ئەویش ئەوەیە: دەکرا نووسەر ئەوەندە پشووسوار و بە پەلەیانە، هەرچی دەیخوێنێتەوە بەشێوەیەك لە شێوەکان وا هەست دەکات شتێك ماوە بگوترێت و نەگوتراوە؟ دەکرا هەر مەبەستی سەرەکی ترسی ونبوونی ئەو بەسەرهاتە نەبوایە، چونکە ئەو بەسەرهاتە و لە زۆر لایەنەوە ئەوەندە دەهێنێ لێی بدوێت. هەر بۆنموونە:

١- لایەنی دەروونی.

٢- لایەنی کۆمەڵایەتی.

٣- لایەنی سیاسی.

٤ -لایەنی پەروەردەیی.

٥- لایەنی لێدوان لە (ئەوی دیکە)ی جیاواز لە (ئێمە) یان لە (من).

٦- لایەنی زمانەوانی و..هتد.

کە ئەوانە دەست نیشان دەکەم، مانای ئەوە نییە بەشێوەیەکی ئەبستراکتو بێ پێچو پەنا باسی بکەی؟ نا مەبەستم ئەوەیە کە دەکرا بە پشوو درێژیو بە شێوەیەکی ئەدەبیانە، زۆر لایەنی دیکە تێدا رەنگرێژ بکرایە، کەئەمەش بابەتەکەی دەوڵەمەندتر دەکرد.

بۆخۆم زۆرم بڕوا بەم قسەیەی دکتۆر سەبیح ئەلجابر هەیە کە دەڵێت (ئەدەب پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کەوا لە راستیدا ئەدەب رەنگدانەوەی پرۆسەی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو پوختەو کورتکراوە و کرۆکی مێژووە).

بۆیە ئەمنیش پێموایە لە پاڵ ئەوەی کە دەقێك دەنووسرێت و لەخانەی ئەدەبدا پۆلێن دەکرێت، ئەوا بەشێوەیەك لە شێوەکانیش هەم مێژوو دەنووسرێتەوە، هەمیش باس لە کەلتور دەکات و پاشانیش دەوڵەمەندی دەکات. لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە بڵێم کە بەراستی نووسینەوەی ئەو بەسەرهاتە زۆر گرنگتر بوو لەوەی نووسەر فەرامۆشی بکردبا، ئەوەش وەکو هەزاران بەسەرهاتی دیکەی بەدبەختی و ماڵوێرانی و پڕ حەسرەت و رۆندك و ..هتد، کەکورد بەسەری هاتووە وپاشانیش بزر بووە!؟

ئەوبەسەرهاتە تراژیدیایەکە و روویداوە، نووسینەوەی ئەو کارەساتە و بڵاوکردنەوەی هەوڵێکە هاوارێکە، دەیەوێت نەمرێت، دەشیەوێت پێمان بڵێت با جارێکی دیکە کارەساتی دیکەی لەوجۆرە دووبارە نەبێتەوە، کە ئەمن و ئێوەی خۆێنەریش هیوا دەخوازین دووبارە نەبێتەوە، کەسی دیکەی وەکو ئێمەش فرمێسکەکان هەڵنەوەرێنێت و هەناسەی سارد نەبێت، ئاخۆ دەبێت دووبارە و هەزارباره نەبێتەوە؟!

ئەوە بەتەنێ رۆژگار دەتوانێ وەڵامی بداتەوە.

# هەڵبژاردەی
# کۆمێتەکان لەسەر
# مچەی کەچەی

# هەڵبژاردەی کۆمێنتەکان لەسەر

# "مچەی کەچەی"

**سولەیمان دڵسۆز:**

گرینگیی ئەو نووسینە لەوە دایە باش چۆتە نێو وردەکارییەکانەوە. لە گێڕانەوەدا ئەو وردەکارییانەن ڕوح وەبەر نووسراوەکە دەنێن. بە تایبەت گێڕانەوەی دەغدەغەی کەسایەتییەکان و دنیای زیهنییان ئەوەندە بە قەدر و قیمەتە کەمتر لە نووسراوەی گشتیوێژدا دەستت پێیان ڕادەگا. پێم وایە مەودای کەمی نێوان زەمانی ڕووداوەکان و کاتی نووسینەوەیان لە لایەک و زەوقی ئەدیبانەی نووسەر لە لایەکی دیکەوە بوونەتە هۆی خوڵقانی ئەو بابەتە سادە بەڵام تا بڵێی دڵگیر و هونەرییە. ئەوە بێجگە لە بەکارهێنانی هێندێک دەستەواژە و وشەی خۆماڵی کە پێشتر لە هیچ نووسراوەیەکدا بەر چاوم نەکەوتوون.

*****

**فەرشید ڕۆژهەڵات:**

قەت تاقەتی خوێندنەوەی بابەتی دوور و درێژم نیە، بەڵام ئەوە هێندە سادە و ڕەوان نووسراوە بە کەڵەگایی هەتا ئاخریێ ڕاتدەکێشێ. دەستخۆش و بەهیوای بەردەوامی.

*****

**جەلال جەماڵی:**

چ ژانەسەرێکت بۆ دروست کردین، ئێستا ئەوەندەی خەمی مچەی وسێنە کەچەمە، ئەوەندە خەمی کرۆنام نیە!

*****

**سۆران پیرۆتەسوور:**

... کورد نەبای و بەکوردی نەتنووسیبا ئەو داستانەی تۆ کتێبێکی لە ئاستی زۆر سەردا دەبوو! زۆر جوان دەنووسی!

**برایم جەهانگیری:**

جوانە، زۆر جوانە. باوەڕ بکە لە ناو هەموو ڕووداوکاندا دەهاتم و دەچووم، بەڵام زۆرم دڵ بە بابی مچە سووتا. دەبێ چ خەمێک و چ نیگەرانییەک وای لێکردبێ وەک نیسێ بە دووی مچەی کوڕی دا بکشێ.

*****

**محەممەد فەتاحی:**

باوڕ بفەرموو جاربەجار سەرنجڕاکێشتر دەبێ. وابزانم بۆخۆت وەک خوێنەرانت چێژ لەم بەسەرهاتە وەرناگری.

*****

**ناسر فەتحی :**

بەشی یەک تا چوار، لایەنی ڕەوایی و داستانیی زاڵ بوو و چێژبەخش بوو. بەڵام لە بەشی پێنج بۆ کۆتاییەکانی بەشی نۆ گێڕانەوەکە دەبێتە وتار و شیکاریی ڕووداوەکان و هێندێک جار گوتنەوەی قسەی زۆر جار بیستراو.

*****

**حوسێن بەخشی:**

ڕۆمانێک و ڕامانێک لە ڕاستەقینەکانی ژیانی بەشێک لە کۆمەڵگای کوردستان. دەستخۆش

*****

**سەیران بایزید حوسێنی:**

دوو جارم خوێندەوە. هەنیسکی گریانم قووت دەداوە. بەڵام فرمێسکە گەرمەکانم دەهاتنە خوارێ. کاک قادر! نمونەی وەفاداری و دڵپاکی. نموونەت زۆر بێت و من دەبێ لێت فێر بم کە چەند خۆڕاگرانە و بە ڕازداری و بە ئەمانەتەوە (ئەو) بەسەرهاتە تاڵەت گێڕاوەتەوە. ڕوحی کاک مستەفای دڵپاک و ڕەوانپاک بە بەهەشتی بەرین شاد بێت و عومری درێژی بە سڵامەتی و دڵخۆشی بۆ ئێوە بەجێ هێشتبێت. سپاس بۆ کات تەرخان کردن و بێ بەش نەکردنی ئیمەش لەو بەسەرهاتە تاڵە.

*****

**کوێستان فتوحی:**

نووسینەکانی «م. ڕەوانپاک»م زۆر دەدیت لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا. ئەو کات نەمدەزانی «وریا» بۆ ئەو ناوە بۆ نووسینەکانی هەڵدەبژێرێ. وریا گیان! تۆش هەڤاڵێکی وەفادارو ڕەوانپاکی بۆ هەڤاڵانت. روحی شاد. داخۆ مەنیج ماوە؟

*****

**کەریم ئاقایی:**

بە راستی کارەساتێکی دڵتەزێن وبە سەرهاتێکی ناخۆش بۆ مستەفا ڕوانپاک بووە. کاک قادرگیان! دەو بەسەرهاتە دا زۆر باس لە ئەخلاق و خووی خراپی مام وسێن کراوە کە بێ‌شک لەوەی جەنابت نووسیوتە خرابتر بووە، بەڵام من و تۆ خەڵکی دێهاتین. باش دەزانین چ شتێک بۆتە هۆی خراب بوونی. لە دێیەکی وەک چەشمەگۆڵێ تاقە کەسێک قەرە بێت‌و داهاتی میرِاوانە وەرگرتن بێت، چاکە هەر شێتتریش نەبووە. بە داخەوە وختێک خەڵکی دی بە تیگڕایی دەچنە نێو زەوی و زاری خۆیان، کاتیک هەموو درۆینە دەکەن، کڵۆش دەکیشنەوە، گیرِە دادەبەستن، هەرەوەز و دەستەوایە دەکەن، مام وسێن دڵی بۆ خۆی و بنەماڵەو تاقانەکەشی ڕەش بووە. باوڕم پێ بکە لەو بەسەرهاتە زۆرتر بۆ مام وسێنی گریاوم تاکو مستەفای. ئەوەی بە چاوی خۆی ئەو جۆرە ماڵانەی لە دێهاتەکان نەدیبێت، نازانێ مام وسین چۆن شەو و ڕۆژەکانی تەمەنی بە دڵێکی پڕلە ئیش و ئازار گوزەراندوە. دیسان دەستت بۆ ئەمەگناسیی کەم وێنەت خۆش بێت و هیوام هەیە بەسەرهاتی خۆشی دۆستانت بخۆێنمەوە.

*****

**خەیاڵ فتوحی:**

بەبانگ و سەڵا بۆی گریام.

*****

**عومەر ئەحمەدی:**

هەر چەند دەمزانی کە مچە نەماوە، بەڵام کە ئەو بەشەم خوێندەوە پێم وابوو مستەفا ئێستا بەم کارەساتە فەوتی کردوە، تاقەتم نەگرت و بەهاتنەخواری چەند فرمێسک لەچاوەکانم و هەڵکێشانی ئاخ و حەسرەت، بیرم لەو دایک و باوکانە دەکردەوە

بۆ دەبێ هێندە فشار بۆ جگەرگۆشەکانیان بێنن کە جگە لە خۆکوشتن شتێکیتر شک نەبەن بۆ ڕزگار بوون لە دەستیان؟ لە کۆتایی دا دیسان دەستی کاک قادرخۆش بێت، بەڕاستی بە مچە وەفادار بووە.

*****

**ئارێس زارعی:**

ئەگەر هەر «ڕەوانپاک»ێک، «وریا»یەکی دڵسۆزی هەبا، هەژاریی هەموو جۆرە کە بەسەر خانەدانی مام وسێندا سەیتەرەی کردوە و ئێستاش هەروا بە قەوەتی خۆی لە شێوازی نوێتردا تەنگی بە میلیونان خەڵکی ئەو کوردستانە هەڵچنیوە، شکم نیە دوای ئەو ٣٧ ساڵە ئەمڕۆکە وەک کۆمەڵگەی سکاندیناوی لە کزترین حاڵەتدا دەبوو.

بەڵام...

*****

**شاناز پیرۆتی:**

روحی شاد بێ، بەراستی جارێک خوێندمەوە لەبەر گریان چاک لێی حاڵی نەبووم و جارێکی دیکەش خوێندمەوە.

*****

**شلێر مەحموودی:**

بەشێوەیەک نووسیوتە کاتێک دەمخوێندەوە هەستم دەکرد هاوڵی ئێوەم، لەهەندێ شوێن قاقا پێدەکەنیم و لەهەندێ شوێن دڵم پڕەبوو بۆ مستەفا. ئەو جۆرە ژیانە بەدڵنیایەوە ژیانی زۆربەی هاوتەمەنەکانی وەکوو ئێوەیە. لەکۆتایدا زۆر گریام بۆ مستەفا و زۆریشی بۆ نارەحەت بووم. ... زۆریش بە زمانێکی پاراو نووسیوتە، بمێنی بۆمان و ئاوات و ئارەزوەکانت وەدی بێن.

*****

**حەلیمە ئیسماعیلی:**

... ڕوح و ڕەوانی مستەفای رەوانپاک شاد. من زۆر بەو نووسینانە ئاشنام، بە ئیحساس و بیرەوەریشی نازانم. ئەو نووسین و دەربڕینە هەستێکی راستەقینە و وەفایەکی راستەقینەیە کە کاک قادری پێ گۆش کراوە، ئەوە نە شوعارە نە پێهەڵگوتن. بەدڵنیایەوە ئەوەی لە نیزیکەوە

بەڕێزت بناسێ نووسین و ناخی بەڕێزتی بۆ ئاشنایەو بەکردەوە بینیویەتی. هیوادارم ساغ و سڵامەت بی، ڕۆژێ بێت هەژارەکانیش هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵکێشن وکەسیش پەنا نەباتە بەر خۆکوشتن.

*****

**هانا وریا:**

من ئەمشەو هەموو بەشەکانم پێکەوە خوێندەوە، دەتوانێت فیلمێکی جوانی لێ دروست بکرێت. دەست خۆش بابە گیان!

بەڕاستی کۆتاییەکی تاڵیشی هەبوو و تێر بۆی گریام. هیوادارم لانیکەم ئێستا ڕۆحی ئەو لاوە ئارام بێت.

*****

**ئاسۆ خەبات :**

مچە کەچەی زۆرمانین! لە گەڵ زۆر بەشی ئەو بە سەرهاتە کەوتم و هەستامەوە! برسیم بۆوە، پێکەنیم و گریامەوە! گەرمایی زۆر چنگە تفانم بە ڕوودا هاتنەوە! جێی زۆرێک لە لێدانەکانم کولانەوە. ڕێک هێندەی مستەفای خەمی کوێخا وسێنم بوو! کوێخاش هەر لێیانداوە و مستەفاش ئەگەر خۆی نەکوشتبایە و هەژاری بەرۆکی بەرنەدایە، دەبۆوە کوێخا وسێن! ئەوە تۆماری تفت و تاڵی هەژاری و حاملاندنی سەقەتی منداڵانی وڵاتێکە و لە کوێ نان نەبوو، ژان هەیە! لێدانەوەی شریتی ژیانی چوومان، دیتنەوەی دەیان ئازارە بەس! شتێک کە هەمیشە دەیڵێم: قەت خۆزگە ناخوازم منداڵ وەبم و ئەو ژیانە بژیمەوە!

دەست و پێنووست خۆش بن کاک قادری بەڕێز، زۆر جوان و بەپێز و بەهەست بوو... هیوامە نیشتیمانمان پڕ لە مستەفا بێ، بەڵام بە چارەنووسێکی ترەوە!

*****

**محەمەد شێخە:**

ئەمن چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەشی یەکەمم خوێندەوە، ئەوڕۆدوو بارە چوومەوە سەربەسەرهاتەکە، نەمتوانی وازی لێ بێنم، هەتاکوتایی خوێندمەوە، بەڵام ئەو دوو بەشەی کوتاییم زۆر بە نەقەنەق خوێندوە، چونکە هەر دێرێکم دەخوێندەوە و چەند

چرکەیەک دەگریام . پێم خۆش نەبوو زوو تەواوی کەم، چونکە پێم خۆش بوو زۆرتربگریم بۆ ئەو هەموو نەهامەتیانەی بەسەر ئێمەی کوردو هەزارانی وەک کاک مستەفای هەمیشە زیندوودا هاتوونە. لەکۆتایی ئەو چیرۆکە تاڵ و شیرینەدا ئاخری خێزانم و منداڵەکانم بەسەرم داهاتن و کوتیان ئەوە بۆ دەگری؟ مجبور موختەسەرێکم بۆ گێڕانەوە، دووبارە دەگەڵەوان شینێکی دیکەمان گێڕا.

*****

**حەلیمە محەمەد:**

هەر ١٢ بەشم ئەمشەو بەیەکەوە خوێندەوە، پڕ بەدڵ بۆی گریام. روحی کاک مستەفای شاد بێت، دڵنیام کە کوێخا وسێنیش پاش لەدەستدانی مستەفای کوڕی هەتا مردن خۆی نەبەخشیوە، بەڵام کوێخا وسێنیش زۆر گوناح بووە.......

*****

**مامۆستا عومەر:**

هەر دوازدە بەشەکەیم خوێندەوە، لە کاتی خوێندنەوەی بەشەکانی سەرەتایدا وام بە خەیاڵدا هات شتێکی لەسەر بنووسم، بەڵام کاتێک پێ بە پێ لەگەڵ دیمەنە تراژیدی و کارەساتبارەکانی چیرۆکەکەدا ڕۆیشتم، تێگەیشتم کە قسەکردن لەسەر ئەم چیرۆکە لە توانای مندا نیە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی هەمە لایەن هەیە، لەڕووی تەکنیکی گێڕانەوەو باری سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و تەنانەت جوگرافیشەوە.

بۆیە ئەمە هۆکارێکە کە پێویستە بێدەنگی هەڵبژێرم و هۆکارێکی تر ئەوەیە کە من هەرچی لەسەر بنووسم و باری سەرنجم هەرچی بێت لەو نوسینەی خاتو سوهەیلای تێناپەڕم.

چیرۆکەکە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیەو بەشێکە لە بیرەوەریەکانی نووسەرو بە چەند بەشێک تۆمار کراون کە هەربەشێکیان بە ئەندازەی ڕۆمانێک کەرەستەو تەکنیکی تێدا بەکارهاتووە و دەکرێت کارگەردانێکی بە توانا باشترین فیلمی لێ بەرهەم بێنێت.

*****

**مستەفا مەعرووفی:**

ئەم بەرهەمە وێنە کێشانێکی راستیی کۆمەڵگای کوردییە لە گۆشە جیاجیاکانەوە. لەو بەشەدا کە کوێخا وسێن لە دەرەوە و بەرچاوی خەڵکەوە مستەفای وەبەر جنێوان دەدا و لێی

دەدا، راستییەکی کۆمەڵگای ئێمەیە کە شتێك بە ناوی «حەریمی شەخسی» نیە تا کابرا کێشە بنەماڵەییەکانی لە ژووری خۆی دا و تەنانەت بە دوور لە چاوی منداڵەکانی حەل بکا. وەك شانۆی دەیباتەوە دەر و بە خەڵکی نیشان دەدا. ئەوەش کێشەکان زۆر گەورەتر و ئاڵۆزتر دەکا.

*****

**عوسمان نۆباری:**

بەسەرهاتی مچەی وسێنە کەچەی هەر چەند زۆر دڵتەزێنە ، بەڵام بەو حاڵەش هەتا دێ لەلام پڕ ناوەرۆکتر و شیرینتر دەبێ .

*****

**کۆژان ئەحمەدپوور:**

هەر لە دەستپێکەوە من (لەوە) دەترسام کە لە کۆتاییدا ئەو کورە دەمرێ، هەر واش بوو بەداخەوە. بەلام چیرۆکی لەو شێوەیە لە وڵاتی ئیمە یەکجار زۆرن. ئەوش بە هۆی فەقری فەرهەنگی و فەقیری و هەژاری نازانن چون خۆیان بژێنن. لەبەر بیرکردنەوی زور لەو فەقیری و هەژارییە تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبن. زورکەسیش پێیان وایە کە (دەبێ) بە شێوەی توندوتیژ لەگەل منداڵەکانیان هەلسوکەوت بکەن (گوایە) ئەوە تەربیەتە! بەداخەوە زورکەسیش هەیە لەبەر فەقیریی خۆیان هیچ ریگەیەکیان نیە، بە ناچار رِق و تووڕییەکەی بە منداڵەکانی خۆی دەردەبرێت جا خەلکی ئێمەش کە خوێندەوار بان، لانیکەم هیندێک بەسەرهاتی وەک مچەیان دەخوێندەوە و ئەزموونیان لێ وەردەگرت.

*****

**حوسێن ڕەحمانی:**

لە کۆمەڵگای ئێمەدا بابەتی ئاوا یەجگار زۆرن، بەڵام نووسەرێک و ئەدیبێکی وەک بەڕێز وریای ئەوێت ئاوا کوردانە و خەڵکیانە و پاراو بینووسێ و پێشکەش بە خوێنەرانی بکات.

*****

**شلێر باپیری:**

هەر لەسەرەتاوە بە خەمەوە دەستی پێکرد. مرۆڤێک لەگەڵ خەم لەدایک بوو، لەگەڵ خەم گەورە بوو و بە کۆڵێک خەمیشەوە سەری نایەوە.

چیرۆکێکی ڕاستەقینە کە ڕەنگبێ لەگەڵ نووسینی ئەو وشانەم هێشتاش زۆرێک بن کە ئەزمونی دۆخی وا تاڵ بکەن.

بەڵام مچەی کەچەی ڕاستە نەماوە، وەلی تۆ بۆ هەمیشە بە نەمری هێشتتەوە. خەمەکەی تەنێ بۆ خۆی نەبوو و ئەوەتا ئێستاش دانە بە دانەی ئێمە هاوخەمین و دانە بەدانەی ئێمەش دوای ٣٧ ساڵ بە گریانەوە جارێکی دیکە تا سەرقەبران دەڕۆین. سپاس کاک قادر بۆ زمانی جوانی کوردی نووسینەوەت کە وشەی نوێی بۆ من زۆر تێدابوو.

لە بەشی هەژارییەکەیدا ئەزموونێکمان کەمتر لە ئەو نیە، بەداخەوە بەتایبەت لە بەشی گۆشت خواردنەکە. ئەودەمەی ژیاوە و ئەوە نووسراوەتەوە لەدایک نەبووم، بەڵام نووسینی جوانت وایکرد هەست بکەم لە «چەشمەگوڵ» تا «بارەخیز»و تا نێو شنۆش هاتووم. میللەتێکین ژان بووەتە بەشێک لە پێناسەمان.

*****

**مستەفا مەعرووفی:**

ئەم بەرهەمەی کاك قادری وێنە کێشانێکی راستیی کۆمەڵگای کوردییە لە گۆشە جیاجیاکانەوە. لەو بەشەدا کە کوێخا وسێن لە دەرەوە و بەرچاوی خەڵکەوە مستەفای وەبەر جنێوان دەدا و لێی دەدا، راستییەکی کۆمەڵگای ئێمەیە کە شتێك بە ناوی «حەریمی شەخسی» نیە تا کابرا کێشە بنەماڵەییەکانی لە ژووری خۆی دا و تەنانەت بە دوور لە چاوی منداڵەکانی حەل بکا. وەك شانۆی دەیباتەوە دەر و بە خەڵکیی نیشان دەدا. ئەوەش کێشەکان زۆر گەورەتر و ئاڵۆزتر دەکا.

*****

**شەفیع ڕەوەز:**

دەبێ بڵێم ڕازی هەرە گەورەی سەرکەوتوویی ئەو نووسراوە لە دڵەوە بۆ دڵە. هەرشتێک لە دڵەوە بێ بێگومان لە سەر دڵیش دەنیشێ. تەنیا تێبینییەک کە لەسەر ئەو دەقەی کاک

قادری بەڕێز هەمە ئەوەیە کە سێ بەشی کۆتایی نووسراوەکە دەگەڵ ئەویدی یەک نیە، نە لە ڕووی زمانەوە، نە لە ڕووی هەست و ئێحساسەوە. ڕەنگە زەمانی نووسینیشیان یەک نەبێ. جارێکی دی دەست و قەڵەمی هەردووکتان خۆش بێ.

*****

**سەید خدر میرسەیدی:**

به ڕاستی بەسەرهاتێکی تراژیدی و خەماوی بوو، باوەڕکە خودی گێڕاونەوەکە ئاوێنەی ژیانی بەشێکی هەرە زۆری ئێمەیە، بەتایبەت ئەوکەسانەی لەگەڵ سروشت و ژیانی دێ گەورە بوونە و بە پێی کلتور و نەریتەکانی ئەودەم گۆش دراون و پێگەیشتوونە. لە لایەکی دیکەوە زمانی نووسینەکە بە ڕاستی جوان و کەم وێنەیە. هەر وەها ڕەوانبێژی لە گێڕانەوە و نووسیندا ئەو بەسەرهاتەی گەیاندۆتە چڵە پۆپە. بەڵام لە دوو شوێنان توشی ستۆپ و ڕامانێکی قووڵ بووم: یەکیان ئەوکات کە کوێخا وسین بە گژ مچەدا دێتەوە و زۆر بەسووکی لەبەرچاوی حازریان تێکی دەشکێنێ، ئەویتریش ئەوکاتە کە بڕیاری خۆکوشتن دەدا و چۆتە سەر چۆمی و رابردوو وەرد دەداتەوە و دەرگاکانیتر بەداخراوی دەبینێ وتەنیا ئەم دەرگایە بە والا دەبینێ کە دەرگای خۆکوشتنە!

*****

**سولەیمان دڵسۆز:**

(وەک کۆمێنت بۆ نووسینەکەی سەنگەر شنۆیی نووسراوە): من لە جوابی موحیببەتی دۆستاندا ویستم بڵێم ئەو دەقەی کاک قادر زۆر لەوە پتر هەڵدەگرێ کە قسەم لەسەر کردووە. فەرموو ئەوەتا ئەو خوێندنەوە جوانە ئەو ڕاستییەی سەلماند. ئەلهەق ئەو جۆرەی تۆ بە ناخیدا شۆڕ بوویەوە ئەمن ڕێم وێ نەبردبوو. زۆر وردەکاریی وات تێدا دۆزیونەوە کە من فکرم بۆ نەچووبوون. بۆ وێنە: دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان پەڕەقاز برژاندن و کەباب خواردنەکەدا و گرێدانەوەی بە ڕووداوی سەرەکی واتە خۆکوشتنی مستەفا کارێکە کارستان. دڵنیام خوێنەرانی زۆری دیکەش وەک من بە نووسینەکانت سەرسامن و چاوەڕێی کاری پترت لێدەکەن.

*****

**ئەبووبەکر لاوچاک:**

لە ڕاستیدا ژیان و گوزەرانی هەژارانەی مچەی کەچەی و بنەماڵەکەی و گێڕانەوە و بەدواداچوونی نووسەری «مچەی کەچەی» وای کردووە هەر بابەت و نووسراوێك لەم بوارەدا بڵاو بێتەوە پیاو ناتوانێ لە کیسی بدات و بێ ئاوڕدانەوە بەسەریدا تێپەڕێ.

*****



حامیدخان ڕەشیدی زەرزا

چێڕۆکی «مچە» شاکار بوو
چەند زوڵمیی پێوە دیاربوو
ئۆف و ئاخ وحەسڕەت لەوێ
ماری جینگڵدەربوون شەوێ
دەردە «مچە» یەکجار زۆرن
خەماوین، سەرجەم ناسۆرن
چەند ناوی بنێین سەربردە
دەبینیین هەردەردە کوردە
کە کۆیلەتی بوو بە کردار
دەستە چیلەی گڕە، هەژار
لە سەرئەو داخە گەورەیە
خائین هەردەم بەسەولەیە
تا کوو لە خۆمانە هۆرە
چاوساغیشمان چاوی کۆرە
ئاخێرەکەی پۆلووی گڕ بوو
بۆخوێنەری جەرگ بڕبوو

**حامید رەشیدی زەرزا**

٢٠٢٠/٥/٥ی زایینی.

*****



## سالار عەبدولڕەحمان:

### هەناسەم ناڵێم تەنگ بووە، وەلێ هەست دەکەم بۆسۆی گرتووە

بەسەریەکەوە بابەتەکە دەخوێنمەوە، لە دنیا دابڕاوم، کە تەواوی دەکەم، پێش هەموو شتێک چاویلکەکەم دادەنێمە لایەک، بەهەردوو دەست فرمێسکی چاوەکانم دەسڕم، هەناسەم ناڵێم تەنگ بووە، وەلێ هەست دەکەم بۆسۆی گرتووە!

کەدانیشتم و دەستم بەخوێندنەوەی کرد، دەبوایە زۆر خۆم مەحتەل نەکەم، کێشەی گورچیلەم هەیە، بەڵام خۆم لەبیر کرد، میزڵدانم فشارم لەبۆ دێنێ، کەچی ئەمن هەروا داماوم ولەجێی خۆم چەقیوم! وا لە وێنەی کوێخا وسێنی مەڕۆکە، ناوەڵلا فیسقە گولۆکە ڕادەمێنم، ئەوەی هیچی لەدەست نایێ و تەنیا بەفەرخەی خۆی دەوێرێ، لەوێوەشەوە دەچمەوە سەر وێنەی گەنجێکی ڕەوانپاک، ئەوە چەندەمین جارە دێمەوە سەر تەماشا کردنەوەی! هەرلەخوڕا بیرم لەبۆ ئەوە دەچێت، چەندی تەماشای دەکەم، نا نەخێر.. هەرگیز ڕێی تێ ناچێ ئەو مرۆڤە جوانچاکە قاتڵ بێ، هی کێ ؟ قابزی رووحی خۆی !؟

دەچمەوە سەر وێنەی مەڕۆکە، ددانم لێی جیڕ دەکەمەوە، زیاتری لێ ورد دەبمەوە، نا ئەوجارە زگم پێی دەسووتێ، بەڵام ئەوجارە تف بۆ ژێردەستەیی خۆمان ڕەوانە دەکەم، دەڵێم ئەگەر ژێردەستە نەباین، ئەوجۆرە مرۆیە لەمێژ دەبوو دواییان بڕابۆوە.

ئێستا حەسرەتەکانم لەداخی لەدەست چوونی گەنجێکی وەها ڕەوانپاک، باز دەدا و دەچمە لای نەوبووکێکی ناکام، چاوم دادەخەم نەوەک شتێک ببینم ، شەرم دامدەگرێت، چونکە دەزانم ئەو نەوبووکە چلۆن یەخە و بەرۆکی خۆی لەحەژمەتی سوار چاکی ژیانی

دادڕیوە، بەدەست خۆم نیە، دەمەوێ بزانم ئەو کچە بێ پشت وپەنایانە چۆن وەک یی نێو ئاو لەرزیوون و پەشۆکاون، لەپڕ بێ برایی گەرووی هومێدی لێگرتن؟ نا لەهەموویان بارگرانی تر.. پڕ ژانتر.. کارەساتاویتر حاڵی داکەکەیەتی. دەزانم چۆنە، دەزانم چی لێ هاتووەو دەنگی، رەنگی، چەپۆکاکانی بۆکوێ دەچن. ئاخ لەهەمووشیان حاڵ پەرێشانتر دڵی دایکەکەیەتی، چاک دەزانم چ شتێکی لە جیاتی خوێن دەفیچقاند، ئەمن دەیزانم.. ئێوەش دەیزانن، دەی بۆ ئەوانەی کە نایزانن چۆن بووە، با لە بۆتان باس بکەم چۆن بووە.

دەتوانم بڵێم ئەوە یەکەم جارمە، کە دەقێکی ئەدەبیم خوێندووەتەوە، بیرم لەوەی نەکردوەتەوە کە بە چ زمانێک نووسراوە و چ تەکنیکێکی تێدا بەکارهاتووە، بەڵکو تەنیا و تەنیا بیرم لە سەر هەنگاو بە هەنگاوی ڕووداوەکان بووە .

**قادر وریا (بۆ کۆمێنتی سالار عەبدوڵڕەحمان):**

ناتوانم باسی ئەو هەستە بکەم کە لە بەرەبەیانی دوای شەونخوونیەک بۆ ئامادەکردنی فەرهەنگۆکێک بۆ بەسەرهاتی «مچەی کەچەی»، لە گەڵ خوێندنەوەی ئەم کۆمێنتە تێم دا پێک دێ: حەسانەوە، ماتەمباری، خۆشحاڵی و ڕەزامەندی یا هەر هەموویان؟

سپاست دەکەم بۆ ئەو کاتەی بۆ خوێندنەوەی ئەم بەسەرهاتە تەرخانت کردوە، هەر وەها سپاس بۆ نووسینی کارتێکران و بیروڕای خۆت لە بارەی ئەم بەسەرهاتەی کە هەر خۆم دەزانم هەتا تەواوم کردوە چەندەم فرمێسک بە بەریەوە ڕشتوە. فرمێسک ڕشتنەکانی منیش سەرچاوەکەیان ئەو خەم و داخانە بووە کە بەرێزت هەستت پێ کردوون. سپاسی زۆر کە ئەو هەستەت پێ دام لە نووسینی «مچەی کەچەی» دا، ڕەنج بە خەسار نەبووم.

*****

**سالار عەبدولڕەحمان (بۆ کۆمێنتی قادر وریا):**

قوربان ..! نەک ڕەنج بە خەسار نەبووی، بەڵکوو ئەو نووسینەی تۆ، ئەوەی سەلماند، دەکرێ بەبێ ڕتووش و جوانکاریی ئەدەبی و نازانم چی و چیەوە، زمانێکی خاکی و ئەگەر ڕێم بدەی زمانێک، تەکنیکێک، لە ڕووکەشدا سادە و لەناوەرۆکدا قووڵ، هەندە قووووووووووڵ ڵ ڵ ڵ ڵ، کە برینەکەت دەگەیەنیە سەر ئێسک. کاک قادر! با شتێکت پێ بڵێم.. بۆخۆم، لە مێژە گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی، هەست دەربڕین و لێدوان لەسەر کارێکی باش و شایستە، کە ئەو کارە هەرچیەک بێت، دەبێتە واجبێک و نەکردنی کەمترخەمی دەگەیەنێت،

دیارە سەبارەت بە خۆم، دەتوانم بڵێم بەدیتنی کاری باش و بەتایبەتیش لەبواری ئەدەبدا، شاگەشکە دەبم!

بێ هیچ پێچ و پەنایەک مچەی کەچەی، زۆر زیاتر لە چیرۆکی چارەنووسی ئادەمیزادی میخایل شۆلۆخۆڤی سۆڤیەتی گریاندمی. لەهەموو خوێنەرانی ئەدەبیش ڕا دیارە، کە ئەو چیرۆکەی شۆلۆخۆف چەندە کاریکەر و پڕ هەستی مرۆڤانەیە. ئەمن زۆر بەتوندی و گەرمی دەستت دەکوشم و دەستخۆشانەت لێ دەکەم، هەرچەندە زۆر حەزم دەکرد ژیان نموونەیەکی وەهای تێدا نەبایە، چش لەوەی تۆ بینووسی و ئێمەش بیخوێنینەوە. بەڵام مادام ئەو جۆرە نموونانەمان هەیە، کە دڵنیام زۆری وەهاشمان هەیە !؟ دەڵێم کە هەمانە، یاخوا ئافەرین و سەد جاریش ئافەرین، بۆ وەفات.. بۆ تەڕدەستیت لەوەی نەهێڵی بەسەرهاتی ڕەوانپاکێک شوون بزر ببێت، هەروەکو ئەوەی زۆر بە سەرهاتی تراژیدی دیکەی وەها و زۆریش لەوەی کارەساتاوی تر، فەوتاوەو کەس هیچیان لەبارەوە نازانێت. بۆ؟ چونکە قادر وریایەک بە قەڵەمە جوانەکەی نەینەخشاندووە، یان کەسێکی بەوەفای وەکو قادر وریای هاوەڵ نەبووە. دیارە هەرئەمن نیم، ئەو دەستخۆشیەت لێ دەکەم، بەڵام لە وانەیە زۆرتر کاریگەریی لەسەرمن هەبووە و ئەمنیش ڕاستگۆیانە، چیم هەست پێکردووە ، دەرمبڕیوە .


دەتوانم زۆری دیکەی لەسەر بدوێم، بەڵام با ئەوەندە بەس بێت. وەک دەڵێن مشتێک نموونەی خەروارێکە. دووبارە دەستخۆشانەت لێدەکەم و دەڵێم.. هیچ چوارچێوەیەکی دیاریکراو نیە لە بۆ ئەوەی دەقی سەرکەوتووی پێ بناسرێتەوە، هەر وەکو ئەوەی هەرکەس بیچم وشێوازێکی تایبەتی ڕۆیشتن، قسەکردن پێکەنین، گریان، عەشق و..... هتدی، هەیە. هەر ئەوهاش شێوازی نووسینی هەیە. بۆیە دەڵێم دەستت خۆش بێت، زۆر سەرکەوتوو بوویت، لەوەی ئەو پەیامەی دەتویست بیگەیێنی، گەیاندت.. بەراستییش باشت گەیاند.

★★★

(Beserhat)

# MIÇEY KEÇEY

## Qadir Wirya


مەرگی مستەفا، تۆ خۆزگەی دیکە، کەمبوونەوەی ناوێک لە لیستی ناوی
میلیۆنان ئادەمیزادی سەر ڕووی زەوی بوو. بەتایبەت بۆ خوشکی
چکۆلەکەشی سەرنجەوەی بەرەبەرەی لەبیر و بیرەوەرییەکان بوو.
بەڵام لای من، دەستپێکی لەدایکبوونی بڕیارێکی بەردەوامی هەستنەوەی
ناوی وی، پاراستنی بیرەوەری، خۆزگە و ئاواتەکانی دنیای جوانی
گەورە هەژارێکی بە ڕاستی ڕەوانیاکە بوو.
ئێستا ساڵە ئەم ڕەوانیاکە بوون بە دووەم ناوی
خوازراوی سەر نووسینەکانی من. بەم جۆرە مستەفا ڕەوانیاک،
ئەگەر خودا هێشتا ئەو ڕۆژەی لە ژیان دام و تۆ نامەکەکانی
مستەفاکانی وڵاتم لە ژیانت وێنەگۆشان دام، دەژی.

